هیوا مەلاحەسەن

# بارزانیەکان لەکۆماری کوردستانەوە بۆ یەکێتي سۆڤێت

کوردستان–٢٠٢٢

ناوی کتێب: بارزانیەکان لەکۆماری کوردستانەوە بۆیەکێتی سۆڤێت .

نوسینی: هیوا مەلاحەسەن .

تایپ: نووسەر

هەڵەچن: ئەوین فایەق

نەخشەسازی بەرگ: ئیبراهیم ساڵەح

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم .

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا ـــ سلێمانی ٢٠٢٢

تیراژ : (٢٥٠) دانە .

نرخ: ٦٠٠٠ هەزار

لەبەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کتێبخانـەکان ژمـارە سـپاردنی ()ی سـاڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە

# پێڕست

سوپاس و پێزانین ............................ ٨
ڕونکردنەوە.......................................... ٩
خەبات لەپێناو نەتەوەیەك
خەبات لەڕێگای کوردستان ........................١٠
پێشەکی ..........................................١٤

**پێشینەیەکی مێژوویی**:

قازی محەمەد ...................................١٨
ڕەچەڵەکی بارزانیەکان ...........................٢٣
شێخ ئەحمەد بارزانی ............................٢٧
مستەفا بارزانی .................................٣٠

**بەشی یەکەم**

**چۆنێتي درووست بوونی کۆماری کوردستان .**

**تەوەرەی یەکەم**:

بارودۆخی کوردستانی ئێران پـێش درووست بـوونی کۆمـاری کوردسـتان ..........................................٣٧
بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ......................... ٦٣

**تەوەرەی دووەم**: هۆکار و شـێوازی هـاتنی بارزانیـەکان بـۆ نێـو دەسـەڵاتی کۆمار ......................................٦٨

## بەشی دووەم:

### تەوەرەی یەکەم

### دامەزراندنی کۆماری کوردستان:

هەڵکردنی ئالآی کوردستان ........................................٩٠

دامەرزاندنی کۆماری کوردستان ................................ ٩٣

پەیوەندی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان ................... ١١٣

### تەوەرەی دووەم

### پێگەو ڕێ و شوێنی بارزانیەکان لەنێو دەسەڵاتی کۆماردا:

بارزانیەکان ڕووبەڕووی کارەسات دەبنەوە.............................١٢٦

پێگەو ڕێ و شوێنیبارزانیەکان  لەکۆماردا .............................١٢٩

ڕۆڵی بارزانیەکان لەپاراستنی کۆماری کوردستاندا............ ١٣٥

### تەوەری سێیەم

پێگەی مستەفا بارزانی لەکۆماری کوردستان ......................... ١٣٨

شەڕی قاراوە ...........................................١٤٤

دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد ............................. ١٤٩

## بەشی سێ یەم

### تەوەری یەکەم:

کۆتایی کۆمار و کۆتایی کاری بارزانیەکان لەکۆماردا .................١٥٤

### تەوەرەی دووەم:

گفتوگۆی بارزانیەکان لەگەڵ ئەرتش و حکومەتی ئێران............. ١٧٧

بارودۆخی بارزانیەکان پاش ڕوخاندنی کۆمار ...........................١٨٦

**تەوەرەی سێ یەم**:

محاکەمەو لەسێدارەدانی قازی و هاوڕێکانی ........................... ١٩٧

**بەشی چوارەم**

**تەوەرەی یەکەم**:

کۆچی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ یەکێتی سۆڤێت ..................٢٠٧

**تەوەرەی دووەم** :

چارەنووسی بارزانیەکان لەیەکێتی سۆڤێت ..........................٢١٧
کۆتایی ...............................................٢٢٦
لیستی سەرچاوەکان ................................٢٢٩

## سوپاس و پێزانین

پاش سوپاس و ستایشی خوای باڵادەست کەتواناو هێزی جەستەیی و عـەقڵی پیێ بەخشیم بۆ نوسینی ئـەم بەرهەمە، هەروەها سوپاسـی ئـەو بەرێزانە دەکەم کە بە ووشەیەکیش یارمەتیان داوم لەبەچاپ گەیانـدنی ئەم کتێبەدا بەپێدانی زانیاری و تێبینی و سەرنجەکانیان .

## ڕونکردنەوە

### بەزمانی کوردی

| | |
|---|---|
| (س،پ) | سەرچاوەی پێشوو |
| (هـ، س) | هەمان سەرچاوە |
| (و) | وەرگێڕ |
| (ل) | لاپەڕە |
| (ژ) | ژمارە |
| (د) | دکتۆر |
| (ز) | زاینی |
| (ئا) | ئامادەکردن |
| (م) | مامۆستا |
| (چ١) | چاپی یەکەم |

**پێشەکی:**

**خەبات لەپێناوی نەتەوەیەك**

**خەبات لەڕێگای کوردستان**

**یـەکێك لەوێسـتگانەی مێـژووی کـورد و بەتایبـەت لـەقۆناغی مێـژووی**




**هاوچـەرخ، پەڕینەوەی(مسـتەفا بـارزانی نەمر) و هاوڕێیانی بوو لەڕووباری ئـاراس بـۆ یـەکێتی سـۆڤیێت. ئـەوەش دوای کۆچـێکی مێـژوویی لەشـاری(مەهاباد)ی پایتـەختی کۆمـاری کوردسـتانەوە بـۆ یـەکێتی سۆڤیێتی جـاران. ئـەو کۆچـەش کەوتـە دوای ڕووخـانی کۆمـاری کوردسـتان لـە(١٧ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٤٦ز) لەسەر دەستی ڕژێمـی بەهلـەوی ئێـران. بڕیـاری ئـەو کۆچـەش لەلایەن(مستەفا بارزانی)ەوە، کاتێك (پێشـەوا قـازی محەمـەد) سـەرۆك کۆماری کوردستان بڕیاری ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێراندا.**

**ئـەوەش ڕێگـای هاتنـەوەی هێزەکـانی دەوڵـەتیان بـەڕووی هێزەکـانی دەوڵەتدا خۆشکرد. ئەو بڕیارەش دوای ئـەوە هـات، کەپێشـەوا ڕاوێـژی بەگەورە بەرپرسـانی کۆمـار کـرد و بڕیـاری لەسـەر ڕووبەڕووبوونـەوەی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران درا. ئەو بڕیارە ڕاست بووبێت یان نە، وەڵامی خۆی هەیە و شوێنی ئێرە نیە، چونکە قسەی ئێمە لەسەر مێژووی دوای ئەو ڕووداوە تایبەتە بەچارەنووسی ئەو بارزانیانەی بەر لەساڵێك هاتنـە**

خۆرهەڵاتی کوردستان و پەیوەندیان بە کۆماری کوردستانەوە کرد، دوای ڕووخانی کۆماریش خۆرهەڵاتی کوردستانیان بەجێهێشت و دووچاری پەرتەوازەیی بوون. کۆمەڵێکیان بە ڕابەرایەتی(شێخ ئەحمەدی بارزان) خۆیان ڕادەستی ڕادەستی دەوڵەتی پادشایەتی عێراق کرد و گەڕانەوە، بەڵام لەبری ئەوەی بچنەوە زێدی خۆیان لەبارزان، بۆ باشوری عێراق دورخرانەوە. دیارە(شێخ ئەحمەدی بارزان) وەك خودانی بارزان، ئەو کارەی پێ باشتر بوو، تا ئایندەی خۆیی و زۆرینەی بارزانیەکان نەخاتە بەر چارەنوسێکی نادیار. هەرچی کۆمەڵی دووەمە بەسەرکردایەتی(مستەفا بارزانی نەمر) ڕێگایەکی تریان هەڵبژارد، ئەویش ڕۆیشتن بوو بەرەو ناوچە سنوریەکان، تا بەناوچەیەکی ئارام بگەن، ئەم کۆمەڵەش زۆرینەیان لەو بارزانیانە بوون، توانای کۆچێکی سەخت و نادیاریان هەبوو. دوای شەش مانگ ڕۆیشتن و ڕێگای دژوار و ڕووبەڕووبوونەوەی چەندین هێرش و پەلاماردانی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران، ئەوانی گەیاندە یەکێتی سۆڤێت.

هەموو ئەو ڕووداوانەو ئەو کۆچە مێژووییە و پەڕینەوەی بۆ یەکێتی سۆڤێت، تا(یانزە) ساڵ مانەوە لەو کۆمارە، بووە هەوڵی کەسێکی خەمخۆری مێژووی کورد لەدەڤەری گەرمیان، کە (هیوا مەلا حەسەن)ە. کاکە هیوا دوای(دوانزە) ساڵ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و چوارساڵ خوێندنی ئەکادیمی لەبەشی مێژووی کۆلێژی پەروەردەی کەلار زانکۆی سلێمانی، دواجار وەك مامۆستای مێژوو و

وانـەکانی کۆمەڵایـەتی لەشـاری کـەلاری مەڵبەنـدی ئیـدارەی گـەرمیان دامەزرا. بەو پسپۆڕی و کارەشی خەمی نووسـینەوەی مێـژووی کـوردی خستە سەرشان و کەوتە سۆراخ و نوسینی ڕووداوەکانی مێـژوو. یـەکێك لـــەو هەوڵانەشـــی ئـــەم بەرهەمەیـــە بەناوی(بارزانیـــەکان لـــەکۆماری کوردستانەوە بۆ یەکێتی سۆڤێت).

کاکە هیوا بەو مێژووەی لەساڵانی خوێندنی زانکۆیی ناسیم و چوار ساڵ خوێندکارم بوو، کوڕێکی لەسەرخۆ و هـێمن و گوێڕایـەڵ و دڵسـۆز بـوو. هیـوایی ئـەوە بـوو بـەو پسـپۆڕییەی خزمـەتێك بەمێـژوو و نەتەوەکـەی بکات. واش دەرچوو، ناوەکەی بەهەدەر نەداو دوای دەرچوونی لەزانکۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەمێژوودا بەچەند بەرهەمێك خزمەتی بەمێژوویی کورد و کوردستان کرد، کە ئەم بەرهەمە یەکێکە لەوان.

بـەو هیوایـەی ئـەم بەرهەمەشـی وەك بەرهەمـەکانی پێشـووی کـەلێنێك لەکتێبخانـەی کـوردی پڕبکاتـەوە و خزمـەتێك بەئـەزموونی مێـژوویمان بکات. لەدوا پەیڤدا هیوای تەمەن درێژی و تەندروستیەکی باش بۆ کاکە هیوا دەخوازم، تابەرهەمی زیاتر و باشـترمان پێشـکەش بکـات و چـەند کەلێنێکی مێـژوویمان پڕبکاتـەوە. نامـەوێت ئـەوەش نەخەمـەڕوو، کـە لەسەر کۆچی بارزانیـەکان بـۆ یـەکێتی سـۆڤێت و پەڕینـەوە لـەڕووباری ئاراس زۆر نوسراوە و زۆریش وتراوە، بەڵام ئەم بەرهەمـەی کاکـە هیـوا بـەوە جیـاوازە، کـە دوای سـود وەرگـرتن لـەو بەرهەمانـە و چـەندین سەرچاوەی تر، دیدگایەکی نوێی پێشکەش کـردووین. جـارێکی تـر بـەو

هیوایــەی ئــەم بەرهەمــە خزمــەتێك بەمێــژووی نەتەوەکــەمان و هــەموو ئەوانە بکات، شـتێك لـەزمان و مێـژووی نەتەوەکـەمان و هـەموو ئەوانـە بکات، شتێك لەزمان و مێژووی کورد دەزانن.

پرۆفیسۆر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر

(١٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ز)

مەریوان

پێشەکی:

بارزانیـەکان لـەکۆماری کوردسـتانەوە تایـەکێتی سـۆڤێت یەکێکـە لـە



گـرنترین و سـەخترین قۆنـاغ لەمێـژووی کاروخـەباتی بارزانیـەکان لـە مێـژووی بزوتنەوەی ڕزگاری خـوازی گەلەکەمانـدا. بەشـــداری بارزانیـــەکان لـــەکۆماری کوردستان دا بابەتێکی گرنگ و لاپەڕەیـەکی پڕلـە شـانازییە لەمێـژووی بزوتنـــەوەی ڕزگـــاریخوازی گەلەکەمانـــدا، بارزانیـــەکان لـــە(کۆماری کوردستان)دا خـاوەن پێگەیـەکی گـرنگ بـوون و دەورێکـی سـەرەکیان هەبووە لەپاراستنی کۆماری کوردستان دا . بارزانیەکان بەهۆی هێرشی حکومەتی عێراق بۆ ناوچـەی بـارزان، ناچـار بـوون ناوچـەکانی خۆیـان چـۆڵ بکـەن و بچـنە خۆرهـەڵاتی کوردسـتانەوە، بـەڵام دواتـر توانیـان بەهۆی لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵـی گـەورەو کاریگـەر ببیـنن لـەکۆماری کوردستاندا .

پاش کۆتای هاتنی کۆمار بارزانیەکان تەسلیم نەبوون پـاش بـێ ئـەنجام بوونی گفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتی ئێران، بارزانیـەکان ئازایانـە شـەڕی مان و نەمانیان دەکـرد بەرامبـەر ئەرتەشـی ئێـران و ڕووبـەڕووی هێـزی تورکیـا و عێـراقیش بوونـەوە، ئازایانـە پـاش بـڕینی ڕێگایـەکی زۆر بەناوجەرگەی وڵاتی دووژمن توانیان خۆیان بگەیەننە یەکێتی سـۆڤێت و پـاش یازدەسـاڵ لـەئاوارەیی و لـەدوایی شۆڕشـی١٤ی تـەموزی سـاڵی

١٩٥٨ لەعێراق، لە٦/١٠/١٩٥٨ بـارزانی گەڕایـەوە عێـراق، لەبەغـدا وەك قارەمانی گەل لە فڕۆکەخانەی موسـەنا پێشـوازییەکی جـەماوەریی بـێ وێنەی لێکرا.

سەبارەت بەهۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، گرنگـی خـۆی هـەبووە لەمێـژووی هاوچـەرخی گـەلی کـوردا، بـەوەی یەکێکـە لـەگرنگترین قۆناغـەکان لەکاروخـەباتی بارزانیـەکان و مێـژووی کـورد بـەوەی لـەم قۆناغـەدا یەکـەمین کۆمـاری کوردسـتان دامـەزراوە، کەپایتەختەکـەی شاری(مەهاباد) بووە و بارزانیەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان تێدا بینیوە.

مسـتەفا بـارزانی لەگـەڵ پێشـمەرگەکانی کەلەباشـوری کوردسـتانەوە هـاتبوون، بەشـێکی گرنگـی سـوپای کۆماریـان پێکهێنـا، کەبـەهۆی کاریگـەری و لێهاتوویـەوە بـارزانی کـرا بەفەرمانـدەی هـەموو هێـزە چەکدارەکانی کۆمار و پلەی جەنەراڵی لەلایـەن قازیـەوە پـێ بەخشـرا و بەشێك لەهاوەڵەکانی پلە و پۆستی بالأیان وەرگرت.

کـورد وەك نەتەوەیـەکی مـافخوراو لەجیهانـدا بۆبەدەسـتهێنانی مافـە ڕەواکەی ڕێگای جۆراو جۆری گرتۆتە بەر، خەباتی ڕامیاری و چـەکداری و رۆشنبیری کردووە.

لەبەر ئەوەی کورد کەوتوو بووە نێـوان سـێ نەتـەوەی بـەهێزەوە، کـە لەڕابردودا و لەقۆناغە جیاجیاکاندا خاوەنی ئیمپراتۆریەتی گەورە بوون، بۆیـە ناوچـەکەیان هەمیشـە مەڵبەنـدی شـەڕ و داگیرکـردن بـووە، هەلومەرجیان بۆ نەڕەخساوە و نەبوونەتە خاوەن هێزێکـی وا دەوڵـەتی

خۆی دابمـەزرێنێت، هەمیشـە چەوساوەی دەسـتی داگیرکـەران بـووە.
لێرەوە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە دەخەینە ڕوو کە بەژیاننامەی چەند کەسـایەتییەکی گـەورە و کاریگـەری نێـو کۆمـاری کوردسـتان و بارزانیـەکان دەسـت پێـدەکات. پاشـان دێتـە نـاوەڕۆکی بابەتەکـە کـە لەچوار بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەم دا لەچوار چێوەی دوو باس دا خراوەتـە ڕوو لەباسـی یەکـەم دا، بـارودۆخی کوردسـتانی ئێـران پـێش دروست بوونی کۆماری کوردسـتان بـاس کـراوە، لەباسـی دووەمـیش دا هۆکار و شـێوازی هـاتنی بارزانیـەکان بۆنێودەسـەڵاتی کۆمـار خراوەتـە ڕوو، لەبەشـی دووەم دا باسمـان لەوردەکاریـەکانی دروسـت بـوونی (کۆمـاری کوردسـتان) کـردووە، لەباسـی دووەم دا بـاس لە(پێگـەو ڕێوشوێنی بارزانیەکان لەنێو دەسەڵاتی کۆمار) کراوە، هەروەها باسمان لە پەیوەندیەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان و هۆکـاری ناتەبایی سەرکردەکانی کۆمـاری ئازەربایجـان و کۆمـاری کوردسـتانمان ڕونکردۆتـەوە، باسـی دووەممـان تـەرخانکردووە بـۆ پێگـەو ڕێوشـوێنی بارزانیەکان لەنێو دەسەڵاتی کۆمار، دەورپێگەیان لەپاراسـتنی کۆمـاری کوردستان، هەرچی باسی سـێیەمە تـەرخان کـراوە بۆ(پێگـەی مسـتەفا بارزانی لەکۆماری کوردستان)دا.

لەبەشی سـێ یـەم دا لەچـوار چـێوەی سـێ بـاس خراوەتـە ڕوو لەباسـی یەکەمدا باسی کۆتایی کۆمار و کۆتایی کاری بارزانیـەکان لـەکۆماردا کـراوە هۆکار و شێوازی کۆتایی هاتنی ئەو کۆمارە خراوەتـە ڕوو،لەباسـی دووەم

دا گفتووگۆی بارزانیەکان لەگەڵ ئەرتەش و حکومەتی ئێران خراوەتە ڕوو. لەباسی سێ یەم دا محاکەمەو لەسێدارەدانی قازی و هاوڕێکانی باسکراوە و ڕونکراوەتەوە. لەبەشی چوارەم لەچوارچێوەی دوو باس دا خراوەتە ڕوو لەباسی یەکەم دا باسمان لەکۆچی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ یەکێتی سۆڤێت کردووە، هەرچی باسی دووەمە تایبەت کراوە بۆ باسکردنی چارەنووسی بارزانیەکان لەیەکێتی سۆڤێت .

ئامانج لەو کارەشمان خستنەڕوو و شیکردنەوەی(کۆماری کوردستان) و پێگەی بارزانیەکان و چارەنووسی بارزانیەکان بوو لەیەکێتی سۆڤێت، بۆ خستنەڕوو و تێڕوانینی لایەنی سیاسی و کۆمەلأیەتی، هەلومەرجی ساتەوەختی دروست بوونی کۆمارەکە، بۆ نوسینی ئەم تۆیژینەوەیە سودمان لەچەند سەرچاوە وەرگرتووە تا بەزانیاری وردو بەسود بگەین.

لەکارەکانیشماندا ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێگ بووینەوە لەوانە بە دەست نەگەیشتنی سەرچاوەی پێویست کە بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە باس لەپێگەی بارزانیەکان بکات لەوقۆناغە گرنگەی کاروخەباتی بارزانیەکان، بەلأم لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا توانیومانە پشت بەخودا لێکۆڵینەوەیەکی باش بەئەنجام بگەیەنین، تا کەلێنێك لەکتێبخانەی زانستی کوردی پڕبکاتەوە، لەکۆتایی دا هیوادارین ئەم توێژینەوەیەمان ببێتەهۆکاری پڕکردنەوەی کەلێنێك یاخود چرایەکی گەش بۆ ولأتەکەمان، وە لەکەموو کورتیمان ببورن.

هیوا مەلا حەسەن

٢٠٢١ کەلار

## پێشینەیەکی مێژوویی:

## قازی محەمەد :

(قازی محەمەد) کوڕی عەلی کوڕی قازی ئەبولقاسمی میرزا ئەحمەدی میرزا قاسمی گەورەیە، لە١/٥/١٩٠٠ هاتۆتە دونیاوە، پیاوێکی ئەدەب



دۆست و میهرەبان و زانا لەسەرخۆ و ئارام سرنج ڕاکێش بووە، هەشت زمانی زانیوە، بەزمانی کوردی توانیویەتی بەهەر چوار شێوە زارە سەرەکیەکە قسەی پێبکا و لێی تێبگا و بنوسێ و بخوێنێتەوە، پیاوێکی سادە و بێ فیز بوو، نەجگەرەی دەکێشا نە مەشروبی دەخواردەوە. لەساڵی ١٩٢٦زاینی بووە بەبەڕێوەبەری پەروەردە و فێرکردنی(مەهاباد) لەدوایی مردنی باوکی بووە بەقازی شەرعی (مەهاباد)، مێژووی بنەماڵەی قازی بۆ چوار سەد ساڵ پێشتر دەگەڕێتەوە کەنیشتەجێی شاری(مەهاباد) بوون[1]. ڕیشسپیانی بەرەبابی قازی دەڵێن یەکەمین بونیادنەری بنەماڵەکەیان کەسێك بووە بەناوی(محەمەد) کە لەسەردەمی سەفەویەکان هاتۆتە موکریان، هەندێکیش پێیان وایە لەگورجستانەوە هاتوونەتە ناوچەی موکریان،

---

[1] ئاوارە حسین: کورد ودەوڵەت ،چ١، سلێمانی ،٢٠١٠،ل١٤.

ئەوان کـاری دادوەری خـەڵکیان لەئەسـتۆ بـووە، هەربۆیـە بەبنەماڵـەی قازی ناوبانگیان دەرکردووە[٢].

ئەوان نەك تەنها لای خەڵکی کوردستان بەڵکو لەلایـەن دەسـەڵاتداران و بەرپرسانی حکومەت جێگەی ڕێز و تەقدیر بـوون، لەسـاڵی ١٨٣٥زایـنی بـاپیرە گـەورەی پێشـەوا لـەنزیکی شـاری دیوانـدەرە کۆبوونەوەیـەکی لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان کرد، لەوێدا پەیوەنـدی کـرد بـە بریتانیـەکان و پێشنیازی ئازادکردنی ناوچەکەی کرد، لەجەنگی یەکەمی جیهانی سـاڵی ١٩١٦ز پیاوی وەك(میرزا فـەتاحی قـازی) کـە لەبـەرەنگاری ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ ڕووسـەکان شـەهید بـوو، کـوڕە لاوەکانیشی(سـالار و محەمـەد) بەدیل گیران و بۆ شـوێنە دوورەکـانی ڕووسـیا دوورخرانـەوە تاشۆڕشـی ئۆکتۆبەری١٩١٧ هەر لە ڕوسیا دیل بوون.

قازی عەلی دوو کوڕی هەبوو یەکێکیان بەئـەبوقاسمی قـازی ناسـرا بـە (سـەدری قـازی) دوو خـول لەلایـەن خەڵکـەوە هەڵبـژێردرا بەنوێنـەری مـەجلیس و متمانـەی خـەڵکی بەدەسـتهێنا. قـازی عـەلی لەسـاڵی١٩٣٠ زاینی لە (مەهاباد) ڕێکخراوێکی سیاسی و نەتەوەیی بەناوی(بزوتنەوەی محەمەد) پێکدەهێنێت، لەگەڵ جولانـەوەی شـێخ محەمـەدی خـەیابانی لەتەبرێز پەیوەندیان هەبوو تاساڵی ١٩٣٤ز[٣].

[٢] هاشـم سـەلیمی: پێشـەوای ڕابوون،بیرەوەریـەکانیی سـەعید هومـایون ، و، رەسـوڵ سوڵتانی ، چ١، هەولێر ، ٢٠٠٧، ل٥٧.

[٣] ئاوارە حسین: کورد ودەوڵەت، س، پ، ل٧٢-٧٣.

قـازی زۆر حـەزی بەتێکـەڵاوی لەگـەڵ پیاوچـاکان و نیشـتیمانپەروەر و سـەرۆك هۆزەکـان بـوو، دوای کۆچـی دوایـی بـاوکی بـووە قـازی شـار، بەهۆی هۆگری زۆری بۆ کاری فەرهەنگی و بەرەو پـێش بردنـی زانیـاری خـەڵك بەرپرسـیارێتی فەرهـەنگ و ئـەوقافی شـاری(مەهاباد)ی بەئەسـتۆ گرت و خزمـەتی بەرچـاوی فەرهـەنگی کـردووە، لـەکاتی بەرپرسـیارێتی ئەودا یەکەم قوتابخانەی کچان لە(مەهاباد) کراوەتەوە، قازی برایەتی و یەکگرتووی کوردی پیّ گەورەترین هۆکـای سـەرکەوتن بـووە[٤]. ئارچـی ڕۆزفێڵت کاربەدەستی سەفارەتی ئەمریکا کەچاوی بەپێشەوا دەکـەوێت دەڵێت: ئەو کەسـانەی دەرفـەتیان بـۆ هەڵکـەوتوو بوو(قـازی محەمـەد) ببینن، زۆر بەباشـی بۆیـان دەرکـەوتبوو کـە چ کەسـایەتییەکی هـەبوو، قـازی پیـاوێکی بـالاّ بـەرز نـەبوو، تەمـەنی دەوری پـەنجا سـاڵ بـوو، ڕوویەکی زاهیدانەی بوو، بەهۆی نەخۆشی(مەعیدە) تا ڕادەیـەك ڕەنگـی زەردهەڵگەڕا بـوو. مرۆڤێکـی کـەم خـۆر بـوو، نەجگـەرەی دەکێشـا نـە ئەلکوهلی دەخواردەوە، هـێمن و لەسـەرخۆ بـوو، زۆر بـەئارامی قسـەی دەکـرد و زوویـش کـاری دەکـردە سـەرمرۆڤ. وادەردەکـەوت خـاوەن بیروباوەڕێکی قوڵەو، ئامادەیە خۆی لەپێناوی دا فیدا بکـات، لەهـەمان

---

[٤] ئـا لیژنـەی ڕاگەیانـدنی فسـتیڤاڵی کۆمـار کوردستان،پێشـەوا– ژیـان وخـەبات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر،٤–٥/٤–٢٠٠٧، ل٥–٧ .

كـاتیش دا ڕونـاكبیرێكی لەسـەرخۆبوو[٥]. نەوشـێروان مسـتەفا دەڵێـت: (قــازی محەمــەد) لــەنێو كــوردا پایەیــەكی بــەرزی هــەبوو، هــەموو شاعیرەكانی ئەو سـەردەمەی كۆمـاری كوردسـتان وەك: مـەلا مـەعروف كۆكەیی، هەژار، هێمن خاڵەمین، حـەقیقی، سـەید كامیـل، عـەلی بـەگی حەیدەری، شێواو... شیعریان لەستایشـیدا هۆنیوەتـەوە. لەسـەردەمی ژیانی خۆیدا شاعیر و نوسەر و سیاسی و سەرانی خێڵ و مـەلا و گـەورە پیاوەكانی كورد هەمیشە بەڕێز و ستایشەوە ناویان ئەبرد، قازی ڕەمزی ئازادی و سەربەستی كورد بوو، لەسێدارەدانی ویـژدانی هـەموو خـەڵكی هەژاند[٦]. (قازی محەمەد) لەبنەماڵەیەكی دیاری شاری (مـەهاباد) بـوو، سمكـۆ كـەدواجار دەسـتی بەسـەر شـاری(مەهابادا)گرت، قـازی عـەلی هاوكاری لەگەڵ كردبوو.(قازی محەمـەد) جـل و بـەرگی ئـاینی و عابـای لەبەر دەكرد و مەندیلی عەرەبی لەسەر دەكرد، دواتر تەنها مەندیلەكەی هێشـتەوە و سـودی لـەكۆت و شـەرواڵی درێـژی ئـەوروپی وەردەگـرت، بەجۆرێك كۆتەكەی دەگەیشتە سەرچۆكی[٧]. بنەماڵەی قازی خوێنـەوار و ئاینی و نیشتیمان پـەروەر بـوون، لەموڵكـدارە گـەورەكانیش بـوون و

---

[٥] ڕەحمـان نەقشـی: كۆمـەڵێك بابـەت و نوسـراو بەبۆنـەی دامەزرانـدنی كۆمـاری كوردستان، ٢٠١٨، ل٥-٦.

[٦] جەلیل گادانی: پەنجاساڵ خـەبات، چ٢، بـەرگی یەكـەم، چـاپخانەی خـانی، دهـۆك ، ٢٠٠٨، ل١٩ .

[٧] حەسـەن ئەرفـەع: كوردەكـان، و حامیـد گەوهـەری، چ١، چـاپخانەی منـارە، سلێمانی،٢٠٠٧، ل١٢٧.

لەناوچەی بۆکان دا چەندین گوندیان هەبوو[٨]. قازی تا نەبوو بەئەندام کەسێکی نەرم و کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام لەدوای ئەوەی بە ئەندامێتی ژێ کاف وەرگیرا، لەماوەیەکی کەمدا توانی سەرکردایەتی کۆمەڵە بگرێتە دەست، ئیتر بووە سەرکردەیەکی کاریزمایی و سیمای کەسایەتی یەکی دیکتاتۆری وەرگرت، قبوڵی ڕەخنەی نەکردوە، ئەوەی ڕەخنەی بگرتایە بەنۆکەری بەریتانیا و ئەمریکا دەدرایە قەڵەم، هێمنی شاعیر دەڵێت: کاتێك باسی پێشەوام لێ دەپرسی گریانم دێ، پێشەوا بەلامەوە کەسێکی زۆر گەورەیە، بەڵام دەکرێ ڕەخنەشی لێبگرم، هەندێك خاڵی لاوازی پێشەوام نوسی بەڵام ڕەقابەی بنکەی پێشەوا فڕەیاندا، بەڵام ئەو پێشەوای میلەتێکی دواکەوتوو بوو، زۆر پێشکەوتووتر بوو لەخەڵکەکەی، واقیعەن مرۆڤ دۆست بوو مرۆڤی خۆش دەویست، هەستێکی شاعیرانەی هەبوو زیاتر سۆزی زاڵتر بووە بەسەر لۆژیکیدا، ئەمەش وای کردبوو لەڕووی سیاسیەوە لاواز بێت[٩]. کتێبخانەکەی قازی پڕبوو لەکتێب و بەرهەمی ئەدەبی و مێژوویی، بەخۆی هەندێك نمایشنامەی مێژوویی و نیشتیمانی نوسیبوون، لەوانە نمایشنامەی سەلاحەدین کەباسی خەباتی کورد دژی خاچ دروشمەکان دەکات، هەروەها نمایشنامەی دایکی نیشتیمان کە باسی چارەنوسی کورد

[٨] کرێس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا، و: حەکەریم غاریف ،چ٦ ، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٠٦.

[٩] ڕەحیم سابیر: حکومەتی میلی کوردستان، چ١، سلێمانی ،٢٠١١،ل٩.

دەکات لەدوای پەیمانی سێ قوڵی(سەعد ئاباد)ی نێوان (عێراق، ئێران، تورکیا) لەساڵی ١٩٣٧ دەکات، ئەم دوو شانۆنامەیە لەمەهاباد پیشاندران[١٠].

## ڕەچەڵەکی بارزانیەکان:

مەڵبەندی خێڵی بارزان لەو پەڕی باکوری عێراق ، بەناوچەیەکی شاخاوی دژوار بەستراوەتەوە بەسنوری ئێران و تورکیا. بارزانیەکان لەبەر ئەوەی نیشتەجێی ئەو ناوچە دژوارەن لەمەڵبەندی شارەوە دوورە پەرێز بوون، پیاوانیان لەشساغ و بەهێزن، لەڕووی ئاکارەوە خاوەنی دابوونەریتی باوك سالاری بوون و لەهەموو جۆرە نالەبارییەکی شارستانیەتی بەدوور بوون. بارزانیەکان بەردەوام لەبەرامبەر ئەو حکومەتانەی دەسەلاتیان بەسەر ئەو ناوچەیەدا ڕۆیشتووە شەڕیان کردووە[١١]. ناولێنانی ئەم هۆزە بەهۆی بارزانەوە هاتووە کە مەڵبەندی شێخەکانی بارزانە[١٢]. ڕەچەڵەکی شێخەکانی بارزان، بۆ دەرەوەی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، واتە لەو تیرانە نین کەخێڵی بارزانیان

---

[١٠] کرێس کۆچێرا: س، پ، ل٢٣٠.

[١١] ئەبولحەسەن تەفرشیان: بارزانی خۆی بەدەستی کەسەوە نادات، و، شەوکەت شێخ یەزدین، چ٢، ٢٠٠١، ٢٨١ .

[١٢] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد سالی (١٩٣١–١٩٥٨) ، و، سەعید ناکام ، چ١ ، ١٩٩٨، ل١٦.

پێکهێنـاوە[١٣]. دەمـاودەم وا دەگێڕنـەوە کـە ماڵـە شـێخانی بـارزان لـەڕۆژگاری پێشـیندا لەبـەرەی ماڵـە میرانـی ئامێـدی بـوون، لەسـەدەی هەژدە دا باپیرە گـەورەیان مەسعود لەمیرایـەتی وەڕەز بـووە، بـەهۆی ناکۆکی لەگەڵ براکەی ڕوو لەناوچـەی مـزوری دەکـات، لـەڕێگا تووشـی گاوانێك دەبێت، ئەویش لەگەڵ خۆی دەیباتـەوە بـۆ گونـدی (هـەڤنکا). لەوێـدا ڕوو لەمزگـەوت دەکـات و خـەریکی خواپەرسـتی دەبێـت، خەڵکەکەش خۆشیان دەوێت و متمانەی پێدەکـەن، و ژیـانی هاوسـەری پێـك دەهێنێـت. پـاش وەفاتی(مەسـعود) (سـەعید)ی کـوڕی جێگـای دەگرێتەوە و خۆی تەرخان دەکات بۆ خزمەت کردنی مزگەوت و ڕێبازی ئاینی. لە دوای(سەعید)یش (شێخ تاجەدین)ی کوڕی ماڵ دەگوازێتـەوە بـۆ گونـدی بـارزان، خـەڵکێکی زۆر لـەدەوری کۆدەبنـەوە و خـەریکی خواپەرسـتی و زانسـت و زانیـاری دەبێـت تـەکیٚ یـەك لەگونـدی بـارزان دەکاتـەوە، تاکۆتـایی ژیـانی خـەریکی خواپەرسـتی و تەکیەکـەی دەبێت[١٤]. دامەزراندنی تەکێی بارزان لەلایەن(شێخ تاجەدین) ناوبـانگی زیاتر کردن، تەریقەتی نەقشبەندنی لەناوچەکەدا زیاتر پتـەوتر کـرد[١٥].

---

[١٣] کاروان محەمەد مەجید: بارزانیەکان لەمـەهابادەوە بـۆ سـۆڤییەت، چ١، سـلێمانی، ٢٠١١، ل٢١.

[١٤] سـەردار محەمـەد عەبـدولڕەحمان و هوشـیار محەمـەد خۆشـناو: ئەتڵەسـی مێـژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، بەرگی یەکەم، چ١، هەولێر، ٢٠١٢،١٨–٢١.

[١٥] کاروان محەمەد مەجید: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت ، س، پ، ل٢١.

لـەدوای (شـێخ تاجـەدین)، (شـێخ عەبـدولڕەحمان)ی کـوڕی جێگـەی دەگرێتەوە و هەروەکوباب و باپیرانی خـەریکی خـوا پەرسـتی و زانسـت دەبێـت. لـەدوایی وەفاتی(شـێخ عەبـدولا)ی کـوڕی کەبەخواپەرسـتی و خۆپارێزی لـە کاروبـاری دونیـادا ناسـرابوو جێگـەی دەگرێتـەوە، شـێخ عەبـدولا بـۆ زیـاتر گرنگـی دان بەزانسـت و زانیـاری هەڵسـا بـەناردنی (عەبدولسەلام)ی کـوڕی بۆگونـدی نـەهری تـا خوێنـدن لەسـەر دەسـتی نەهریەکان تەواو بکات.

دوایی وەفاتی شێخ عەبدولا(شێخ عەبدولسەلام) بۆ سوڕاندنی کاروبـاری تــەکیێ و موریــدەکان جێگــای گرتــەوە، فێرگەیــەکی ئــاینی لــەبارزان دامەزرانـد و موریـدەکانی ڕۆژ بـەڕۆژ لـەزیاد بوونـدا بـوون، تـەکیێ کـەی بارزان فـراوان دەبێـت و لەهـەموو لایەکـەوە خـەڵك ڕووی تێـی دەکـرد. مەولانا(خالید نەقشبەندی) لەکاتی گەڕانیدا سەردانی تەکیێ کە دەکات و (شێخ عەبدولسەلام)دەکاتە خەلیفەی خۆی و لەگـەڵ خـۆی دەیبـات بـۆ لای(سەید تەهای نەهری). شـێخ عەبدولسـەلام لەسـاڵی(١٨٧٢) کۆچـی دوای دەکـــات و لـــەدوای خۆی(شـــێخ محەمـــەد)ی کـــوڕی جێگـــای دەگرێتــەوە. لەسەردەمی(شـێخ محەمـەد)دا خـەڵکێکی زۆر لەناوچـەی دەوروپشـتی بـارزان ڕوویـان لەتەکیەکـە دەکـرد، تەکیـەی بـارزان بـوو بەپەناگەی زۆر لێکراو و لیێ قەوماوان، بۆیە سەرۆك هۆزەکانی ناوچـەکە لای کاربەدەسـتی تـورك شـکایەت لەشـێخ دەکـەن و ئـەمانیش دووری دەخەنـەوە بۆ(بـەدلیس) لەکوردسـتانی تورکیـا، پـاش سـاڵێك زینـدانی

دەگەڕێتەوە بارزان، لەساڵی (١٩٠٣)دا کۆچی دوای دەکات و لەدوای خۆی پێنج کوڕ بەجێ دەهێڵێت(شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەد،



محەمەد سدیق، بابۆ، مستەفا)، شێخ عەبدولسەلامی کوڕی جێگای

**شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەگەڵ دەستەیەك لەچەكداران لەساڵی ١٩٠٨.**

دەگرێتەوە[١٦]. شێخ عەبدولسەلام لەساڵی ١٨٨٧ لەبارزان هاتۆتە دونیاوە، لەسەردەمی شێخایەتی ئەمدا بنەماڵەی بارزان بەشێوەیەکی فراوان و جیاواز لەپێشتر، بەشداریان لەخەباتی ڕزگاریخوازی کوردا کرد، لەساڵانی(١٩٠٧–١٩٠٨) لەدژی تورکە عوسمانیەکان ڕاپەڕی و

[١٦] سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: ب١، س، پ، ل١٨–٢١.

کۆمەڵێك داواکاری خستە بەردەم دەوڵەتی عوسمانی، دواتر پەنای بردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەردانی زۆر لەکەسایەتیەکانی کوردی کرد لەگەڵ سمکۆی شکاك پەیمانیان بەست لەپێناو سەربەخۆی کوردستان و بەدەستهێنانی مافەکانی کاربکەن، دواتر بەپیلانێکی پێشتر بۆدارێژراو بەهۆی خیانەتێکی چاوەڕوان نەکراو، شێخ وچەند هاوڕێیەکی دەستگیرکران و تەسلیم بەدەسەڵاتدارانی تورك کرانەوە، لە (١٩١٤/١٢/١٤)لەموسڵ، لەلایەن عوسمانیەکانەوە فەرمانی لەسێدارەدان دەرکرا بۆشێخ عەبدولسەلام و هاوەڵەکانی[١٧]. (شێخ ئەحمەد) برای لە تەمەنی هەژدەساڵیدا جێگای شێخ عەبدولسەلامی گرتەوە[١٨]. شێخ بەکۆشش و هەوڵی خۆی بەماوەیەکی کەم توانی ناوچەی زێباری بخاتە ژێردەستی خۆی، شێخ ئەحمەد بۆماوەی چل ساڵ شێخایەتی کرد[١٩].



## شێخ ئەحمەد بارزانی:

شێخ ئەحمەد لەساڵی ١٨٩٧زاینی لەگوندی بارزان هاتۆتە دونیاوە، پاش لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام

---

١٧ کاروان محەمەد مەجید: بارزانیەکان لە(مەهاباد)ەوە بۆ سۆڤییەت س، پ، ل٢٤.

١٨ سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: ب١، س، پ، ل٢٠–٢١

١٩ کاروان محەمەد مەجید: بارزانیەکان لە(مەهاباد)ەوە بۆ سۆڤییەت، هـ، س، پ، ل٢١.

بـارزانی بـوو بەڕابـەری مەزهـەبی و ڕوحـانی هـۆزی بـارزانی[20]. (شـێخ ئەحمەد) کاتێك جێی (شێخ عەبدولسەلام)ی برای گرتـەوە هاوکـات بـوو لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکـەمی جیهـانی، ئـەو بەشـەی کوردسـتان کەلـەژێر دەسـەڵاتی دەوڵـەتی عوسمـانی بـوو، بەپێشـنیاری نوێنـەرانی دەوڵەتی بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیا کرایە سێ بەش، بەشی گەورەی خـاك و نەتـەوەی کوردیـان لەگـەڵ تورکیـا هێشـتەوە و دوو بەشـەکەی تریان بێ ڕەزامەندنی کورد بەسەر دوو دەوڵەتی هێشتا پێـك نـەهاتووی عێراق و سوریا بەشکرد، نەتەوەی کورد دژی ئەو پەیمان و دابەشکردنە بەزۆر داسـەپاوە وەسـتا، لەتشـرینی دووەمـی ١٩١٩ز (کۆلۆنیـل بیـل) حاکمی (موسڵ) لەگەڵ (کاپیتـان سـکوت) حـاکمی ئـاکرێ گەشـتێکیان بەناوچەکانی سورچی و زێباریدا کردو لەوێوە چوون بۆناوچـەی بـارزان. لەبارزان کۆلۆنێل هەڕەشەی لەشێخ ئەحمـەد کـرد و سـەرانەیەکی زۆری خستەسەر سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکە، لەبەر ئـەوە سـەرۆك هۆزەکـانی سورچی و زێبـاری بڕیاریانـدا بۆسـەیەك بـۆ کۆلۆنیـل بیـل و هاوڕێکـانی دابنـێن، (فـارس ئاغـای زێبـاری) بابـەکر ئاغـای زێبـاری خزمـی نـاردە لای(شێخ ئەحمەد) تا ئـەم پلانـەیان پەسـەند بکـات و پشـتیان بگـرێ، شێخ پلانەکەیانی پەسەند کرد بەو مەرجەی هەموو لایـەك بەڵێنـەکانیان بەجێ بگەیەنن و پشتی یەك بگرن، چونکە ئینگلیز بێگومان هەڵوێسـتی

[20] عــەلی ئەســغەر ئیحســانی: بــارزانی پاشەکشــێ بارزانیــەکان لەبیرەوەریــەکانی ئیحساندا، و، ئەبوبەکر صاڵح ئیسماعیل: چ١، دهۆك ، ٢٠٠٨، ل٨٣–٨٤.

توند دەنوێنیٚ، ئەوە بوو (شێخ ئەحمەد) شێخ محەمەد سدیقی برای ناردە بیرەکەپرە تا لەگەڵ ئەواندا بەشداری دەست وەشاندنەکە بکات، لەئەنجامدا ڕۆژی ١٩١٩/١١/٤ کۆلۆنیل بیلیان کوشت. ڕۆژی ١٩١٩/١١/١٤ ئەو هۆزانە پەلاماری شارۆچکەی ئاکرێیان داو گرتیان و گەنجینەی شارەکەیان تالآنکرد، لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی پارەکان ناکۆکیان تێکەوت، (شێخ ئەحمەد) بەو کارەیان تورە بوو، ووتی: ئەگەر ئێوە لەسەر پارەیەکی کەم کە ئەمڕۆ لە ئاکریٚ دەستان کەوتووە بەگژ یەکدا بچن، ئەی ئەگەر گەنجینەی موسڵتان دەستکەوێت چی دەکەن؟ ئەوە بوو شێخ ئەحمەد فەرمانی بەبارزانیە چەکدارەکان دا بگەڕێنەوە بارزان و ئاکریٚ بەجێبهێڵن، بەو بڕیارەی شێخ هێزەکانی تریش ئاکرێیان بەجێهێشت [21]. لە١٩٣١/١٢/٨ فرۆکە بۆردۆمانی گوندی بارزانیان کرد، لەوشەڕەدا کە بەشەڕی بەرقی بەگ دەناسرێت، داوایان لە(شێخ ئەحمەد) کرد خۆی بدات بەدەستەوە ئەویش لەولآمدا پێی ڕاگەیاندن داکۆکیکردن مافێکی ڕەوایە ئێمە داکۆکی لەخۆمان دەکەین. لەم شەڕەدا بەهەشتا بارزانیەوە سوپای دەوڵەتی شکاند و زیانی(١٢٦) کوژرا و بەدوژمن گەیاند، تەنها پێنج جەنگاوەری بارزانی شەهید بوون[22]. لەساڵی ١٩٣٢زاینی هێزەکانی ئینگلیز و عێراق پەلاماری

---

[21] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگەو سەرۆك، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلآت – هەولێر، ٢٠١٧، ل١٩–٢١ .

[22] نەورەس ڕەشید: پارتی و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، هەولێر، چ١،٢٠٢٠،ل١٨.

ناوچەی بارزانیان داو زیانی زۆریان بەبارزانیەکان گەیاند، پـاش ئـەوەی بارزانیەکان پەنایان بردە بەر دەوڵەتی تورکیـا لەسـاڵی ١٩٣٣ڕادەسـتی کردنەوە، شێخ ئەحمـەد و یـارانی لەشارەکانی(موسـڵ، حلـە، ناسـریە، دیوانیــە) بەنــد بــوون، لەســاڵی ١٩٤٥زایــنی گــەورەترین نەبــەردی بارزانیەکان لـەدژ حکومـەتی عێـراق دەسـتی پێکـرد، لەسـەرەتایی ئـەو شۆڕشەدا(شێخ ئەحمەد) دەسـتی لەسـەرۆکایەتی سیاسـی و سـەربازی هەڵگرت و بەرپرسیاری سیاسی و سەربازی هۆزی بە(مسـتەفا بـارزانی) سپارد و شێخ ئەحمەد لەپلەی ڕۆحـانی و مەزهـەبی هـۆزدا مایـەوە[٢٣]. شێخ ئەحمەد پیاوێکی چـاك و میللـی بـوو، هێنـدە بـەلای سیاسـەتەوە نەدەچـوو، تــەنها ئـاواتی ئـەوە بـوو خێڵەکـەی بـەهێمنی بباتــەوە بـۆ بارزان[٢٤].شێخ لەتەمەنی حەفتاو نۆ ساڵیدا لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی بەغداد لە١١/١/١٩٦٩ ماڵئاوای لەژیان کرد[٢٥].

## مستەفا بارزانی:

مستەفا شێخ محەمەد شـێخ عەبدولسـەلام بـارزانی لـەڕۆژی ١٤/٣/١٩٠٣ لەگوندی بارزان هاتۆتە دونیاوە، ساڵی دواتر باوکی کۆچی دوای کردووە و بـرا گەورەکــەی عەبدولســـەلام بـــارزانی



[٢٣] عەلی ئەسغەر ئیحسانی: س، پ ل٨٣–٨٤.

[٢٤] ئەبولحەسەن تەفرشیان: س، پ، ل٢٨١ .

[٢٥] عەلی ئەسغەر ئیحسانی: س، پ، ل٨٣–٨٤.

بووەتە سەرۆك هۆز، لەساڵی ١٩٠٦، مستەفا تەمەنی سێ ساڵ بووە، هێزەکانی تورك پەلاماری هۆزەکانی کوردیان داوە عەبدولسەلامی برای بەدیل دەگرن، (مستەفا بارزانی) و دایکی بۆ ماوەی نۆ مانگ بەند دەکرێن، (مستەفا بارزانی) پێنجەمین کۆتا کوڕی شێخ محەمەد بووە، لەنێوان ساڵی ١٩١٧–١٩١٩ شێخ ئەحمەد برا گەورەی لەگەڵ شێخ عەبدولڕەحمان شەرناخیدا، بۆ کاروباری شۆڕش دەینێرێتە باکوری کوردستان لە موش چاوی بە(شێخ عەبدولقادر نەهری، شێخ سەعیدی پیران)دەکەوێ. هەر لەساڵی ١٩١٩ بەفەرمانی شێخ ئەحمەد بەسەرۆکایەتی هێزێکەوە دەچێتە هاواری شۆڕی شێخ مەحمود، بەشێك لەهێزەکە لەدۆڵی (بیاو)وە بەشەکەی تریش لەناوچەی باڵەکەوە دەڕۆن. لەڕێگادا تووشی شەڕی هۆزە کوردەکانی دۆستی ئینگلیز دەبن و چەند شەهیدێك دەدەن، کاتێك بەرایی هێزەکە دەگاتە ناوچەی سلێمانی، شۆڕش کۆتایی دێت و شێخ مەحمودیش بەدیل دەگیرێت.

ساڵی ١٩٢٠ ئەرمەنیەکان جارێکی تر لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەرشالآوی کۆمەڵکوژی دەکەونەوە، (ئەنداریك)پاشای ئەرمەنەکان نامەیەکی بۆ شێخ ئەحمەد ناردو داوای کردبوو بەهانایانەوە بچێ، لەسەر فەرمانی شێخ ئەحمەد، مستەفا بارزانی و وەلی بەگ بە دووسەد چەکدارەوە بەڕێدەکەون و، دەچنە هاواری(ئەنداریك) پاشای ئەرمەنەکان لەتورکیا، پاشا وچەندین ئەرمەنی ڕزگار دەکەن و (ئەنداریك) و خێزانەکەی دەگەیەننە سوریا، خۆشیان تادەگەنەوە زاخۆ

چوارده شـەهید دەدەن[٢٦]. لـە٢٢/حـوزەیرانی١٩٣٢ بارزانیـەکان پـەنا دەبەنە بەرخاکی تورکیا، لەبەهاری ساڵی ١٩٣٣ حکومەتی تورکیا(شێخ ئەحمەد) و هاوڕێکانی تەسلیم بـە حکومـەتی عێـراق دەکاتـەوە، بـەڵام بـارزانی خـۆی دەربـاز دەکـات و دەگەڕێتـەوە ناوچـەی بـارزان، لـە (ناوەڕاسـتی سـاڵی١٩٣٦) موتەسـەڕیفی موسـڵ، بـارزانی بـۆ گفتووگـۆ بانگهێشت دەکات، بەڵام ئەوەی بەدەرفەتزانی و ژەهـری بـۆ کـردە نـاو قاوەوە. ساڵی ١٩٣٩ دەسەڵاتدارانی حکومـەتی عێـراق بـارزانی و شـێخ ئەحمەدیان لەگەڵ خێزانەکانیان بۆ بەندیخانەی سلێمانی گواستەوە[٢٧].

بارزانی پیاوێکی ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕ و سیاسەتوانێکی گـەورەی کـورد بوو، زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی باش دەزانی و ئاشنایی لەگەڵ زمانەکانی ئینگلیزی و تورکی هەبوو. کەسایەتیەکی ڕاست بێژ بوو بەبێ پێچ و پەنا و بەڕاشـکاوی قسـەی دەکـرد، بـاوەڕی زۆری بەنەتەوەکـەی هەبوو، تێگەیشتوو بوو، بەمەنتیقەوە ڕووبەڕووی کێشەکان دەبووە و تا ئـەو جێیـەی بـۆی بکرایـە، دەیویسـت کێشـەکان بەئاشـتی چارەسـەر بکات[٢٨]. ئەبولحەسەن تەفریشان کە یـەکێك بـوو لەئەفسـەرانی سـەربە حیزبـی تـودەی ئێـران دەڵێـت: (مسـتەفا بـارزانی)کەسـایەتیەکی تێگەیشتووە، زمانـەکانی کـوردی، فارسـی، عـەرەبی، بـاش دەزانێـت و

[٢٦] نەورەس ڕەشید: س، پ، ل٣١.

[٢٧] شەعبان عەلی شەعبان: هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی، چ٢، ٢٠١٢، ل١٠ .

[٢٨] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل٩٠ .

بەتورکیش قسە دەکات، لەگەڵ هەڤالانی لەسەر سفرەیەك دادەنیشێت و نانیان لەگەڵ دەخوات ... هەرکە بارزانی سواری ئەسپ دەبێت، دەست بەجێ پێنج سەد سوارەی چەکدار بەبێ هیچ پرسیارێك شوێنی دەکەون. ئەو لەبواری سەربازییدا زەوی باش دەناسێ و دەتوانێ کەڵکی لێوەربگرێت و بڕیاری لەسەری بدات، ئێمە هەرچەندە بەڕەواڵەت پسپۆڕ بووین و تاکتیکی شەڕمان دەزانی و وانەمان بۆ خوێند بوو، ئەگەر بڕیاری کارەکەمان لەدوای ڕاوێژ ئەگەر ڕاست بوایە، ئینجا دەگەیشتەوە بڕیاری بارزانی[29]. (مستەفا بارزانی) پاش تەمەنێك تێکۆشانی قارەمانانە، زیندانی، دورخرانەوە، دەربەدەری دوورودرێژ لەخانوویەك لەعەزیمەی کەرەج گیرسایەوە، پاشان بەهۆی توشبوونی بەنەخۆشی شێرپەنجەی سیەکانەوە چوو بۆ ئەمریکا، لەساڵی ١٩٧٩ لەئاکامی سکتەی دڵ بەیەك دنیا هیوا و ئارەزووە چاوی ژیانی لێك ناو و دڵی پڕ ئومێدی لەلێدان کەوت، لە٥ی ئازاری ١٩٧٩دا تەرمەکەی لەسەر وەسێتی خۆیی لەشاری شنۆ لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەسپەردەی خاککرا[30]. د. کونتر دشتر ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەری ئەڵمانی دەڵێت: لەوکاتەدا کەبەخاك سپاردنی تەرمی (مستەفا بارزانی)م بینی لەبەهاری ١٩٧٩ بۆم دەرکەوت ئامادەبووان تەنها بۆ ئەوە نەهاتوون بۆ دواین جار سەیری تەرمی سەرکردەکەیان بکەن، بەڵکو بۆ ئەوە هاتوون ماڵئاوایی

[29] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل١٩–٢١ .

[30] عەلی ئەسغەر ئیحسانی: س، پ، ل٨٥–٨٦ .

لەگەورەترین سەرکردەی کورد بکەن، کە دوای سەلاحەدین ئەویوبی کورد سەرکردەی سیاسی و سەربازی وایان تێدا هەڵنەکەوتووە[31]. مستەفا بارزانی یەکێك بوو لەگەورەترین سەرکردەی کورد لەسەدەی بیستەمدا، لەناو خەڵکی کوردستان دا لەهەموو سەرکردەکانی کە زیاتر پشتیوانی لێکراوە، لەهەموویان زۆرتر سەرکردایەتی جولآنەوەکەی کردەو، لەهەموویان زیاتر لەسیاسەتی ناوەوەی عێراق و، لەسیاسەتی کوردی دەوڵەتانی ناوچەیی ئێران و تورکیا و، دەوڵەتی گەورە وەك بەریتانیا، یەکێتی سۆڤێت، ئەمریکا دەوری هەبووە[32]. لە٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ پاش ئازادبوونی بەشێکی باشوری کوردستان لەگەڵ تەرمی ئیدریس بارزانی کوڕیدا بەپێشوازی خەڵکێکی زۆرەوە لەگوندی بارزان بەخاك سپێردرانەوە[33].

---

[31] عومەر شەریف کەریم: بارزانی نەمر لەڕوانگەی گەورە پیاوانەوە، چاپی یەکەم ،کەلار،٢٠٠٩، ل٤٧.

[32] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتەری ئەشکێنن، چ١، ١٩٩٧، ل٣٦ .

[33] عەلی ئەسغەر ئیحسانی: س، پ، ل٨٥–٨٦.

# بەشی یەکەم

## بارودۆخی کوردستان و کوردستانی خۆرهەلأت پـیـێش جـەنگی یەکەمی جیهانی و سالأنی جەنگی یەکەمی جیهانی:

## تەوەرەی یەکەم:

## بارودۆخی کوردستانی ئێران پێش درووست بـوونی کۆمـاری کوردستان :

**تەوەرەی یەکەم**: **هۆکار و شێوازی هاتني بارزانیـەکان بـۆ نێـو دەسەلأتی کۆمار**:

## باروودۆخی کوردستانی ئێران پێش دروست بـــوونی کۆمـــاری کوردستان :

لەپاش یەکەمین جەنگی جیهانی لەکوردســتانی ئێـران چـەند ڕاپــەڕینێك بەپەرپابوون لەهەموویان گـرنگتر ڕاپــەرینی سمکـۆی شـکاك لەناوچـەی ورمێ لەنێوان ساڵەکانی(١٩٢٠-١٩٣٠) دا بوو.



**سمکۆی شکاك لەگەڵ هاوەڵەکانی**

(سمکــۆ) بەشــێکی زۆری لەکوردســـتانی ئێـــران رزگـــار کـــرد، بـــەڵام ئینگلیزەکـــان سمکۆیـــان بۆشـــەڕی ئاشـــورییەکان هانـــدا و ســـەرۆکی ئاشورییەکان(مارشەمعونی)یان پێی کوشت، دیارە ئەو کارە بووە هـۆی کزبوونی هەڵویستی سمکۆ، هـەتا سـاڵی(١٩٣٠) سمکـۆ چـەند شـەڕێکی لەگەڵ هێزەکانی ئێران و عێراق و تورکیا کـرد لەزۆربـەی ئـەو شـەڕانەدا سـەرکەوت، بـەڵام لـە(٢١ی حـوزەیرانی ١٩٣٠دا) بـەناوی وتوێـژ لەگـەڵ نوێنەرانی هێزەکانی ئێرانـەوە بانگیـان کـرد بۆشـاری شـنۆ لـەوێش بـە

نامــەردی کوشــتیان[٣٤]. پــێش بــەرپابوونی دووەمــین جــەنگی جیهــانی حکومەتی ئێران بێ لایەنی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام پەیوەندی نێوان ئێـران و ئەڵمانیا بەڕادەیەك پەرەی سەند بوو، ئێران وەك بنکەیەکی سەرەکی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دژی یەکێتی سۆڤێت بـەکاردەهێنرا، ئـەڵمانیای هیتلەری پشتگیری لەهەموو گرووپە فاشییەکانی ئێران دەکرد، بەچـەك بــەپارە یارمــەتی دەدان، لەلایــەکی تــرەوە حکومــەتی شــا دەیویســت لەئاســیای ناوەڕاســت و ئــەو دیــوی قــەفقاس فراوانخــوازی بکــات و، بەیارمەتی ئەڵمانیا بیانخاتەوە سەر ئێران، حکومـەتی یـەکێتی سـۆڤێت سێ جار لە(٢٦حـوزەیران و ١٩ی تـەموز و ١٦ی ئـابی ١٩٤١)دا ئێرانـی ئاگادار کردەوە، پێویسـتە سـنورێك بـۆ چـالاکیەکانی ئـەڵمانیا لـەئێران دابنێ، بەڵام حکومەتی ئێران بەتایبەتی(ڕەزا شا) گرنگی بەم مەسەلەیە نەدا[٣٥]. لەڕۆژی (١٩٤١/٧/٢٥) لەگەرمەی دووەمین جەنگی جیهانی دا* هێزەکـانی ڕووس لــەباکورەوە و ســەربازەکانی ئینگلیــز لەباشــوورەوە هێرشیان کردە سەر ئێران. پاش چەند ڕۆژێك شـیرازەی سـوپای ئێـران لەیەك ترازا و ئێران داگیرکرا[٣٦]. داگیرکردنی ئێران لەلایەن سوپای

[٣٤] **عبدولرحمان قاسملۆ: کوردستان وکورد، و،عەبدوڵا حەسەن زادە ،چ١ ،هەولێر ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ،٢٠٠٧،ل٨٤ .**

[٣٥] ڕەحیم سابیر: س، پ، ل٩.

[٣٦] قــوام ســەڵتەنە: موحاکەمــەکردنی پێشــەوا قــازی محەمــەد لەیادشــتەکانی قــوام سەڵتەنە دا ، و، موکری ، چ ٤ ، هەولێر ،٢٠٠٧ ،ل١٩ –٢٠.




**ڕەزا شای بەهلەوی لەگەڵ هەندێك لەفەرماندە سەربازیەکانی** .

سۆڤێت و بەریتانیاوە بووە هۆی لێکترازانی رێکخراوی سەربازی سوپای ئێـران لەناوچـە داگیرکراوەکـان دا. لاوازی بەڕێوەبـەری لـەو ناوچـانەدا لەئاکامی فەرمانێکی هەڵـەوەبوو، کـە جەنـەراڵ(ئەحمـەد نەخچـەوانی)، وەزیری جەنگ دابووییە سەربازەکان کەبەتوندی ورەیان لەدەسـتدابوو. هەرچەندە ئەم فەرمانـە لەماوەیـەکی کـورت دا ڕاسـت کرایـەوە و سـەر لـەنوێ ڕەوانـە کرایـەوە، بـەڵام تـازە کارلـەکار ترازابـوو سـەربازەکان

*ئێران لەجەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند بـوو، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئامـادە نـەبوو بـەهێزی چـەکدار پارێزگـاری لـەم بڕیـارەی خـۆی بکـات، نـە لەساڵانی جەنگی یەکەم و جەنگی دووەمی جیهان هیچ کام لەلایەنەکانی جـەنگ رێـزی ئەم بێلایەنی یەیان نەگرت، لەهەردوو جار هێزەکانی بێگانە هاتنە نـاو خـاکی ئێـران و بەئارەزووی خۆیان بـێ هـیچ بەرهەڵسـتی یـەك تـەراتێنیان تـێ دا ئـەکرد. نەوشـیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان، ل٢٨ .

نەگەڕانــەوە ســەر ئەركــەكانیان بەتایبــەت لەناوچــەی كوردســتاندا(٣٧). بەریتانیا و یەكێتی سۆڤێت درێـژەیان بەهێرشـەكەیان داو لـەئابی١٩٤١ ڕۆژئاوایی ئێرانیان داگیركرد و ڕەزاشای هـەواداری ئـەڵمانیان ناچاركرد واز لەپاشایەتی بهێنێ بۆ كوڕەكەی(محەمەد ڕەزا شـا)(٣٨). لـە٦ئـەیلولی ١٩٤١(رەزا شـــا) یـــان بـــۆ دوورگـــەی مـــوریس لـــەوڵاتی ئەرجـــەنتین دوورخســـتەوە و لـــە(١٦ی ئـــەیلول)ی هـــەمان ســـاڵدا(محەمەد ڕەزا)شـــای كوڕیـــان بەفـــەرمی لەجێگـــەی دانـــا(٣٩). یـــەكێتی ســـۆڤێت لەدەریای خـەزەرەوە لـەڕێگای توركمەنستانەوە هێزەكانیان گەیاندە ئێران، توانیان بەشـی هـەرەزۆری بـاكوری ئێـران داگـیر بكـەن و هێزەكانیـان لـە(ئازەربایجـان) و بەشـێك لە(ڕەشت و گـەیلان) جێگـر بكـەن، تەنانـەت لـەو بـەر دەریـای خـەزەر



محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی و چەند كوردێك، ساڵی 1940

[٣٧] حەسەن ئەرفەع: كوردەكان، و، سامان عەبدولا ، چ١، چاپخانەی گـەنج، سـلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١١٣.

[٣٨] دیڤید مەكدوال: مێژووی هاوچەرخی كورد، و ئەبوبەكر خۆشناو، چ٢، ٢٠٠٥، ل٣٨١.

[٣٩] قـوام سـەڵتەنە: موحاكەمـەكردنی پێشـەوا قـازی محەمـەد لەیاداشـتەكانی قـوام سەڵتەنەدا، س، پ، ل١٩ —٢٠.

تاسمنــان هێزەکانیــان جێگــر دەبــن. بــەریتانیاش کــە هێزەکانیــان لە(بەغداد) جێگر بـوو، لـەڕێگای خانەقینـەوە هێزێـك بـەڕێ دەکـات بـۆ ئێران، لە(کرماشان، هەمەدان، قـەزوین) جێگـردەبن، ئـەوە ڕێخۆشـکەر دەبێــت بــەریتانیا بتوانێــت دەســت بەســەر بەشــێکی زۆری خــوارووی ڕۆژهەلاّتی کوردســتاندا بگرێــت، لەوانــە ســەقز، ســنە هــەتا کرماشــان و خوارتر بگرن، بەریتانیا لەڕێگای بەسرەشەوە هێـز دەنێرێتـە نێوخـاکی ئێران[٤٠]. بەهاتنــە نــاوەی هاوپــەیمانان کۆتــایی بەفرانخوازیــەکانی(ڕەزا شــا) هــات و مافــە دیموکراتیــەکانی نەتــەوەکانی ئێــران بــوو بەجێگــەی سەرنجی هێزە خەباتگێڕەکان و، سەربەســتییان بـۆ خــەڵك گەڕانـدەوە، ڕێگە خۆشبوو بۆ دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی[٤١]. حکومەتــە یەك لەدوایی یەکەکانی ئێران لەسالأنی دووەمین جەنگی جیهانی چ دوای کۆتایی هاتنی، گالّتەیان بەمەسەلەی نەتەوایەتی کورد دەهات و ئامادە نــەبوون کــەمترین مــاف بۆگــەلی کــورد لــەئێران بســەلمێنن. لەباشــوور و ناوەنـدی کوردســتانی ئێـران ئـەو ناوچـانەی حکومـەتی تـاران دەسـتی بەسەریدا دەڕۆیی دەسەلاّتێکی سەربازی بیرۆکراتی ئێرانی دامــەزرابوو، کە لەگەڵ کۆتــایی هــاتنی جــەنگ دا ڕۆژ بــەڕۆژ فشــاریان لەســەرخەڵکی شــارەکان و هــۆزە نیشــتیمان پــەروەرەکان زیــاتر دەبــوون، بــەجۆرێك

[٤٠] ڕەحمان نەقشی: س، پ، ل١١.

[٤١] دوکتۆرعەبدولڕەحمان قاسملوو: کوردســتان ئــازار و کۆڵنــەدان، و، ئــیرەج عیبــادی، چ١، ٢٠١٤، ل٥٩.

بەچەشنی کۆلۆنیەك مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا دەکرد. ئەوانە هەموو هەوڵ و بایەخێکیان ئەوەبوو بنکەو بارەگا سەربازییەکان لەم ناوچەیە بەهێز بکەن سیخوڕەکانیان بڵاوبکەنەوە تارێگا لەو شەپۆلە ئازادی خوازی و نەتەوەییە بگرن کە لەهەرێمی موکریانی* باکورەوە قوڵپی دەدا[٤٢]. لەئاکامی گرنگیدانی بەریتانیا بەو ڕاپۆرتە ڕۆشنانەی دەرباری ئۆتۆنۆمی ناوچەی(بۆشایی) دەهاتن، کە ئەم ناوچەیە هەر لە ساڵی(١٩٤١)یەکەوە لەدەوروبەری (مەهاباد)ی ئێران کە ناوچەیەکی بۆشایی بێ لایەن بوو لەنێوان سوپای ڕووسی لەباکوور و سەربازانی ئێران و بەریتانیا لەباشوور ناوەڕۆکی کۆبونەوە بوو[٤٣]. دەسەڵاتی سۆڤێت لەباکوری ئێران بەتایبەتی لەئازەربایجان و(مەهاباد)

[٤٢] کاروان عوسمان: لەبۆتەی کۆماری (مەهاباد) ،چ١،سلێمانی ، ل١٢٧.

*موکریان: زەوی زارێکی بەپیت بەرەکەتی هەیە، ناوچە دەشتایەکانی وەك سندوس، لاجان، میانداو تێدایە، شاری جوان و ڕازاوەی وەك(مەهاباد، بۆکان، میانداو، نەغەدە، شنۆ، سەردەشت، ئەکەونە ئەم هەرێمەوە، موکریان عەشیرەت و هۆزی ناوداری(هورمزیار، دیبوکری، شکاك، تیلەکۆ، گەڵباخی، فەیزولآبەگی،حەسەن خالی، مەنگور، مامەش، بلباس) تێدایە. محەمەد بهاالدین ملا صاحب: قازی محەمەد و کۆماری مەهاباد، چ١، سلێمانی، ١٩٧١، ل٨-٩.

[٤٣] دانا ئادامز شمیدت: سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکان لەکوردستان ، و، ئەبوبەکر صالح ئیسماعیل ،چ١ ،چاپخانەی دهۆك، ٢٠٠٨، ل١٩٢.

دەسـەلاَتێکی یـەکجار دیـاری هـەبوو[٤٤]. کوردسـتانێکی ئـازاد خـەونی نەتەوە پـەروەرانی کـورد بـووە، هەمیشـە هـەولَی ڕزگـارکردنی ولاَتیـان داوە لەدەست ڕژێمە داگیرکەرەکان، هەلَوێستی سلبی حکومـەتی ئێـران بەرانبـەر داواکاریـەکانی کـورد، بەدرێـژای سـالَەکانی جـەنگی دووەمـی جیهانی و ئەو کوشت و کوشـتارەی فەرمانـدە سـەربازیەکانی شاهەنشـا لەناوەنـدی کوردسـتاندا هانـدەرێکی گـەورە بـوو بـۆ دروسـتبوونی بزوتنەوەی نەتەوایـەتی کـورد[٤٥]. نەتـەوەکانی ئێـران بەتایبـەتی کـورد لەژێر دەسەلاَتی ڕەزا شادا بڕستیان لێ بڕابوو، لەژێر قامچـی و کوشـتار و تالاَن و بڕۆدا ببوونـە جەسـتەیەکی بـێ گیـان[٤٦]. (حیزبـی هیـوا)*ش دەورێکی باشی بینی لەئاراستە کردنی ڕۆشنبیرانی کوردستانی ئێـران و

[٤٤] کـەنالَی ئاسمـانی سـپێدە: بەرنامـەی تایبەت،کاتـژمێر(٧)ی شـەو، ٢٠١٢/١/١٩، ئامادەکردنی ئیبراهیمی ڕەحمی .

[٤٥] هەوارعومەرفـەقێ ئـەمین: ڕۆلَـی کۆمـار لەپێشخسـتنی ئـەدەب دا، چ١، سـلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٠.

[٤٦] هاشم سەلیمی: پێشەوای ڕابوون، س، پ، ل٣٧.

*حیزبی هیوا لەسالَی ١٩٣٩ز لەسلێمانی دامەزرا، ڕەفیق حیلمی سەرۆکایەتی دەکرد. کـە سـەرکردایەتی یەکـەی لەبەغـداد بـوو، لقـەکانی لەکـەرکوك، سـلێمانی، هـەولێر و هەنـدێك شـاری عێـراق بـوو، حیزبـی هیـوا ڕێکخراوێکـی چـەپ و لایـەنگری بـیری کۆمۆنیسـتی بـوو، ڕۆژنامـەی ئـازادی زمانحـانی حیـزب بـوو، بەڕاشـکاوی پشـتی کۆمـۆنیزمی نێونەتـەوەیی دەگـرت و دژی کۆنـە پەرسـتی و دەرەبەگایـەتی و ئیمپرایالیزم خەباتی دەکرد .

هانـدانی چـالاکانەی بـۆ دامەزرانـدنی ڕێکخراوێکـی نـوێ و گونجـاو لـەو ســـەردەمەدا[٤٧]. لەهەلومـــەرجێکی وەهـــادا لـــە(٢٥)ی ئـــابی(١٩٤١) کەسـوپای دەوڵەتــە هاوپەیمانــەکان لــەئێران و خۆرهــەڵاتی کوردسـتان جێگیربوون . کوردستان کەوتە ژێر دەستی سوپای سۆڤیەت و ئینگلیـز و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئێران و تورکیـا بەتونـدی دژی داوا ڕەواکـانی گەلی کوردستان کەوتنە جموجۆڵ و دەیان پلانیان دژی نەتـەوەی ئێمـە گێـڕا کەبەشـێکیان لەدانیشـتن و نامـە گۆڕینـەوەکانی نێـوان (حەیـدەر ئـەکباتی) لێپرسـراوی بـاڵیۆزی تورکیـا و(ئابی.ویشین،سـکی) وەزیـری کاروبـاری دەروەی سـۆڤیەت و(ئیـدەن) وەزیـری دەرەوەی بـەریتانیا و (کلیپس) باڵوێزی بـەریتانیا لەسـۆڤیەت و(مۆلۆتـۆڤ) وەزیـری دەرەوەی کاروبـاری سـۆڤیەت ڕەنـگ دەدەنـەوە[٤٨]. دوایـی داگیرکردنـی بـاکوری ئێران لەلایەن سوپای سـۆڤێتەوە، کاربەدەسـتانی ئـەو وولاتـە بـەزووی داوایان لەژمارەیەك سەرۆك هۆز و کەسانی ناوداری کورد کـرد، بچـن لـە نزیکــەوە ئازەربایجــانی ســۆڤێت ببیــنن، بـۆ ئــەو مەبەسـتە ئــەوانیان بەسـواری قــەتار بــردە باکۆ(باقرۆف)ســەرۆك وەزیرانــی ئازەربایجــانی سـۆڤێت پێشـوازی لێکـردن، ئـەوانیان بـردە شـوێنی پـاڵاوتنی نـەوت و ناوەندەکانی پیشەسازییان پیشاندان. زۆربەی میوانەکان سەرۆکی هـۆز

---

[٤٧] مەحمودمـەلا عیـزەت: کۆمـاری میلـی کوردسـتان، چ١، چـاپخانەی بـراهیم عـەزۆ، ١٩٨٤، ل٦٣ .

[٤٨] حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ، چ١ ،هەولێر، ٢٠٠٤ ، ل٥٨.

و دەربەگـەکان بـوون، بەبۆچـوونی سـۆڤێت جێگـای بـاوەڕ نـەبوون، بانگهێشـتکراوەکان بـریتی بـوون لـە:(قازی محەمـەد)، عـەلی ئاغـای دێبوکری، عومەر کوڕی عـەلی ئاغـا، مەجید خـان گونـدی قـەرەوێران _میاندواو، حاجی بابا شێخ، شێخ عەبدولاّ ئێلخانیزادەی بۆکان، ڕەشید و تەها هەرکی، زێرۆبەگی بەهادری لەهۆزی دۆست حەسەن، مەمدەوی شـکاك، موسـا خـانی زەرزا، حـاجی قـەرەنی ئاغـای مامـەش، سـەید محەمەد سادق کوڕی سەید تەها نەوەی شێخ عوبەیدولاّ، دوو هەفتە لـە ئازەربایجـانی سـۆڤێت مانـەوە و دواتـر گەڕانەوە(مـەهاباد)، لەوکاتـەدا سۆڤێت سیاسەتێکی ڕوونی سەبارەت بەکوردەکان نەبوو[٤٩]. پەیوەندی نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕووس و سەرکردەی هۆزە کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆسـاڵی ١٨٠٤زایـنی، لەشـەڕی ڕووس و ئێرانـدا(١٨٠٤–١٨١٣) ئـەمیر جیجیـانۆف سـەرکردەی گشـتی لـەجۆرجیا لـە(٢٤ی تـەموزی١٨٠٤)دا نامەیـەکی نـارد بۆ(حوسـێن ئاغـا) سـەرۆکی خێڵـە کۆچـەرەکانی کـورد لەیەریڤان، کە پشتگیری ڕوسەکان بکات، هەر چەند وەلاّمی ئەو نامـەی نەدایەوە بەلاّم یەریڤانی چۆڵکرد لەو کاتـەی سـەربازی ڕووس ئابلۆقـەی دابوو، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لەشەڕی نێـوان ڕووس و تـورك دا لەسـاڵی(١٨٢٨–١٨٢٩) کوردەکـان زیـاتر یارمەتیـدەری سـوپای ڕوس بـوون، بـەلاّم زۆر جـاریش هـەبووە ڕووسـەکان ڕاسـتەوخۆ دژی کـورد هێزیـــان بـــەکارهێناوە وەك لەشۆڕشـــەکەی شـــەمزینان دا (١٨٨٠–

[٤٩] حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، س، پ، ل١٢٠–١٢١.

١٨٨١)[٥٠]. لـە(١٩٤١/٩/٢٥)ز دا دوای مانگێـك لـەگرتنی ئێـران لەلایـەن هێــزی بــەریتانیا و ســۆڤێتەوە دوو ئەفســەری ئینگلیــز و ئــەمریکی لە(مەهاباد)، دیداریان لەگەڵ(قازی محەمـەد) کـرد لـەم دیـدارەدا(قـازی محەمەد) نەخشەی یەکێتی کوردستانی بۆدوو ئەفسەری نێوبراو شەرح



**قازی محەمەد لەگەڵ ژمارەیەك سەرۆك هۆز و كەسایەتی ناسراوی كورد**.

کردوو، لـێ پرسـین چـۆن دەتـوانێ پەیوەنـدی بەسـەرکردایەتی گشـتی هێزەکـانی بــەریتانیاوە بکـات، ئەفســەرە ئینگلیزەکــە لــەم دیــدارە مامەڵەیی دروستی لەگەڵ مەسەلەکەدا کـردوو،(قـازی محەمـەدی) هانـدا کە لەدووی ئەم مەسەلەیە کـەوێ، لـەدوای ئـەم نائومێدیـەوە بوو(قـازی محەمــەد) لەگــەڵ ســۆڤێتیەکاندا کەوتــە گفتوگــۆی سیاســیەوە[٥١]. کاربەدەستانی سۆڤێت لەناوچـەکەدا، وای بۆچـوون کـە هـاتنی سـوپای

[٥٠] مەحمودمەلا عیزەت: کۆماری میلی کوردستان، س، پ، ل٢٦ .

[٥١] کرێس کۆچێرا: س، پ، ل٢٠٠.

ئێـران، دەوری ئـەوان بەتایبـەت لـەناو دانیشـتواندا کـەم دەکاتـەوە و پێشبینی ئەوەیان کرد بوو، کە لەگەڵ ئەوسوپایەدا توشی تێکهەڵچوون ببن، دیارە ئەوەیان نەویستوە چونکە هێشتا چارەنوسی دووەم جەنگی جیهـانی نادیـار بـووە و، هـەموو هەوڵـەکان بۆشکسـت هێنـانی فاشـیزم بـوون. وەك هەنـدێ سەرچـاوە ئاماژەیـان پـێ داوە !، فەرمانبـەرانی سـۆڤیەت لـەوە دوواون کەسیاسـەتی ڕژێمـی ڕەزاشـا بەرامبـەر بـەکورد کۆنەپەرستانەو شۆڤێنیانە بووە، وەتێ کۆشـاوە ئـاژاوە و دوژمنایـەتی لـەنێوان گـەلانی دانیشـتووی ناوچـەکەدا، بەتایبـەت ئـازەری و کـورد دروسـت بکـات، بۆیـە کوردەکـان بەچـاوێکی خـراپ وبـێ باوەڕییـەوە ڕوانیویانەتـە سـوپای ئێـران و گومانیـان لێـی هـەبووە کـەبۆ پاراسـتنی هێمنـی و ئاسـایش بێتـە ناوچـەکە[٥٢]. لـە(١٦ی ئـابی١٩٤٢) کۆمەڵـەی ژیانەوەی کورد(ژێ کاف) دامـەزرا، لەژمارەیـەك ڕونـاکبیر و ڕۆشـنبیر و

---

[٥٢] ئەفراسیاو هەورامی: ڕۆژهەلأتی کوردستان لەسـەردەمی دووەم جـەنگی جیهانیـدا، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٦٢–٦٣.

*میر حاج ئەحمەد، مستەفا خۆشـناو: لەئەفسـەرەکانی سـوپای عێـراق بـوون، دواتـر لەڕاپەڕینی بارزانیەکاندا بەشـداریان کـرد و لـەکۆماری کوردسـتانیش بەرپرسـایەتییان هەبوو، دوای ڕووخانی کۆمار لەگەڵ(مستەفا بارزانی) (مەهاباد)یان جێهێشت، میرحـاج لەگـەڵ بارزانیـەکان چـووە سـۆڤییەت و دواتـر لەگـەڵ ئـەوان گەڕایـەوە، مسـتەفا خۆشـناویش گەڕایـەوە عێـراق و لەگـەڵ سـێ ئەفسـەری دیکـە بـەناوی عیـزەت عەبدولعەزیز، محەمەد مەحمود قودسی و خیروڵا عەبدولکەریم لەسێ دارە درا. جـەلیل گادانی: پەنجا ساڵ خەبات، ل١٩ .

کاسبکارانی شاری مەهاباد، کەژمارەیان پازدە کەس دەبوو، لەنزیك چەمی سابلاغ، بە ئامادەبوونی(میر حاج ئەحمەد*، مستەفا خۆشناو) کە ئەفسەرێکی کوردی باشوری کوردستان و ئەندامی نهێنی حیزبی هیوا بوون، بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی کوردی نێوان هەردوو پارچەکەی کوردستان بەنوێنەرایەتی حیزبی هیوا ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون(٥٣). کۆمەڵەی(ژێ کاف) لەلایەن عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەزیز زەندی، حوسێنی فروهەر، قاسمی قادری قازی، عەبدولڕەحمانی ئیمامی، مەلا



**هەردوو شاعیری ناوداری کورد هێمن موکریانی**
**و هەژار موکریانی لەگەڵ قازی محەمەد**

عەبدولقادر مودەریس، عەبدولڕەحمان کیانی، ئەحمەد عیلمی، هەردوو شاعیری نەتەوەی کورد هێمن (مەهاباد)ی و هەژار موکریانی، مەلا

---

٥٣ هیوا عوسمان بەڵغی و هاوبیر فەلاح: بنچینەکانی کاری پارتایەتی و مێژووی پارتی سیاسی لە کوردستانی عێراق، چ١، هەولێر، ٢٠٢١، ل٩٦.

عەبـدوڵای داودی و چـەند  تێکۆشـەرێکی تـری کـورد دامـەزرا[٥٤]. لـە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی کەهاتبووە ئـاراوە، دامەزرێنـەرانی(ژێ کـاف) ژمارەیـەك کەسـایەتی نیشـتیمان پەروەری(مـەهاباد) بـوون، کەپێشـتر هەندێکیان بە(پارتی هیوا) لەباشـوری کوردسـتان ئاشـنا بـوون، دیـارە ئەگەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو سەردەمەی ئێران بهێنیتە پـێش چـاومان، دڵنیـا دەبـین کـەجموجوڵێکی نموونـەی و نـەوعی بـوو هەروەها لایەنی مەعنەوی و ئیمانی تەواو بەسـەر کۆمەڵـەی(ژێ.کاف)دا زاڵبـوو[٥٥].لـە(١٣ی ئایـاری ١٩٤٣) سـەرکردایەتی کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردســتان بــە بەشــداربوونی(٢٥) ئەنــدام لەچـیای(قەڵای ســارمێ) لەخۆرهـــەڵاتی شـــاری(مەهاباد) پێکهێنـــراو بریاریانـــدا پەیوەنـــدی بەکاربەدەسـتانی سـۆڤیەتەوە بکـات[٥٦]. بەڵگەنامەیـەکی مێـژووی نیـە یــەکێتی ســۆڤێت تاســاڵی ١٩٤٣ز پەیوەندیــەك لــەنێوان کۆمەڵــە و لێپرسراوانی سۆڤێت لە ئێران دا هەبووبێت. لـەدوای تـەواو بـوونی شـەڕ یەکێتی سۆڤێت دەبوایە لـەماوەی(٦مـانگ)دا هێزەکـانی خـۆی لـەئێران بباتە دەرەوە، بەڵام سەرکردایەتی سۆڤێت نەیدەویست هێزەکانی خۆی

---

[٥٤] عەلی کەندی: مێژوونامە، بەرگی یەکەم، چ١ ، باشوری کوردسـتان ،هـەولێر ،٢٠٠٧ ، ل٤٧٥. جەلیل گادانی: پەنجاساڵ خەبات، س، پ، ل١٨.

[٥٥] عومەرعبدالعزیز: دەروازەیەك بەرووی خوێندنەوەیەکی نوێ(ژ. کاف)و پێشەوا قـازی محەمەدی شەهید وکۆماری کوردستاندا،بانگی هەق،ژ١٨، سلیمانی ،٢٠٠٥،ل٤١–٤٢.

[٥٦] عەلی کەندی: س، پ، ل٤٧٥. جەلیل گادانی: س، پ، ل١٨.

بەئاسانی لەئێران بباتە دەرەوە و دوای کشانەوەی هێزەکانی جێگەی خۆی لەو مەڵبەندە گرنگەدا نەمێنێ و سەرمایەگوزارەکەی بەفیڕۆ بدات، بۆیە هەلومەرجی سیاسی سۆڤێت وایخواست لەگەڵ گەلانی ناوچەکەدا پەیوەندی هەبێت و گرنگیان پێبدات، بۆ ئەمەش پەیوەندی لەگەڵ پیاوە ناودارەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا کرد، ئەمەش وایکرد کەبەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەدروست بوونی هەردوو کۆمەڵەدا دەستی هەبێت[٥٧]. کۆمەڵەی (ژێ.کاف) کەناوەندەکەی شاری مەهاباد بوو، بەرە بەرە گەشەی کرد و بوو بە ڕێکخراوێکی چالاکی جەماوەری. لە(مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، سەقز، کرماشان، شنۆ) لەهەولێر و سلێمانی کۆمیتەی ناوخۆی هەبوو. (ژێ.کاف) پەیوەندی نزیك و برایانەی لەگەڵ (حیزبی هیوا) و (مستەفا بارزانی) و شۆڕشی بارزان دامەزراند[٥٨]. دامەزراندنی کۆمەڵە لەمێژووی خەباتی کورد لە کوردستانی ئێران دا دیاردەیەکی نوێ بوو، چونکە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی بوو، کە لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە پێکهات، دامەزرێنەرانی (ژێ.کاف) لەچین و توێژەکانی ناو خەڵکی مەهاباد بوون، ئەوان بەدامەزرێنەرانی(ژێ.کاف) ڕێوڕەسمی کۆنیان شکاند، (ژێ.کاف) بەهۆی بەرنامەی نیشتمانی چەشنی ڕێکخراوی و

---

[٥٧] هەوار عومەر فەقێ ئەمین: س، پ، ل٢٢.

[٥٨] حامید گەوهەری: قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆك کۆماری کوردستان، چ١، هەولێر، ٢٠١٧، ل٦٧.

هەڵسوڕانیەوە بەخێرایی لەسەرانسەری كوردستان لق و پۆی هاویشت و كۆمەڵانی زەحمەت كێش و بازاڕی و كاسبكار و هۆزەكانی كوردی لە بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و وریاكردنەوەی سیاسی خەڵكدا نەخشێكی گرنگیان هەبوو[٥٩]. دووەم جەنگی جیهانیش كاریگەرییەكی گەورەی كردە سەر كوردەكانی ئێران و هەستی نەتەوەیی ورژاندن لەڕاستیدا داگیركردنی ناوچەكانی باكوور و ڕۆژئاوای ئێران لەلایەن هێزەكانی سۆڤیەت و ئینگلیزەوە لە(١٩٤١/٨/٢٥) كەوتنی(ڕەزا شا) لەپاشایەتی لە(١٩٤١/٩/١٦)دا بووە هۆی لاوازبوونی دەوڵەتی ناوەند و بەهێزبوونی بزوتنەوەی ئازادیخوازەكان لەناوچەكەدا[٦٠]. وەك ئاماژەمان پێدا لادانی (رەزا شا) لەلایەن دەوڵەتانی هاوپەیمانەوە بۆشاییەكی سیاسی لەئێران دروستكردبوو. ئەمەش بواری بەهێزەكانی سۆڤێت دا ئەوهەلە بقۆزنەوە بێنە ناو خاكی ئێرانەوە و لەبەری باكوریەوە پەلاماری بدەن بەوڕوداوەش تەنها لەماوەی(٢٢) ڕۆژدا بەهاتنە ناوەوەی هاوپەیمانان دەسەڵاتی(ڕەزا شا) نەماو ڕێگە خۆش بوو بۆ دامەزراندنی پارت ورێكخراوی سیاسی[٦١]. لەبەرئەنجامی ئەو جەنگەی(لە١ ئەیلولی ١٩٣٩) ڕوویاندا ئێران بێ لایەنی خۆی لەو جەنگەدا ڕاگەیاند، ئەوە بوو تا دوو ساڵ توانی ئاگری شەڕەكە لەخۆی

٥٩ هەوار عومەر فەقێ ئەمین: س، پ، ل١٠ .

٦٠ حەمە كەریم عارف: كورد لەئینسكلۆپیدیای ئیسلامدا ،چ١، سلێمانی ،٢٠٠٧،ل١٧٠.

٦١ ئاوارە حسین: كورد ودەوڵەت ، س، پ، ل٧٠ .

دووربخاتەوە، بەڵام لەساڵی ١٩٤١ کاتێ هێرشی ئەڵمان بۆ سەر ڕووسیا دەستی پێکرد، ئەمریکا و بەریتانیا بەمەبەستی بەهاناوە چوونی سۆڤیەت چوونە ئێرانەوە چونکە ئێران کورترین ڕێگە بوو بیان گەیەنێتە سۆڤیەت بۆ یارمەتیدانی، ئیتر دوای هاتنە ناوەوەی بەریتانیا و ئەمریکا، ئێران سوپا و هێزی نەما بۆشایی سیاسی دروست بوو، (مەهاباد) لەو کاتەدا نەسوپای سوری سۆڤیەتی تیدابوو، نەبەریتانیای تێدا بوو، بۆیە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی کوردی بەناوی (ژێ.کاف) دامەزرا[٦٢]. ساڵی ١٩٤٢زاینی دەوڵەتی ئێران، سەروانێك و جێگرێکی کوردی نارده (مەهاباد) تا ئاسایشی ئەو ناوچەیە بپارێزن، چونکە ڕووسەکان ڕێگەیان نەدا بەسوپای ئێران بچێتە ئەو شارە، تەنها هێزی دەوڵەتی ئێران لە(مەهاباد) ئەو کات ئیدارەی شارەوانی بوو کە چوارده پۆلیسی هەبوو، جەنەراڵ(هۆشمەند ئەفشار) بەدژواری توانی چەند کاتژمێرێك لە(مەهاباد) بمێنێتەوە، کاتێك مەئمورەکانی ئاسایش گەیشتنە ئەو شارە، خەڵکی (مەهاباد) ئەوانیان لەشار دەرکرد. لەمانگی٥/١٩٤٣زاینی هەندێك لەدانیشتوانی خەڵکی(مەهاباد) هێرشیان کردە سەر شارەوانی بەمەبەستی چەك کردنی ئەو بنکەیە، دوای ماوەیەك تەقە و پێکدادان، باڵەخانەی شارەوانی(مەهاباد)یان ڕووخاند و چەند پۆلیسیان کوشت، بەم جۆرە دەسەڵاتی حکومەتی ئێران

---

[٦٢] کوردستان تی ڤی: کورد لەسەرچاوەکانی مێژوودا، کاتژمیر ٤٥،١٢ دەقیقە ، ٢٠١٢/٢/١٩.

لە(مەهاباد) هەر بەناو مابوویەوە[٦٣]. کۆمەڵـەی(ژێ.کاف) ڕێکخراوێکـی داخراو بوو، بۆ غەیرە کـورد، هـەر کوردێـك ئەگـەر بیوسـتایە بێتـە نـاو ڕیزەکـانی کۆمەڵەکـە ئـەوا بەتاقیکردنەوەیـەکی دژوار تێپـەڕ دەبـوو، لەهەموو بارێکەوە دەبوایە جێی دڵنیایی بوایە، پاشان بەقورئانی پیرۆز سـوێند دەدرا، سـەرەڕای خـەباتی نهـێنی و بەرتەسـك بـوونی ئیمکـانی تێکۆشانی بەربلاو، کۆمەڵەی (ژێ.کاف) توانیویەتی لەڕاپەڕینی خـەڵکی کوردسـتان دەوری بەرچـاوی هـەبێت، (ژێ.کـاف) هەسـتی کوردایـەتی تاڕادەیـەکی زۆر لـەنێو خەڵکـدا زینـدوو کـردەوە، وردە وردە خــەڵکی لەئەدەبیاتی کوردی ئاشنا کرد، بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوون و سیاسـەتی کۆمەڵە، یەکەم گۆڤاری کورد بەناوی نیشـتمان لەلایـەن ئـەم ڕێکخـراوە چاپ و بڵاوکرایەوە. کۆمەڵەی (ژێ.کاف) کە ماوەی سێ ساڵ خـەبات و تێکۆشانی بەردەوام و نهێنی بوو، پێگەیەکی کۆمەڵایـەتی پەیـدا دەکـا، بەڵام لەڕاستیدا ئامانجەکانی خۆی بەشێوەیەکی زانسـتیانە نـەهێنابووە دی، باسـێکی ئـەوتۆیان لـەدیموکراتی و خودموختـاری بـۆ خـەڵك پـێ نــەبوو[٦٤]. (قــازی محەمــەد) لــەپێش چــاوی هــەموان دا ووتبــووی (ژێ.کـاف) ڕێکخراوێکـی تـازە پێگەیشـتووە لەوانەیـە تووشـی هەڵـەی

[٦٣] حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، س، پ، ل١٢٣.

[٦٤] جەلیل گادانی: پەنجاساڵ خەبات، ب١، س، پ، ل١٩ .

زۆربیَ، بۆیە پێویستی بەڕێنوێنی و چاودێری کردن هەیە[٦٥]. (قـازی محەمـەد) لـەمانگی(٥/١٩٤٤) دەبێتـە ئەنـدام لەکۆمەڵـەی (ژێ.کـاف)، ناوی نهێنی بینایی بۆ دانرا، بەئەندام بوونیشی خێرا دەکرێتـە سـەرۆکی کۆمەڵەکە کەپێشـتر(عەبدولڕەحمان زەبیحـی) سـەرۆکی کۆمەڵـە بـووە، قـازی بـۆ ئەنـدامێتی بـانگکرا بـۆ مـاڵی (ئەحمـەد ئیلاهـی) کـە دواتـر لەحکومەتی قـازی دا بـوو بـە وەزیـری دارایـی و ئـابوری، قـازی لەوێـدا بەلێنی پێدان ببێتە ئەندامی کۆمەڵە، کۆمەڵەی (ژێ.کاف) بۆ ئەندامێتی چەند مەرجێکی دانا بوو وەك:

هەرگیز خیانەت لەکورد نەکات .

بۆ خودموختاری کوردستان لەتێکۆشان نەوەستێت .

هیچ ڕازێکی ڕێکخراوەکە نە بەزمان نە بەقەڵەم نە بەئیشارات نەدرکێنیَ.

هەتا کۆتایی ژیانی ئەندامی کۆمەڵە بێت .

تـەواوی پیـاوانی کـورد بـەبرای خـۆی و ژنـانی کـورد بەخوشـکی خـۆی بزانیَ.

بــەبیَ ئیزنــی کۆمەڵــەی(ژێ.کاف) نەبێتــە ئەنــدامی هــیچ حیــزب و ڕێکخراوێکی تر. ئەم هۆکارانـە ڕۆڵـی کاریگـەریان هـەبوو لەدامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان[٦٦]. بەئەنـدام بـوونی قـازی ڕێکخراوێکـی چـالاکی

[٦٥] ئەفراسیاو هەورامی: ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەڵگەنامەکانی سۆڤییەتدا (١٩٤٥-١٩٤٧)، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٧، ل٢٣.

[٦٦] ئاوارە حسین: کورد ودەوڵەت ،س، پ، ل٧١-٧٢.

لاوانی شاری مەهاباد بەناوی سازمانی جەوانانی کورد پەیوەندی دەکەن بەکۆمەڵەی(ژێ.کاف)، ناوی خۆیان گۆڕی بۆ ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژیانــەوەی کوردســتان[٦٧]. لەســەروی ســەقز حیــزب فــراوان بــوو لــەناو هۆزەکانی کورد، لەبۆکان ئاغاکانی ئیلخانی زادە چالاکانە دەجولاًنەوە، لەنەغەدە(حاجی قادری هەریری) بووە لێپسـراو بـۆ وەرگـرتنی ئەنـدام، لەشنۆ(موسـاخان) لـەخێڵی زەرزا ئەنـدامێکی چـالاك بـوو، شـێخەکانی هەرکی هـەموو چـوونە ڕیـزی کۆمەڵـەوە، (عەبـدولاً قـادر) مـامش بـووە چـالاکترین ئەنـدام، لـەناو شـکاك دا(عومــەرخان شــەریف) گــەورەترین سەرۆکیان بوو بەئەنـدام، لەسـاڵی ١٩٤٥دا زۆربـەی سـەرۆکی خێڵـەکان کورد و ژمارەیەکی زۆری هاولاًتیـان بـوون بەئەنـدام. بـەلاًم ئـەو فـراوان بوونە زیـاتر سروشـتی زاڵبـوونی گیـانی خێڵـەکی و هـۆزەکی بـوو، هـەر هۆزە و لەناوچەکەی دا بوو بەبنکەی کۆمەڵـەو، سـەرۆکی هۆزەکـە بـوو بەلێپرسراو لە ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بنکەی جەماوەری کۆمەڵـەی (ژێ کاف) تەنها ئـەو ناوچـانەی دەگرتـەوە لەشـکری سـور دەسـتی بـە سـەریان دا گرتبــوو[٦٨]. (ژێ.کــاف) لەســەر کۆڵەکــەی ئیســلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت، ئاشـتەوایی دامـەزرا، هـەموو یاسـاکان بـەپێی

[٦٧] حامید گەوهەری: قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆك کۆمـاری کوردسـتان، س، پ، ل٩١ .

[٦٨] مەحمودمەلا عیزەت: کۆماری میلی کوردستان، س، پ، ل٧٠ .

شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ دەکرد(٦٩). (قازی محەمەد) نەسەرۆك هۆز بوو نەکەسایەتییەکی سیاسی، ئەندامانی حیزب بیروبۆچوونی جیاوازیان لەسەری هەبوو، کەسایەتییەکی ئاینی بوو، کاربەدەستانی سۆڤێت دەیانزانی بەبێ ڕێبەرێکی ئاینی کۆمەڵە لەپشتیوانی سەرۆك هۆزەکان بێ بەش دەبێت، لەبەر ئەوە بەئەندامانی کۆمەڵەیان ڕاسپارد داوا لە(قازی محەمەد) بکەن بێتە ناو کۆمەڵەوە(٧٠). هەر لەوسەروبەندەدا یەکەم سەفەری(قازی محەمەد) بۆ تاران چاوپێکەوتنی بوو لەگەڵ شا و کاربەدەستانی ئێران کە چوار مانگ درێژەی کێشا، بەپێی ڕاپۆرتەکەی (قولیف) جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەت لەتەبرێز، دەبێت لەناوەڕاستی مانگی (١٠ی١٩٤٤) بوو بێت، واتە تا ئەو کاتەی چەند جارێك نوێنەرانی ڕژێمی تاران سەردانی کوردستانیان کرد داخوازیەکانی کوردەکانی ئەو ناوچەیان پێدرا(٧١). قازی هەر چەندە دەیزانی دووژمنانی کورد ڕاست ناکەن، بەلاّم لەگفتوگۆکاندا زۆر بەڕاشکاوی ڕای دەگەیاند کورد دەیەوێت لەڕێگای ئاشتی یەوە بەماف خۆی بگا، بەلاّم ئەگەر وانەبێت ئەوەی بۆی بکرێ دەیکات، زۆر بەڕاشکاوی بە شا و قەوامی ڕاگەیاند

---

[٦٩] نەوشێروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان کورد لەگەمەی سۆڤییەتدا ،چ٣ ، سلێمانی ٢٠٠٦ ، ل٦٥.

[٧٠] حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، س، پ، ل١٢٩.

[٧١] ئەفراسیاو هەورامی: پەیوەندیەکانی کوردستان وئازەربایجان وهەرەسهێنانی هەردوولا لەساڵی ١٩٤٦، چ١، سلێمانی ،٢٠٠٨ ، ل ٢٦٧.

بـوو ئێـوە لەقسـەکانی خۆتـان دا دوو دڵـن و ناتانـەوێت کێشـەی کـورد چارەسەر بکەن[٧٢].لەڕێوڕەسمێکدا کە لـەمانگی نیسـانی١٩٤٥ لەیانـەی ئەنجوومەن ڕێکخرا کۆمەڵـەی (ژ.ك) بەئاشـکرا هاتـە مەیـدان کۆنسـۆڵی یـەکێتی سـۆڤێت لەشـاری ورمـێ و سـەرۆکی ئازەربایجـان میـوانی ئـەم ڕێوڕەسمە بوون. لەوێ شانۆیەك بەناوی دایکی نیشتمان نمایش کرا کـە ژنێك ڕۆڵی دەبینی و لەلایەن سێ شـەلاتی کـە(ئێـران، عێـراق، تورکیـا) دەستدرێژی کرایە سەری، لەئاکام



**قازی محەمەد لەگەڵ چەند سەرکردە و فەرماندەیەکی سەربازیدا**

دا لەلایـەن ڕۆڵـە بەشـەرەفەکانیەوە لەچـنگی شـەلاتیەکان ڕزگـار کـرا، خەڵك بەو جۆرە شـانۆیە ئاشـنا نـەبوون، بەتونـدی وروژان بەشـێوەیەك کۆنە دوژمنـەکانیش بەگریانـەوە یەکـدیان لـەباوەش گـرت و سـوێندیان

٧٢ ئـا لیژنـەی ڕاگەیانـدنی فسـتیڤاڵی کۆمـار کوردستان،پێشـەوا– ژیـان وخـەبات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان، چاپی یەکەم،هەولێر،٤–٥ / ٤–٧–٢٠٠٧، ل٧ .

خوارد کە تۆڵەی کوردستان بکەنەوە لەکاتی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمەدا(قازی محەمەد) ئامادەبوو کە لەمێژبوو بەشوێن یەکێك دەگەڕان کەپێگەی لەناوچەکەدا هەبێت هەڵی سەنگێنن[٧٣]. مەناف کەریمی کە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ.ك) دەڵێت: هێشتا نازانم نوسەری دایکی نیشتیمان کێ بوو؟ ئەوەی لەو بارەیەوە بیستوومە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی(ڕەزا شا) لەساڵی ١٩٤١زاینی کە هەندێك ئازادی پێکهات، ژمارەیەك گەنجی مەهاباد هەندێك جار لەدەوری یەك کۆدەبوونەوە و ڕاهێنانی شانۆی دایکی نیشتیمانیان بەزمانی کوردی دەکرد. دەلێت: ئەو شانۆیە لەبیرۆکەی پێنج کۆپلە شیعری شاعیری کورد(عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی) هەژار سەرچاوەی گرتبوو، شیعرەکانیش ئەمانەن:

ڕاوکەری بەدخوو، خوێنڕێژ و خوێن خۆر   ئێوەبن خودا، بەسە زوڵم زۆر
لەژێر باڵم دا، ڕای مەپەڕێنن   هێلانەکەمان لێ مەڕوخێنن
دندوکی شوشی، شوشەی گیانمە   خەت و خاڵەکەی، حەزی گیانمە
من لەمەرگی خۆم دڵم ئێش ناکا   بەلاّم دەترسم تیر خەتا کا
نەدرێت لەخۆم، ڕۆڵەم بەرکەوێ   جەرگم ببرژێ، لەشیرین خەوێ

غەنی بلوریان دەڵێت: شانۆی دایکی نیشتیمان بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە مەهاباد نمایش کرا، خەڵکی مەهاباد بەکڕینی بلیت و دانی پارە تەماشای شانۆکەیان دەکرد، بەلاّم بۆ ئافرەتان و دانیشتوانی گوندەکان

[٧٣] ئارچی ڕزفلت: کۆماری (مەهاباد) ،و ئەبوبەکر خۆشناو ،چ١ ،سلیمانی ،١٩٩٨. ل٩.

بەبێ پارەبوو[٧٤].(ژ.ك) تەنها بیری لەڕوانگەی کوردەوە بوو، مەسەلەی کەمایەتی و ئایینی لەبەرچاو نەگرتبوو، هەر چەندە هەستی نەتەوایەتی زۆر گەشەی کردبوو، بەلاّم لەڕاستی دا هەستی شۆڤێنیزمی کوردی پێوە دیار بوو، کەبۆئەو کات گرفتی دروست دەکرد. چونکە دنیا بەرەو دیموکراتی دەڕۆیشت، نەیدەهێشت کورد بەو قەبارە بچووکەوە، دەوڵەتیکی سەربەخۆی هەبێت[٧٥]. لەڕێکەوتی(٩ی ئایاری١٩٤٥) بەبۆنەی سەرکەوتنەوە بەسەر فاشیزم دا ئاهەنگێك سازکراو ئالاّی سور لەمەیدانی ناوەندی شاری(مەهاباد) و ئالاّی نەتەوایەتی کورد لەسەر بینای کۆمەڵەی پەیوەندیەکانی کولتوریی سۆڤیەت هەرلەوێ هەڵکرا، ئەم کردەوەیە، بەوتەی دەسەلاّتدارانی کورد خۆیان، نیشانەی ئەوەیە کە کوردەکانی(مەهاباد) ئامادەنین چیتر دەسەلاّتداریّتی دەوڵەتی ئێران قبولّ بکەن. (ژێ کاف) بەپێی ئەو پرۆگرامە بەرینەی کە هەیەتی مەبەستی سەرەکی سەربەخۆیی کوردستان و بەربەرکانیی کۆنەپەرەستییە[٧٦]. دوای سەرنەگرتنی سەردانەکانی(قازی محەمەد) بۆ

---

[٧٤] حامید گەوهەری: قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆك کۆماری کوردستان، س پ، ل٩٤-٩٥.

[٧٥] جلیل گادانی: بۆلەسێدارەدانی قازی محەمەد کۆمەڵێك شێخ ومەلا وکۆمەڵێك لە خەڵکی (مەهاباد) ئیمزایان کرد لڤین ،ژ ٦١،هەولێر ،٢٠٠٨ ،ل٣٩.

[٧٦] ئەفراسیاو هەورامی: ڕۆژهەلاتی کوردستان لەسەردەمی دووەم جەنگی جیهانیدا س، پ، ل١٤٣.

تاران کارەکانی ڕێڕەوی دیکـەیان گرتەبـەر[٧٧]. پاشـان(قازی محەمـەد) سەفەری دووەمی کرد بۆ سۆڤیەت کە بەسەفەری دووەمی بـاکۆ ناسـرا، ئەوەبوو قازی کەوتـە ئاگادارکردنـەوەی کەسـانی بنـەڕەتی و سـەرەکی کۆمەڵــەی(ژێ.کاف) بۆدروســت کردنــی یــاخود گــۆڕینی کۆمەڵــەی (ژێ.کاف) بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان کەتاکـە ڕیکخراویـی سیاسـی ناوچـە کوردنشـینەکان بـوو لـەو سـەردەمە[٧٨].پـاش ئـەوەی(قـازی محەمەد) لە(باکۆ) گەڕایەوە، لە(مـەهاباد) بانگهێشـتی کۆبوونەوەیـەکی لەپیاوماقولاَن و ڕوناکبیران و ڕۆژنامەنوسان و ئەندامانی پەڕلـەمان کـرد تێدا بەشدار بوون، دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، ئــەم ڕوداوە بــووە هــۆی هەڵوەشــاندنەی کۆمەڵــە و پەیوەســت بــوونی ئەندامەکانی بەحیزبە تازەکەوە[٧٩]. ئەو داوای لە تێکڕای کورد کرد کـە پەیوەندی بەو حیزبەوە بکەن زۆرکەسیش ئەوکارەیان کرد .

بەیاننامەیەك کەئامانجەکان وسیاسەتی حیزبی تازە دامەزراوی گرتەخۆ، بەواژۆی(قازی محەمەد) و ژمارەیەکی مەزنی سەرانی کورد بلاَوکرایەوە، لەبەیاننامەکـەدا هـاتووە کەئێسـتا جیهـان لەدەسـتی فاشـیزم ڕزگـاری

---

[٧٧] کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد: خـەباتی ڕزگـاری خـوازی کـورد و ئـەزەر لـەئێران ،چ١ ، هەولێر ، ٢٠٠٤،ل٤٩

[٧٨] حەمید ڕەزا جەلائی پور: قـازی محەمـەد وکوردسـتان لەساڵەکانی (١٩٤٦–١٩٤١)، و، ئەحمەد ابراهیم وەرتی ،چ٢ ، هەولێر ، ٢٠٠٦، ل ٤٣–٤٤.

[٧٩] دیڤید مەکدوال: س، پ، ل٣٩٦.

بووە، کوردیش خوازیارە لەسودەکانی پەیمانی ئەتلانتیك بەهرەمەند بێت، جگە لەمافە دەستوری و مرۆڤایەتییەکان لەخەیاڵی شتێکی دیکەدا نیە، ئەو مافانەی(ڕەزا شا) بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی لێ لادەدا و نەیدەسەلماند[80]. ئەو بەیاننامەیەی لە(١٦ئابی١٩٤٥) لە(مەهاباد) بڵاوکرایەوە مۆری(٧١) کەسی بەسەرەوە بوو، کە هەموویان لە ئەندامانی(ژێ.کاف) و نوێنەری چین و توێژە کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان بوون، (حزبی دیموکراتی کوردستان)یان بەدرێژبوونەوەی شەرعی کۆمەڵەی(ژێ.کاف) زانی و کۆنگرەی یەکەمیان لەنێوان(٢٥تا٢٨ی تشرینی یەکەمی١٩٤٥) لە(مەهاباد) بەست، کەنوێنەری هەموو لق و ڕێکخراوەکانی ئامادەبوون. کۆنگرە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی حزبی دانا، بەرنامە لەچوار بەش پێکهاتبوو لەبەشی یەکەم دا(٢٢) مادە ئامادەکرابوو کەسروشتی دیموکراتیانەی حزبیان دەنواند، ئەویش پشتی بە(هەق و داد و شارستانیەت دەبەست[81]. هەروەها(قازی محەمەد)یان بە سەرۆکایەتی حزب هەڵبژارد و لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی ناوەندی و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی وچەندین بڕیاریان دا کە گرنگترین بڕیار مافی چارەی خۆنوسین بوو لەخۆرهەلاتی

---

[80] وەدیع جویدە: جولانەوەی نەتەوەی کورد و بنەماو پەرەسەندنی ، و یاسین سەردەشتی ،چ١ ،چاپخانەی سایە ،سلێمانی،٢٠٠٨،ل ٥٣٣.

[81] کەمال مەزهەر ئەحمەد: خەباتی ڕزگاری خوازی کورد و ئەزەر لەئێران ،چ١ ، هەولێر ، ٢٠٠٤،ل٤٩

کوردستاندا[٨٢]. بەجوانی دیارە کەسەرۆك خێڵ و دەرەبەگی کورد لەحیزبی دیموکراتدا شوێنی بەرچاویان هەیە، تا ئێستا ڕوون نیە کە ڕوناکبیر و بۆرژوازیی شار لە کۆمیتەی ناوەندی ژمارەیان چەند کەس بووە[٨٣]. دوای ئەوەی لە١٦ی ئابی١٩٤٥زایینی، لە(مەهاباد) حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر بناغەی(ژی. کاف) دامەزرا، حیزب بەخێرایی توانی ڕێژەیەکی زۆر لەجوتیار، کرێکاری شارەکان، چینی مامناوەند، موڵکدارە ناوخۆییەکان، هۆزە نەتەوەخوازەکان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە[٨٤]. یەکەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لەماوەی (٢٥تا٢٨ تشرینی یەکەمی ١٩٤٥) بەسترا لە(مەهاباد). لەم کۆنگرەیەدا ڕاگەیانراوێکیان دارشتەوە کەپاشتر بوو بەبنەمای بەرنامەکانی حزب . لە(کانونی یەکەمی ١٩٤٥) حیزب بەرنامەکانی خۆی بلاّوکردەوە لەو بەرنامانەدا هاتبوو کەپارتەکەیان تێدەکۆشێت لەپێناو مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لەچوارچێوەی وڵاتی ئێراندا، کە کرۆکی ئەم کارگێڕییە خۆجێیەتییە بریتی بوو لەیەکگرتنەوەی ئەو ناوچانەی کەزۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن لەیەکەیەکی کارگێڕی دیاریکراودا کە مافی ئۆتۆنۆمی پێی

[٨٢] عەلی کەندی: مێژوونامە، چ١، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٤٩٤ .

[٨٣] حامید گەوهەری: قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆك کۆماری کوردستان، س، پ، ل١٢٦.

[٨٤] دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو: کوردستان ئازار و کۆڵنەدان، س، پ، ل٦٠.

ببەخشێت[٨٥]. پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان (قازی محەمەد) چەند نامەیەك بۆ سەرۆکی ولأتانی سەرکەوتووی دووەیەمین جەنگی جیهانی وەك (ئەمریکا، بریتانیا، سۆڤیەت) بۆ کۆنفراسی(پۆستمدام) دەنێرێ و پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لێدەکات و داوای بەڕەسمیەت ناسینی تەواوی کوردستان و نەتەوەی کورد دەکات لەلایەن ولأتانی سەرکەوتووی ئەو شەڕەوە کەبەپێی پەیماننامەی: ئەتلانتیك"بەدەستی خودی ئەو دەوڵەتانە تۆمارکرابوو. ئەوداواکارییە لەلایەن ئەمریکا و بریتانیاوە بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندیان لەئێران دا بێ وەلأم مایەوە و تەنها دەوڵەتی سۆڤیەت وەلأمی ئەرێ دایەوە[٨٦].

## بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

بەناوی خودای گەورەی میهرەبان

**هاونیشتمانان، برایان!**

ئاگری شەڕی جیهانی بەهۆی دوژمنانی ئازادی و لەژێرپێنانی دیموکراتی هەڵگیرسا، کە بەباسکی بەهێزی سەربازانی ئازادی هاوپەیمانی گەورەی ئێمە کوژرایەوە. دنیای دیموکراتی سەرکەوت و دنیای فاشیستی کەهەوڵی دەدا گەلان و نەتەوەکانی جیهان لەژێر دەستی چەند نەفەری

[٨٥] س، ن،لازریف: مێژووی کوردستان، و، وشیار عەبدلا سەنگاوی ،چ١، هەولێر ،٢٠٠٨، ل٤٢٣.

[٨٦] عەلی ئەکبەر مەجیدی: نهێنیەکانی دادگایکردنی قازی محەمەد، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ،ل٦٦.

ملهور وسەرەڕۆدا یەخسیر بکا، بەشێوەیەکی قـەتعی تێـك شـکا و لێـك بـڵاو بـووەوە. ئـەمڕۆ گـەلانی دونیـا لەگـەورە و بچـوك دەیانـەوێ لـەو ڕێگایـەی کـە بـۆ ئـازادی خۆشـکراوە سـود وەربگـرن و ئـەو بەڵێنانـەی کەبـەهۆی مەنشـوری ئەتلانتیکـەوە دراوە سـود ببیـنن، هەڵسـوڕاندنی کاروبـاری خۆیـان بەدەسـتەوە بگـرن و چارەنوسـی خۆیـان بەمـەیل و ویستی خۆیان دیاری بکەن .

ئێمەی کورد کە لەئێران دەژین ساڵەها و بـەڵکو چـەند سـەد سـاڵە کـە لـەپێناوی مـاف و دەسـەلاتی نەتـەوەیی و خۆبەڕێوەبـەری خـەباتمان کردووە و قوربانی مان داوە. بەداخەوە کاربەدەستانی سەرەڕۆیی ئێران بـەهیچ جۆرێـك ئامـادە نـەبوون قسـەی حسـێبی ئێمـە قبـوڵ بکـەن و تەنانەت نەیانهێشتووە سود لەو مافانەش وەربگرین کە یاسای بنەڕەتی بۆ ئەیالەتەکان و ولایەتەکانی ئێران دای ناوە و بەردەوام ولامی گولـە و بۆمـب و تـۆپ و زینـدان و گـرتن بووە.بەتایبـەتی لەسـەردەمی بیسـت ساڵەی ڕەزا شا تەنانەت لە لەبەرکردنی جلوبەرگیش دا ئـازاد نـەبووین، بەهۆی ئەفسـەرانی دز و خـائین و تالانکـەرەوە هـەموو دارایـی و ژیـانی ئێمەیان تەفرو توانا کردوە و چاویان لەناموس و شەرەف ئێمـەوە بـووە و بۆ لەنێو بردن و خاشەبڕکردنی نەسلی ئێمە لەهیچ نزمـی و دڕندەیـەك خۆیان نەپاراستووە. ئـاخر ئێمـەش مـرۆڤین، ئێمـەش مێـژو و زمـان و شوێنەواری خۆمان هەیە کەلامان خۆشەویستن.

بۆچی دەبێ مـافی ئێمـە لـەژێر پـێ بنـرێ؟ بۆچـی نـاتوانین لـەنێو مـاڵی خۆمان دا ئـازاد و موختـار بـین؟ بۆچـی ڕێگـا نـادرێ منـداڵانی خۆمـان بەزمانی کوردی پەروەردە بکەین؟ بۆچی نایەڵن کوردسـتان ولایـەتێکی خودمختـار بـێ و لەلایـەن ئەنجوومـەنی ولایـەتی یـەوە ئیـدارە بکـرێ کەیاسای بنەڕەتی دیاری کردووە؟

هاونیشتمانانی بەڕێز! دەبێ بزانن حەق نادرێ، حەق وەردەگیرێ، ئێمە دەبێ بۆوەرگرتنی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و خۆمان خەبات بکەین. ئەم خەباتە یەکێتی و یـەکڕەنگی پێویسـتە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە پـیرۆزە حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە و دەستی بـەکار کـردوە. ئێـوە هاونیشتمانانی خۆشەویست، دەبێت چاو و گوێی خۆتان بکەنـەوە و لـە دەوری حیزبی نەتەوەیی خۆتان کۆببنەوە و لـەپێناوی وەرگـرتنی مـافی ڕەوای نەتەوەیی خۆتان فیداکاری بکەن.

حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان ڕێبـەر و ڕێنـوێنی ئێوەیـە، تـەنیا لـەژێر ئاڵای ئەو نەتـەوەی کـورد لەمەترسـی تـەفروتونا بـوون ڕزگـار دەبـێ و ناموس و شەرەفی نەتەوەیی خۆی دەپارێزێ و دەتـوانێ لـەنێو سـنوری دەوڵەتی ئێران دا خودموختاری نەتەوەیی خۆی وە دەست بێنێ .

هاونیشـتمانان! ئێمـە بێجگـە لـەمافی ڕەوا و ئینسـانی خۆمـان هیچمان نـاوێ، دروشمـەکانی ئێمـە لەبەنـدەکانی خـوارەوەدا پوختکراونەتـەوە، بیـان خوێنـەوە و هـەموو گـەلی کـورد تـاک بـەتاک تـێ بگەیـەنن. ئـەوە دروشمەکانی ئێمەن:

١- نەتەوەی کورد لەنێوخۆی ئێران دا بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێ و لەسنوری دەوڵەتی ئێران دا خودموختاری خۆی وە دەست بێنێ .

٢- مافی خوێندنی بەزمانی دایك هەبێت و تەواوی کاروبارە ئیدارییەکان بەزمانی کوردی بەڕێوە بچێت .

٣-لەسەر بناغەی قانونی ئاسایی، ئەنجوومەنی ولایەتی کوردستان بەزویی هەڵبژێردرێ و بەهەموو کاروباری کۆمەلآیەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاودێریان بکات .

٤- کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێت لەخەڵکی ناوچەکە بن .

٥-دەبێت لەسەر ئەساسی یاسایەکی گشتی لەنێوان لادێ و خاوەن موڵك دا ڕێككەوتنێك پێك بهێنرێ و دوا ڕۆژی هەردوو لا دابین بکرێ .

٦- حیزبی دیموکراتی کوردستان تێ دەکۆشێ کە لەخەبات دا بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و کەمایەتی یەکانی تر کە لەئازەربایجان دەژین، ئاشوریەکان و ئەرمەنی یەکان و هی دیکە، یەکێتی و برایەتیەکی تەواو پێك بهێنێ.

٧-حیزبی دیموکرات بەئامانجی بەرەو پێش بردنی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەشساغی و باشترکردنی ژیانی ئابوری و مەعنەوی گەلی کورد دەست دەکا بەسود وەرگرتن لە

سامانە سروشتیەکان و کانگاکانی کوردستان و لەم ڕێگایەدا تێ دەکۆشێ .

٨- ئێمە دەمانەوێ تەواوی گەلەکانی ئێران هەلی تێکۆشانی بە ئازادییان بدرێتێ بۆ بەختەوەری و پێشخستنی نیشتمانی خۆیان[٨٧] .

بەرنامەی حیزب لەم خالآنەی خوارەوە پێکهاتوو بوو:

١-میللەتی کورد لەئێران دا لەهەڵسوڕاندن و پێکهێنانی کاروباری خۆی ئازاد بێت و لەسنوری دەوڵەتی ئێراندا خودموختار بێت .

٢- زمانی کوردی بکرێتە زمانی خوێندن و زمانی فەرمی لەکاروباری کارگێڕیدا.

٣- کارمەندانی دەوڵەت دەبێت لەخەڵکی ناوچەکە بێت .

٤- ئەنجوومەنی ویلایەتی کوردستان دەبێت دەستبەجێ بەپێی یاسای بنەڕەتی هەڵبژێردرێت و چاودێری هەموو کاروبارە دەوڵەتی و کۆمەڵایەتییەکان بکات و پێیان ڕابگات[٨٨] .

[٨٧] نەوشێروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان کورد لەگەمەی سۆڤییەتدا، س، پ، ل٨٦-٨٨.

[٨٨] وەدیع جویدە: س، پ، ل٥٣٣.

## تەوەرەی دووەم

## تەوەرەی یەکەم: هۆکار و شێوازی هاتني بارزانیـــەکان بـــۆ نێـــو دەسەڵاتی کۆمار:

## هۆکار و شێوازی هاتني بارزانیەکان بۆ نێو دەسەلاٽی کۆمار:

یەکـەم هێرشـی سـەربازی ئینگلیـز دژ بەبارزانیـەکان لەسـاڵی(١٩٢٧) ئەنجام درا، بەهۆی سـەختی سروشـتی ناوچـەکە و بـڕوای چـەکدارەکان بـەدۆزی ڕەوای گەلەکـەیان تاسـاڵی(١٩٣١) ئینگلیـز هـیچ ئـەنجامێکی دەست نەخست، کاتێك شۆڕشی ئارارات سەری هەڵدا، (شـێخ ئەحمـەد) ژمارەیەك لەهێزە چەکدارەکانی خـۆی نـاردە یارمـەتی ئـەوان، ئەمـەش ناڕەزایەتی توندی تورکیای لێکەوتەوە. ئەم هاوکاریەی شێخ ئەگەرچـی ڕەمزی بـووبێ، بـەلاٚم بەڵگەیـەکی ڕوونـە لەسـەر ئـەوەی شـێخ گرنگـی بەسنورە دەسـتکردەکان نـەداوە، وەك یـەك لەپارچـەکانی کوردسـتانی ڕوانیوە. لەساڵی(١٩٣١) ناوچەی ژێر نفوسی شـێخ ئەحمـەد(١٥٠) میـل درێژیی و (٨٠)پانی بوو، کەسێ یەکی سـنوری عێـراق، تورکیـا، ئێرانـی پێك دەهێنا.

لەسـەرەتای مـانگی(٣/١٩٣٢) دەوڵـەتی عێـراق ڕایگەیانـد دەیـەوێ لـە ناوچەی(بلێ)دا بنکەی حکومی دابمەزرێنێت، بەلاٚم(شێخ ئەحمـەد) بـەم بڕیـارەی حکومــەت ڕازی نــەبوو، بۆیــە لــە(١٥/ئـازار/١٩٣٢) هێزێکـی گەورەی حکومەت بەهاوکاری فڕۆکەکانی بـەریتانیا، پـەلاماری ناوچـەی بارزانیـان دا، ئـەم شـەڕە تامـانگی حـوزەیران بـەردەوام بـوو، (شـێخ ئەحەمەد) لەبری ملکەچ کردن بۆسوپای عێراق، خۆی و چوارسەد کەس لەچـەکدارەکانی چـوونە خـاکی تورکیـا، بـەلاٚم پـاش ماوەیـەك لەسـاڵی ١٩٣٣ز تورکەکان شێخ و هاوڕێکانی دایەوە دەست حکومەتی عێراق.

ئــەوانیش (شــێخ ئەحمــەد، مســتەفا بــارزانی) و هەنــدێك لــەهاوكارە سەرەكی یەكانیان بۆناوەراست و باشوری عێراق دورخستەوە، تاسالّی ١٩٣٩ز شــێخ ئەحمــەد و مســتەفا بــارزانی و خێزانــە بارزانیــەكان بــۆ بەندیخانــەی سلێمانی گواسترانەوە، لــەهاوینی ســالّی ١٩٤٣ز مســتەفا بارزانی و دووكەس لەهەڤالآنی بەیارمەتی حیزبــی هیــوا و چــەند كەســی نیشــتمان پــەروەری كــورد لەسلێمانی دەربــازی بــوو، بــەخاكی ئێرانــدا گەڕانەوە ناوچەی بارزان و سەرلەنوێ دژی حكومەتی عێراق و ئینگلیز دەستی بەشۆڕش كردەوە[٨٩].

دوای ئەوەی بارزانی گەیشتەوە ناوچــەی بــارزان هێزێكــی زۆری ســاز و ئامادەكرد، لەماوەیەكی كورتدا مەخفەرەكانی پۆلیسی گرت، حكومــەت ناچار بوو داوای گفتوگۆی كرد، بارزانی مەرجی هەبوو كەشێخ ئەحمــەد و خێزانەكانیان لەسلێمانی بگەڕێنەوە بارزان، ئەوكات شــەڕ دەوســتێ و گفتوگۆ دەكات. حكومەت مەرجی بارزانی پەسەند كرد[٩٠].

مســتەفا بــارزانی وەك دیــارترین ســەركردەی بنەماڵــەی بــارزان ئــالآی ڕابەرایەتیكردنی شۆڕشی١٩٤٣ز هەڵگرت، ئەو سەركردایەتی كەسوكار و هۆزەكەی كرد، كەلەو كاتــەدا نــاڕەزا بــوون لەهەڵسوكەوتی دەســەلآتی ناوەندی، دوایــن دڵــۆپی ئــارامگرتنی كــورد جــامی ناڕەزایــەتی پڕكــرد و ناچــار دیســانەوە كوردەكــان دەســتیان دایــە چــەك لەبەرامبــەر كۆمەڵــە

[٨٩] كاروان محەمەد مجید: بارزانیەكان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س،پ، ل٢٥–٢٨.

[٩٠] نەورەس ڕەشید: س، پ، ل٣٧.

پاوەنخوازەکـانی دەسـەلآتی سیاسـی بەغـدا کەسیاسـەتی جیاکارییـان پەیڕە و دەکرد لەدابەشـکردنی خـۆراکی حکـومی دا، سـەرباری ئـەوەی لەو سـاڵەدا نـەهاتی و وشکەسـاڵی ولآتـی ڕووبـەڕووی قـەیرانی برسـێتی کـردەوە و سـەدان هــەزار هـاولآتی برسـی بـوون، حکومـەت لەڕێگـەی کارتەوە دەیویست ئازووقە و خۆراك دابەشبکات، بـەلآم نیـەتیان نـەبوو ئازوقــە بــە سەرناوچــەکانی کوردســتاندا دابــەش بکــەن، هــەر بۆیــە بارزانیــەکان و چــەند هــۆزێکی دیکــە ناچــاربوون پەنابەرنــە بــەر چــەك هەڵگرتن[٩١].

(مستەفا بارزانی) بەهێزێکی چەکدارەوە هێرشی کردە سـەر بنکـەکانی پۆلیس لە(بارزان و میرگەسور و ڕەواندز)، پاشـان هێرشـەکانی پـەرەی سـەند بـۆ زۆر لـەدامودەزگاکانی حکومــەت لەناوچــەکە دا. ئــەوهێزە ســەربازیانەی حکومــەتی تێکشــکاندو بــەم کارەشــکۆ و شــەوکەوتی حکومەتی لەبەرچاوی خەڵکی بارزان و هـەموو کوردسـتان سـوك وڕسـوا کرد[٩٢]. هەر لەدەرئەنجامی ئەوهێرشانەی بۆسەر ناوچەی بارزان* پـاش

---

[٩١] پ. دێمچـێنکۆ: کوردسـتانی عێـراق لـەنێو ئـاگردا، و، سـوارە شـاکەلی، چ٢، ٢٠٢١، ل٢٤–٢٥.

[٩٢] د.فەوزیە سابیر: س، پ، ل٩٠–٩١ .

*بارزان ناوچەیەکە لەباشوری کوردستان هەڵکـەوتووە و لەسـنوری پارێزگـای هـەولێر دایە، یەکێکە لەسێ ناحیەکانی مەڵبەندی مێرگەسور: (مێرگەسـور، بـارزان، شـێروان) لەخۆرهـەلآتی قـەزای ڕەوانـدز، خۆرئـاوای قـەزای ئامێـدی و باشـوری قـەزای ئـاکرێ هەڵکەوتووە، لەباکورەوە دەگاتە بـاکوری کوردسـتان. دانیشـتوانی ناوچـەکە بـەکاری

شەڕێکی دورودرێـژ و خوێنـاوی، ناوچـەی بـارزان و دواتـریش بەشـێکی زۆری باشوری کوردستان لەتـەوژمی شـەڕێکی تووندا بـوو، ئـەو شـەڕە ڕۆژی (٢/١٠-١٩٤٣ن)دا بـــەگرتنی ناوەنـــدی بەرێوەبـــەراتی پۆلیســـی (شانەدەر)دەستی پێکرد، دواتر گرتنی بنکـەی پۆلیسـی شـێروان و، لـە (١٩٤٣/١٠/١٢) هێزی پێشمەرگە چوون بۆ(خێرەزوك)، ئـەو پۆلیسـانەی لەوێ بوون خۆیان نەدا بەدەستەوە، تـاهێزێکی حکومـەت بەهانایانـەوە هـات، بـارزانی فـەرمانی دا تەقـە نـەکرێت تاهێزەکـە دەگاتـە دەشـتی (هەلونە)ی نێوان(خێرەزوك و بیرسیاف)، لەوێدا شەڕێکی سەخت ڕوویدا، لـەم شـەڕەدا بـارزانی خـۆی برینـدار بـوو، هێـزی هـاتوویش شکسـتی گەورەی بەرکەوت، دواتر یـەك لـەدوای یـەك بنکـەی پـۆلیس گـیراو، بـۆ ماوەیـەکی کـەمیش خۆرئـاوای ڕووباری(روکویچـك) پاکرایـەوە لـەهێزی حکومەت، ئەو بنکانەی پۆلیس لەوێ هەبوون دەستیان بەسـەردا گـیرا، لـــەو کاتـــەدا لەگونـــدی بـــارزان* شـــەڕێکی ســـەخت ڕوویـــدا[٩٣].

---

کشـتوکاڵ و بـەخێوکردنی ئـاژەڵ و مـەڕو ماڵاتــەوە خـەریکن و ژمـارەی گوندەکانی چوارسەد گوندن، ڕێـژەی دانیشـتوانی بـەپێی سـەرژمێری شۆڕشـی ئـەیلول لـەکۆتای شەستەکان، سی تا سی و پێنج هەزار کـەس بـووە و ئێسـتا ٢٥٠ هـەزار تـا ٣٠٠ سـەد هەزار کەسن، ناوچەیەکی شاخاوییە و ڕووباری زێی گەورە بەنێودا دەڕوات و دەچـێتە گەلی بێخمە و لـەخواروی موسـڵ تێکـەڵاوی ڕووبـاری زێ دەبێـت . بـارزان مەڵبەنـدی شـێخەکانی بارزانـە و بارزانیـەکان نـاوی خۆیـان لـەو گونـدە وەرگرتـووە . حامیـد گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، ل١٤ .

[٩٣] سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: س، پ، ب٢، ل٧٠.

لە(١٩٤٤/١/٧)دا بەفەرمی(ماجید مستەفا) لەگوندی (سپیندارە)هاتە لای بارزانی، بەیاوەری(شێخ محەمەد خالید) بۆگفتوگۆکردن، بارزانی پێشتر نەخشەی ڕێکەوتنی لەگەڵ(حیزبی هیوا) تاوتوێ کردبوو. بارزانی داخوازییەکانی گەلی کوردی خستەڕوو، یەکێك لەخاڵە گرنگەکان پێکهێنانی ویلایەتی کوردستان بوو، بەیەکەوە سەردانی بارەگای لیوایان لەمێرگەسور کرد. پاش ئەم سەردانەی(ماجید مستەفا)*، کەسانی تازە بۆئیدارە لەقەزاکانی(ئامێدی، ڕەواندز، مێرگە سور، ئاکرێ) دانران، دواتر لە(١٩٤٤/٢/٢٢) مستەفا بارزانی بەیاوەری(ماجید مستەفا) چوو بۆ بەغداد، ئەم سەردانەی بارزانی دەرفەتێکی باش بوو تالەنزیکەوە چاوی بەکەسایەتیەکانی حیزبی هیوا بکەوێت[(٩٤)]. هەرلە(١٩٤٤/٢/٢٢) بارزانی لەگەڵ ژمارەیەك لەسەرانی هۆزە کوردیەکان کۆبووەوە یەکێك لەوانە(فەتاح ئاغای هەرکی) بوو، بارزانی

*گوندی بارزان: دەکەوێتە ناوچەی(بەرۆژ) لەباکوری ڕۆژهەلاّتی موسڵ. سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، ل٢٣.

*ماجید مستەفا: یەکێك بوو لەپیاو ماقولاّنی سلێمانی، لەتەعدیلێکی وەزاریدا نوری سەعید لە(١٩٤٣/١٢/٢٥) وەك وەزیری ڕاوێژکار لەکابینەی نوێ دا دایدەنێ، خەباتکارانی(هیوا) حەزیان لەچارەی نەدەکرد و بەکرێگرتەی ئینگلیز و بەخائین یان دەزانی. کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم دا، ل١٨٥.

[٩٤] سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: س، پ، ب٢، ل٨٠-٨١.

لەو ماوەیەی لەبەغداد بوو پێشوازیەکی شاهانەی لێدەکرێت، دیدارێك لەگەڵ سەفیری بەریتانیا ساز دەکات، سەفیر دەیویست باوەڕی پێبێنێ دەوڵەت ڕێبازی خۆی دەگۆڕێ و بەڕێوەبردنی باکور چاك دەبێت، هەوڵی دابوو بارزانی دەست لەشۆڕش هەڵبگرێ. ئەم پێشوازییە گەرموگوڕە بەدڵی عەرەبە نەتەوەییەکان نابێ و توڕەیان دەکات، دواتر گلەیی لەسیاسەتی(ماجید مستەفا) دەکرێت . پاش چەندین کۆبونەوە لەگەڵ فەرمانڕەوایانی حکومەتی عێراق بارزانی لە(٢/٢٩) گەڕایەوە بارزان[٩٥]. دواتر پەیوەندیەکانیان بەرەو شەڕ و ئاڵۆزی ڕۆیشت، ئامانجی بارزانی پێکهێنانی ئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد بوو، کاتێ بینی شەڕ بۆتە شەڕی نێوخۆی کوردەکان و سەرۆك هۆزەکان پێش دەستەکانی سوپا دەکەون بۆ بەگژاچوونەوەی شۆڕشگێڕان، لەبارێکی ئاوادا درێژەدان بە شەڕ زەحمەت بوو[٩٦]. لەدەرئەنجامی شەڕێکی دورودرێژ و خوێناوی، بارزانی لەگەڵ ئەفسەرە کوردەکان لیژنەی ئازادیان پێکهێنا لە(١٩٤٥/١/١٥)ز دا، یەکەم کاری لیژنەکە ناردنی نامەیەك بوو بۆ حکومەتی عێراق و هەموو باڵوێزەکان و ڕۆشنبیران، کەتێیدا داوای کردبوو داخوازیەکانی گەلی کورد قبوڵ بکرێت. بەڵام ئەم ڕەوتە بەهۆی خیانەتی هەندێك لەسەرۆك هۆزەکان و خۆتێهەڵقورتانی

---

[٩٥] کریس کۆچێرا: س، پ، ل١٨٦-١٨٧.

[٩٦] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد ساڵی(١٩٣١-١٩٥٨) ، س، پ، ل١٣٧ .

ئینگلیز و بۆمبارانکردنی گوند و کێڵگەکانی کوردستان لەلایەن عێـراق و بریتانیاوە، بارزانیەکانی ناچارکرد لەکۆتایـدا بـۆ ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان پاشەکشە بکەن[٩٧].

سوپای عێراق بەهاوکاری فرۆکەکانی ئینگلیز، لە(شوباتی سـاڵی١٩٤٥ز) هێزێکی سـوپای عێراقیـان نـاردە سـەر بارزانیـەکان لەناوچـەی زێبـار و بارزانیەکانی رەتاند[٩٨].بۆردومانکردنی فڕۆکە جەنگییـەکانی ئینگلیـز و هێزی زەمینی سوپای عێراق بەهاوکاری جاشە خۆماڵیەکان بوو[٩٩].

حکومەتی عێراق لەلایەك ناوچەی بارزانی لەگشـت خزمـەتی فێرکـاری و تەندروستی و کشتوکاڵی بێ بەش کردبوو، لەلایەکی تـرەوە فڕۆکـەکانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا گوندی پڕ لـەژن و منـداڵی بۆردومـان دەکـرد و گرتن و دەستبەسەر کردن و دورخستنەوەش هەر بەردەوام بوو.

لەئابی ١٩٤٥(مستەفا بارزانی) بەیانێکی لەشێوەی سکالاٌ بـۆ سـەرۆك و بالۆێزخانەکان نارد، کە لەهەشت خاڵ پێکهاتبوو تێیدا باسـی جێبـەجێ نەکردنی بەڵێن و پەیمانەکانی حکومەتی کردبوو، سەرەڕای گوێڕایەڵی و دان بەخۆداگرتن و هـەموو بەپێچـەوانەوە دەرچـوون، لەکۆتایـدا هیـوای

---

[٩٧] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل ٢١٩–٢٢٠ .

[٩٨] میر بەسری: ناودارانی کورد: و، عبدالخالق عەلائەدین ، چ١ ،سلێمانی ، ٢٠٠٢، ل٤٩ .

[٩٩] مەسعود بارزانی: بۆ مێژوو، چ١، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٣١ .

پاڵپشتی و یارمەتی دان بۆ نەتەوەی کورد داواکرا بوو[١٠٠]. بەلاّم لەئاکامی هەڕەشەی ئینگلیزەکان سەرلەنوێ لە١٩٤٥/٨/٢٥ شەڕ دەستی پێکردەوە، فڕۆکە جەنگییەکان کەوتنە بۆردمانکردنی ناوچەی بارزان و هێزی سەربازی لەچەندین قۆڵەوە بەرەو داگیرکردنی ناوچەکە جوڵەیان کرد. ڕووبەڕو بوونەوەی سەخت ڕویدا، شۆڕشگێڕان لە بەرەکانی شەڕدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و شەڕ بەردەوام بوو تا ١٩٤٥/١٠/١١. ئەو بزوتنەوەیە کە بەشۆڕشی دووەمی بارزان ناسرا، لەزاخۆ وە تا سلێمانی و خانەقین گرتەوە، بارزانی ناوچەی بارزانی کرد بەمەڵبەندی ڕۆشنبیری نەتەوەی و بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد و چەندان هەزار کوردی مەدەنی و ژمارەیەك لەئەندامانی سوپای عێراق و بەشێك لەئەندامانی حیزبی هیوا چوونە ڕیزی شۆڕشی بارزانەوە و بەئەزمونی خۆیان شۆڕشەکەیان دەوڵەمەند کرد[١٠١]. لەرۆژی (١٩٤٥/٨/٨ن)دا وەزارتی پاچەچی چەند بڕیارێکی دا و ئارامی ناوچەکەی خستە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە، بڕیاری دا بەهێز ناوچەی هێزی پێشمەرگە داگیربکرێت[١٠٢]. هێرشی بەربلاّوی هێزە سەربازیەکانی حکومەتی عێراق بەپشتیوانی هێزی ئاسمانی عێراق و بریتانیا

[١٠٠] عەدالەت عومەر سالح: بارزانیەکان لەڕاگواستنەوە تا جینۆساید بەپێی بەڵگەنامەی فەرمی و مێژوویەکان، چ١، کوردستان– چەمچەماڵ، ٢٠١٦، ل١٢.

[١٠١] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل٣٣.

[١٠٢] سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو، س، پ، ل٨٠–٨١.

لەلایەکەوە دەستی پێکرد، وەخیانەتی هەندێك لـەهۆزەکانی ناوچـەکە، کەلـەجیاتی ئـەوەی بەرامبـەر بەدەسـت درێژیکـەران و داگیرکـەران شەڕبکەن کەچی لەڕیزی ئەواندا دژی بارزانی شەڕیان دەکرد، لەلایـەنی ترەوە داخرانی سنوری تورکیا بەفەرمانی بەرپرسانی دەوڵەتی تورك وە بـەرگریکردن لەچـونە نـاوەوەی پەنابـەرە کـوردە عێراقیـەکان سیناریۆیەکی تربوو، کەبارزانیەکانی خستبووە ناو دۆخێکی تەنگژاوی و مەترسی دارەوە، هاوکات لەگەڵ بەرە و پێشچوونی هێزە چەکدارەکانی دەوڵـەتی عێـراق و بۆمبـارانکردنی ناوچـە ئاوەدانـەکانی کوردسـتان و ناوچەی بارزان بەتوندی درێژەی هـەبوو، بـارزانی تێگەیشـت درێـژەدان بەبەرخودان دەبێتە هۆی تاوسەندنی زیاتری هێرشەکانی ڕژێمـی عێـراق و پاشمـاوەی هاورێکـانی و جـەماوەری بـارزان بەکوشـت دەدرێـن، بـەو هۆیەوە بارزانی فەرمانی کرد کەوا ژن و منداڵ و بەتەمەنـەکان، هەرچـی شمەك و کەرەستەی پێویستیان بۆ دەبرێت هەڵبگرن و بەرەو شاخەکان بەڕێبکەون، بارزانی بوێرانە و ماندوو نەناسانە هەرچی کەسوکار و ژن و منـداڵ و کەرسـتەو شـتومەك هـەبوو لەگـەڵ ئەوانەشـدا ئـاژەڵی بـردە جێگایـەك بـەناوی(کانی ڕەش) بۆئـەوەی لـەبۆمبارانی دوژمـن بیانپارێزێت[١٠٣]. بارزانیەکان پیاوی شەڕوان و ئازاو گیان لەسەردەسـتن و لەبەرامبـەر سـەرۆکانی خۆیانـدا گـوێ بەفـەرمانن. فـەرمانی گـەورەی خۆیـان بـێ چـەند و چـوون جێیـەجێ دەکـەن، هـەروەها گوێڕایـەڵی و

[١٠٣] فەریدون نوری: س،پ ، ل ١٩١.

ڕێزپـارێزی واتایـەکی ڕێکوپێکیـان هەیـە، ئـەم ڕەوشـتانە ئـەوانی بـۆ ماوەیەکی درێژ لەبەرامبەر حکومەتی عێراق ڕاگرتوو بوو نەیان توانیـوە چۆکیان پـێ دابـدەن[١٠٤]. بەتالیۆنـەکانی حکومـەتی عێـراق بەپاڵشـتی هێـزی ئاسمـانی بریتانیـا دەسـتیان هەڵنـەدەگرت لـەبۆمباران کردنـی گونـدی بـارزان[١٠٥]. لەشــەڕەکانی قــۆڵی (بــارزان–ئــاکرێ)دا لــە (١٩٤٥/٩/٤)دا هێزی پێشمەرگە تۆپێکی ساخیان کەوتە دەست، دواتـر (بارزانی) فەرمانی دا بە(عیزەت عەبدولعـەزیز) تۆپەکـە بـەرێ و لەگـەڵ هێزێك بچێت بۆ(بلێ) تا ئەو سەربازگەیەی ئابڵۆقە درابوو لـەوێ لـەناوی ببەن و بیانگرن، لەئەنجام دا هـەموو سوپاو پۆلیسـەکانی سـەربازگەکە گـیران[١٠٦]. ڕۆژێـك پـاش ئـەوە لـە١٩٤٥/٩/٥ شـەڕێکی قـورس لـەنێوان هێزەکانی لیژنەی ئازادی و چەکدارەکانی سوپای عێراق هەڵگیرسا، ئەم شەڕە کەبەشـەڕی مەیـدان مۆریك ناسـرا بـەدژوارترین شـەڕ لەشۆڕشـی دووەمـی بـارزان دەناسـرێت، دوای شـکانی دووژمـن لـەزنجیرە شـەرێك سـەرلەنوێ ئینگلیزەکـان سـوپای عێراقیـان ڕێکخسـتەوە. لـە شـەڕی (مەیدان مۆریك)دا هەشتا چەکداری دوژمـن بـەدیل گـیرا و تـەرمی(٤٨٠) چەکدار لەمەیدانەکانی شەڕدا بـەجێ مـا دواتـر ڕێگـەیان پێـدرا خـەڵکی

[١٠٤] نەجەف قولی پسیان: بارزانی لە(مەهاباد)ەوە بۆئاراس ، و شەوکەت شـێخ یـەزدین ، چ٢ ،هەولێر ، ٢٠٠١، ل١٥.

[١٠٥] د فەوزیە سابیر: س ، پ، ل٦٣.

[١٠٦] سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: س، پ،ل١١٠.

ناوچەكە تەرمەكانیان بۆ بەرنەوە. لەو شەڕەدا شەش شۆڕشگێر شەهید بوون یەكێكیان(محەمەد سدیق) برای مستەفا بارزانی بوو، چەند كەسێكیش بریندار بوون. دواتر سوپای عێراق بەهێزێكی زیاتر و بەهاوكاری و فڕۆكە بۆمبهاوێژەكانیان و جاشە خۆماڵییەكان و لەژێر ئاگری توندی تۆپخانەدا لەچوار بەرەی ئاكرێ، ڕەواندز و دیانا، دۆڵی خەلیفان و ئامێدی پەلاماری ناوچەی بارزانیان دایەوە[١٠٧].

حكومەت زانی تەنها بەهێزی سەربازی ناتوانێ سەركەوتن بەسەر شۆڕشگێڕاندا بەدەست بهێنێ، بۆیە كەوتە پیلان گێڕی و پەنابردنە بەر سیاسەتی دوو بەرەكی، توانی بەشێك لەهۆزەكان بەلای خۆیدا ڕابكێشێ كە چەكی ناپاكیان دژی شۆڕشی كورد هەڵگرت و بوون بەجاش بارزانی ناوی نابوون جاش پۆلیس.

لەخوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی دۆخەكە، بارزانی ترسا ئەو ناپاكییە لەناو كورد پەرە بسێنێ بۆ شەڕی ناوخۆ، لەدۆخێكی وادا شۆڕش زیانی دەبێ تادەستكەوت، بارزانی ڕاوێژی لەگەڵ لیژنەی ئازادیدا كرد، دوای ڕەزامەندنی(شێخ ئەحمەد) بڕیاریدا بۆ ئەوەی ڕێگە لەپەرەسەندنی شەڕی ناوخۆدا بگرێ، بەر لەهاتنی وەرزی زستان و سەرماوسۆڵە و ڕێگەگیران بۆڕۆژهەلاتی كوردستان بڕۆن[١٠٨]. شەڕكەرە بارزانیەكانیان ناچار بوون، ڕۆژی ١١ی تشرینی یەكەمی ١٩٤٥ بەژن و منداڵەوە

[١٠٧] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل٤٣.

[١٠٨] نەورەس ڕەشید: س، پ، ل٤١.

بەشاخەکاندا خۆیان بگەیەننە ناوچەی شنۆ و مەرگەوەری کوردستانی ئێران. کاتێك بارزانیەکان گەیشتنە کوردستانی ئێران، هەرچی شتومەك و کەلوپەلی نێومالّیان هەبوو بەجێهێشتبوو بۆیان نەکرابوو هیچ لەگەلّ خۆیان بەرن، کوردەکانی ئێران ئەوەی لەدەستیان هات و پێیان کرا لە یارمەتی دانی بارزانیەکان درێخیان نەکرد[109]. هاتنی بارزانیەکان بۆ رۆژهەلاّتی کوردستان دوای شۆرشی دووەمی بارزان بەسەرۆکایەتی (مستەفا بارزانی) لەسالّی ١٩٤٥ز، بەهۆی هێرشی سوپای عێراق کە هێزی ئاسمانی بەریتانیا پشتیوانی لیّ دەکردن، بارزانیەکان بەرەو رۆژهەلاّت هاتن[110]. (مستەفا بارزانی) نوێنەری ناردەلای کاربەدەستانی سۆڤێت لەتەبرێز و لەگەلّ حیزبی دیموکرات پێکهاتن، مۆلّەت بە بارزانیەکان درا لەرۆژهەلاّت بمێننەوە[111]. لە(١٩٤٥/١٠/٦) لەکاتێك دا کەبارزانیەکان بەئازایەتیەکی بیّ سنور و لەخۆبوردونێکی بیّ وێنەوە بەرگرییان دەکرد. خێزانەکانی هۆزی بەرۆژی و پاشماوەی دەستەکانی تر بەساغ و سەلامەتی لەگەلّ مالّ و مەرەکانیان گەیشتنە گەروی مێژوویی(کێلّەشین)، پاشان لەوێوە ئاودیو بوونە ناوخاکی ئێرانەوە[112].

[109] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی رزگاری کورد سالّی(١٩٣١-١٩٥٨) ، س، پ، ل١٥٦.

[110] جەلیل گادانی: پەنجاسالّ خەبات، ل٣٣ .

[111] کاروان محەمەد مەجید: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س، پ، ل٣٠.

[112] مەعروف چیاوگ: کارەساتی بارزانی زولّم لێکراو ، و، ئبوبەکر صالّح ئیسمایل ،چ١، دهۆك ،٢٠٠٨، ل ٢٠٢ .

لەبەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراق دا هاتووە لە(١٩٤٥/١٠/٨) هێزەکانی حکومەت بەرە و جافەریان چونەتە پێشەوە (شانەدەریان) داگیرکردوەو زیـانێکی زۆریـان بەناوچـەی بـارزان گەیانـدووە، بەهـەمان شـێوە ڕێگەی(خـەلیفان–ڕێزان)یـان گرتـووە، پاشـان گـەلی باڵنـدەیان داگیرکردووە و پێشڕەویان کردووە و تـا گەیشـتوونەتە بـارزان، پاشـان هێزەکانیـان چـوونەتە پێشـەوەو سـێلکێیان داگـیر کـردووە[١١٣]. دوای ئـەوەی بارزانیـەکان لـە(١١ی تشـرینی یەکـەمی سـاڵی١٩٤٥)دا لەگـەڵ ئەفسەرەکان عێراقیان بەجێهێشـت و لـەناو خـاکی ئێـران دا دامـەزران، هۆزەکـانی هاودەسـتی سـوپای عێـراق هێرشـیان بردەسـەر گونـد و ئەشـکەوتەکانی بـارزان، و چـی مالێکیـان بەردەسـتیان کـەوت تالانیـان دەکـرد[١١٤]. دواجـار بارزنیـەکان لەڕێگەی(کێڵەشـین–مەرگـەوەڕەوە) لەسنور پەڕینـەوە و پێیـان نایـەناو خۆرهەلاتـەوە، بـەلاّم هـەتا چـوونە کوردسـتانی ئێـران فرۆکـە جەنگیـەکانی عێـراق و بـەریتانیا دەسـتیان لـەبۆمبارانی مـاڵ و منـداڵیان هەڵنـەگرت. دوای گەیشـتنیان بـەودیوی سنور، بەو پەڕی گەرمیەوە هاتنە پێشـوازیان و برایـانی کـوردی ئێـران هەرچیان لەدەست هات بۆبارزانیەکان کردیان[١١٥]. لەم لەشکرکێشیانەی

---

١١٣ نـەجاتی عەبـدوولاّ: راپەرینـەکانی بـارزان لەبەڵگەنامـە نهێنیـە هـەردوو حکـومتی فەرەنسا و بریتانیا لە(١٩٣١–١٩٤٩)، بەرگی یەکەم ، چ١ ، هەولێر،٢٠٠٣،ل١١٩.

١١٤ مەعروف چیاوگ، س، پ، ل٢٠٢ .

١١٥ نەجەف قولی پسیان: بارزانی لە(مەهاباد)ەوە بۆئاراس س، پ، ل٨٧.

سوپای عێراق دا لیواکانی یەك جگە لەفەوجێکی، لیواکانی سێ و چوار و پێنج و لیوای پازدە جگە لەفەوجێکی لیوای چواردە و پێنج فەوجی شورتە و، هێزی عەشایەری کورد بەشدار بوون. بەهەموویی ٣٧٤ کوژراو و برینداریان هەبوو، لە شۆڕشگێڕانی بارزان ٢٢ کەس شەهید بوون(١١٦). بەلاّم هەر لەدەر ئەنجامی ئەو بارودۆخەی کە بارزانیەکان پێدا تێپەڕبوون دوای شکستی بزاڤی بارزان و کشانەوەیان لە(١١/١٠/١٩٤٥) بۆدەڤەری شنۆ ولاجان و سندوس لەڕۆژهەلاّتی کوردستان، بەهۆی سەرماو سۆلە وبرسێتی و نەداری، نزیکەی ١٥٠ کەس لەبارزانیەکان مردن(١١٧).

شۆڕشی بارزان لەو سەردەمەدا لەلایەن(حیزبی هیوا) کە حیزبێکی پێشڕەوی ئەو سەردەمەی باشوری کوردستان بوو پشتیوانی لێدەکرا، لەم شۆڕشەدا زۆربەی گوندەکانی ناوچەی بارزان لەلایەن سوپای عێراق ئاگریان تێ بەردراو وێران کران، ژمارەی ئەو بارزانییانەی کەبەهۆی ئەم کارەساتەوە هاتنە ڕۆژهەلاّتی کوردستان، نزیك بەدەهەزار کەس بوون، هەزار و پێنج سەد کەسیان چەکدار بوون. ئەو هێزە چەکدارە هێزێکی ئازاو کارامە و لەخۆبوردوو بوو، لەبەرەکانی شەڕدا دەوری بەرچاویان هەبوو، لەدوای نیشتەجێ بوونی بارزانیەکان لەشوێنە جیاجیاکانی کوردستان، خەلّك یارمەتییەکی زۆریان دان و ڕێز و حورمەتێکی زۆریان

---

[١١٦] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتەری ئەشکێنن، س، پ، ل٥١ .

[١١٧] کەریم زەند: سوڕی ژیان، چ١، سلیمانی، ٢٠٠٣، ل٨٤.

لێگــرتن، هــەرکاتێك ســەرانی بــارزان دەچــوونە(مەهاباد) لەلایــەن هەیئــەتێکی پایــە بــەرزی حیزبییــەوە پێشــوازیان لێــدەکرا، ئــەم هەڵسوکەوتە شوێنەوارێکی باشی لەسەر ئەوان هەبوو[١١٨].

چـوونی بارزانیـەکان بـۆ ڕۆژهـەلاّت هیوایـەکی زۆر بـوو بـۆ بزوتنـەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ئەوەندەی تـر ئومێـدیان زیـادیکرد، بـە هـەموو لایـەك هـەوڵی بلاّوکردنـەوەی دەنگـی کـورد و سـەربەخۆی کـورد بـوون لەشارەکانی(موکریان، بانە، سەقز).

بارزانیەکان جگە لەوەی هێزێکی گەورە بوون بۆ حکومەتی کوردسـتان، ترسێکیشـیان خسـتە نـاو سیاسـەتی تارانـەوە، بۆیـە حکومـەتی تـاران هــەوڵی دا،(مســتەفا بــارزانی) پەشــیمان بکاتــەوە لــەوەی پاڵپشــتی حکومەتی کوردستان بکات، بۆئـەو مەبەسـتەش حکومـەتی ئێـران وەك پەنابەرێك لەئێران دایدەنێت و لەتاران دا پلەی نائیبی پێدەدرێت، بەلاّم (مستەفا بارزانی) بەپێچەوانەی هەوڵی تارانەوە ڕۆیشت و خۆی گەیاندە قازی و بەلەشکرێکی پڕچەك کەهێزێکی مەعنەوی هەرە گـەورە بـوو بـۆ کۆمـاری کوردســتان، هێـزی بارزانیــەکان بـووە بڕبـڕەی پشـتی هێـزی پێشمەرگەی کوردستان، ئـەو هێـزە توانیـان بەئـەزمون و لـەخۆبوردوی خۆیان سنوری کوردستانی ڕزگارکراو لەبەرانبەر هێرشی ئێرانی نەك هەر

---

[١١٨] جەلیل گادانی: پەنجاساڵ خەبات، س، پ، ل٣٣ .

بپارێزن بەڵکو شاری سەقز و ناوچەکانی تریشیان ڕزگارکرد(١١٩).هاتنی بارزانیەکان ڕەنگی نێونەتەوەیی بەبزوتنەوەی کورد بەخشی(١٢٠).

هاتنی بارزانیەکان و ئازادیخوازانی دیکەی کوردستانی عێراق بۆ کوردستانی ڕزگارکراو هیوا بەخش بوون. (مستەفا بارزانی) و هۆزی بارزان* و ڕوناکبیرانی دیکەو لایەنگرەکانی کەبۆ دابینکردنی ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردەکانی عێراق و ڕزگارییان لەژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عێراق و، دەست وپەیوەندی بەریتانیا خەباتیان دەکرد. بەهۆی هێرشی هێزەکانی عێراق کەڕاستەوخۆ لەلایەن بەریتانیاوە پشتگیری دەکران، هێزەکانی بارزانی و دێهاتەکانیان بەو پەڕی درندییەوە بۆردومان دەکران، شۆڕشگێڕانی کورد و هۆزی بارزانی ناچارکرد نیشتمانەکەیان بەجێ بهێڵن و پەنابەرنە بەر کوردستانی ڕزگارکراو(١٢١). ئەو هەولومەرجە لەبارەی کوردستانی خۆرهەلات هۆکارێك بوو بۆئەوەی کەبارزانی و هەڤاڵەکانی ڕوو لەوێ بکەن،

---

١١٩ هەوار عومەر فەقێ ئەمین: س، پ، ل٢٢–٢٣.

١٢٠ حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، س، پ، ل١٠٠.

١٢١ هاشم سەلیمی: پێشەوای ڕابوون، س، پ، ل٥٧.

*هۆزی بارزان: ئەوتیرانە دەگرێتەوە کەئێستا بەبارزانی ناودەبرێن، لەئەنجامی یەکگرتن و یەکێتی یەك(کۆنفیدراسیۆن)ێك دروست بوو لەسەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەم پشتگیری پشتیوانی خۆیان بۆ شێخەکانیان دەربڕی، کەپێکهاتووبوون لەهۆزەکانی (شێروانی، مزوری، گەردی، دۆڵەمەڕی، هەرکی بنەجێ، هۆزەکانی ناوچەی بەڕۆژ و نزاری .

بوونیان لەوێ چ لەباری سیاسی و سوپای و ڕێکخستن وچ بەهێزکردنی بزوتنەوەی کوردی ئەوێ، کاریگەرتر و پێویست تر بوو ئەگەرچی ئەودەمەی ئەوان هاتن هێشتا کۆماری کوردستان ڕانەگەیەنرابوو، بەلاّم ڕوداوەکانی دواتر ئەو ڕاستیەیان پیشاندا، دیارە بارزانی پێش ئەوەی بێتە خۆرهەلاّتی کوردستان بەنامەو ناردنی نوێنەری خۆی لەگەلّ فەرمانبەرانی سۆڤیەت لەئێران پەیوەندی هەبوو، بۆ هاتنەکەشی هەر هەیبوە بەلاّم هیچ کات سۆڤیەتیەکان ئامادە نەبوون بەلێنی مادیی و مەعنەوی بەبارزانی بدەن، وەپێیان خۆش نەبوو بێتە خۆرهەلاّتی کوردستان تەنانەت سۆڤیەتیەکان و ئێران پالّە پەستۆیان خستەسەر ڕێبەرانی بزوتنەوەی کورد لەخۆرهەلاّتی کوردستان وەك(قازی محەمەد)، کەبارزانیەکان دوور بکەنەوە یاخود بەرەو باشوری کوردستان بیانگێڕنەوە[١٢٢].

کشانەوەی بارزانیەکان لەبەرەکانی شەڕ و پاشەکشەیان بۆ کوردستانی ئازادکراو، هاوکات بوو لەگەلّ خۆش بوونی زەمینەی دامەزارندنی هێزی دیموکراتی و حکومەتی کوردستان هەرکەبارزانیەکان لەڕێگای کێلّەشین-مەرگەوەر- دەپەڕنەوە کەبەسێ سنور بەناوبانگە(ئێران-تورکیا- عێراق) خۆیان گەیاندە کوردستانی ئێران، لەلایەن براکانیانەوە لەکوردستانی ئێران پێشوازییان لێکرا، و هەموو جۆرە یارمەتییەکی

[١٢٢] د. ئەفراسیاو هەورامی: (مستەفا بارزانی) لەهەندێ بەلّگەنامەو دۆکیۆمێنتی سۆڤییەتدا لەسالّی١٩٤٥-١٩٥٨ز، س، پ، ل١٠- ١١.

گونجاویـــان پێشـــکەش کـــردن، (قـــازی محەمـــەد)یـــش فـــەرمانی بـــۆ ڕێکخراوەکـانی حیـزب دەرکـرد کـە لـەهیچ جـۆرە یارمەتیـدانێك درێغـی نەکەن[١٢٣]. پاش ئەوەی بارەکە هێور بووەوە، سۆڤێتیەکان داوایان لە بارزانی کرد کە بۆماوەیەك لەبەرچاوان نـەمینێ، چـونکە حکومەتـەکانی عێـراق و ئینگلیـز زۆر نـاڕەزایی دەردەبـڕن و تینیـان بـۆ دێـنن، بۆیـە بـارزانی و چـەند چـەکدارێکی چـوونە ناوچەی(سەردەشـت) و لەگونـدی (میراوە)دابەزین تاکۆتایی ساڵی١٩٤٥ لەوێ مانـەوە، پاشـان چـوون بـۆ ناوچەی شنۆ لەگەڵ خێزانی خۆی و خێزانی بـابۆی بـرای و هەنـدێك لـە خزمەکانیان لەوێ دامەزران، خاوخێزانی(شێخ ئەحمەد)یش لەشنۆ بوون دواتر چوون بۆ شاری مەهاباد[١٢٤]. لەبەهاری ساڵی(١٩٤٦) کورد بەسەر ئاستەنگەکانی سۆڤیەدا سەرکەوت بارزانیەکان گوازرانەوە بۆ جێگایەکی باشـــتر لەیەکـــەمیان و لەشـــێوەکاندا جێگیربـــوون[١٢٥]. لـــەڕاپۆرتێکی نێردراوی کۆنسوڵی عێراق لەتەبرێز ژمارەی خێزانە بارزانیەکان کەخاکی عێراقیان جێهێشتوو بوو بۆ وولاَتی ئێران بەم شێوەی خـوارەوە دیـاری کراوە:

١٥٠ خێزان لەبۆکان نیشتەجێکراون.

---

[١٢٣] عومەر باڵەکی: س٠ پ،ل ١١١.

[١٢٤] مەسـعود بـارزانی: بـارزانی بزوتنـەوەی ڕزگـاری کـورد سـالی (١٩٣١–١٩٥٨) ، و، سەعید ناکام ، چ١ ، ١٩٩٨، ل١٤٩.

[١٢٥] دانائادامز شمیدت: س،پ، ١٩٤.

١٥٠ خێزان لەنێوان سەلدوز و مەهاباد.

١٠٠ خێزان لەمەهاباد .

لەهەمانکاتدا ١٠٠٠ — ١٥٠٠ لەشنۆ و نەغەدە نیشتەجێکراون .

هەروەها لەڕاپۆرتێکی ڕێپێدراوی پاشایەتی عێراق لەتاران بۆ وەزارەتی دەرەوە نێردراوە هاتووە: ژمارەی ئەوانەی لەگەڵ بارزانی چوونەتە ئێران دوو هەزار کەسن کەهەزاریان چەکدارن، هەروەها ئاماژەی بەوە داوە ژمارەی پەنابەران تادێت لەزیاد بووندایە[١٢٦].

[١٢٦] عەدالەت عومەر سالح: س، پ، ل١٤–١٥.

# بەشی یەکەم

## تەوەرەی یەکەم: دامەزراندنی کۆماری کوردستان .

## تەوەرەی دووەم

## پێگەو ڕێ و شوێنی ئەوانە لەنێو دەسەلاّتی کۆماردا.

## تەوەری سێیەم

## پێگەی مستەفا بارزانی لەکۆماری کوردستان

# بەشی یەکەم

## تەوەرەی یەکەم: دامەزراندنی کۆماری کوردستان .

## هەڵکردنی ئاڵای کوردستان:

لـە١١/١١/١٩٤٥ تـەواوی نوێنـەرەکانی کوردسـتان لەشـاری(مـەهاباد) کۆبوونـەوە، لەسـەعات(١٠)ی بـەیانی ئـاڵای کوردسـتان بـەئامادەبوونی دەهـەزار کـەس هـەڵکرا و لەسـەرەتای شـەقامی وەفـایی، لەکاتێکـدا دەستەی موزیك مارشی میللی لێدەدا. (قازی محەمەد) وتارێکی بەتینی لەبارەی ئاڵای کوردستانەوە دا.

هێمنی شاعیر لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەمەهاباد ئـەم پارچـە شیعرەی خوێندەوە:

ئێـمە نـەزان و ئـەوان خـوێندەوار
ئـێمـە نـۆکەرین و ئاغـاو سـەردار
ئـەو بـەعـیلمـی خـۆی وا بـەحەواوە
ئـێمـە لـەجـەهـلا سەرمان سوڕماوە

لە١١/١٧/ خەڵك بەهاندانی هەندێك لەسەرکردەکانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان هەڵیان کوتایە سەر شارەوانی(مەهاباد)، کـەدواین نیشـانەی ڕواڵەتی دەسەڵاتی تـاران بـوو پـاش تـەقوتوقێکی کـەم گرتیـان، ئـاڵای حکومـەتی ئێـران داگیرایـە خـوارەوە و ئـاڵای کوردسـتان لەجێگـەی دانـرا[١٢٧]. پاشـان(قازی محەمـەد) پیرۆزبـایی لەمیللـەتی کـورد کـرد و فەرمووی: مێژوو نیشانی داوە هیچ میلەتێك نەیتوانیووە بێ خوێن ڕێژی ئاڵای ڕزگاری خۆی هەڵبکا، بەڵام میللەتی کورد توانی بێ ئەوەی خوێن

[١٢٧] هەوار عومەر فەقێ ئەمین: س، پ، ل٥٥ .

لەکەپوی کەس بێت بەهۆی لیقایەت و کارزانیەوە ئالأی ئازادی هەڵبکا و خۆی بەدونیای تەمەدوون بناسێنێ[١٢٨] .

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەیوەندیان بەتارانەوە کزتر ئەبوو، لە١٩٤٥/١٢/١٦دا خەڵکێکی زۆر لەمەیدانی چوارچرا کۆبووەوە، لەسەرۆکی هۆزەکان و خەڵکی ناو شار و قوتابیانی قوتابخانەکان چین و توێژەکانی تر، قازی ڕایگەیاند لەم مێژووە بەدواوە وولأتی(مەهاباد) و کوردەواری لە حکومەتی تاران جیابووەوە و لەئێستا بەولاوە ئیعلانی سەربەخۆی دەکا. لەڕۆژی١٩٤٥/١٢/١٧ دانیشتوانی کورد پەروەری شاری مەهاباد لەڕاپەڕینێکی جەماوەریدا دەستیان گرت بەسەر چەند دامودەزگایەکی دەوڵەتی شاهانشاهی ئێرانی، ئالأی ئێران لەسەر فەرمانگەکان هێنرایە خوارەوە[١٢٩]. بەو ڕووداوەش سەرباری ئەوەی پیاوانی دەوڵەتیان و لەو دامەزراوانە و شارەکەیان دەرکرد، ئالأی پیرۆزی کوردستانیان لەناو چەپڵەڕێزانی خەڵکدا لەبری ئالأی دەوڵەتی شاهنشای ئێران هەڵکرد. دوای مەهاباد شارەکانی نەغەدە و بۆکان و لەزۆر شوێنی تر ئالأی کوردستان هەڵکرا، هەڵکردنی ئالأی کوردستان ڕووداوێکی مێژوویی بوو لەژیانی سیاسی خەڵکی کوردستان[١٣٠].

---

[١٢٨] ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی: ئالأی کۆماری کوردستان لەمەهاباد، چ١، کوردستان، ٢٠١٨، ل١٤

[١٢٩] هەوار عومەر فەقێ ئەمین: س، پ، ل١٠ .

[١٣٠] **نەوشێروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان کورد لەگەمەی سۆڤییەتدا ، س، پ، ل١٧٠.**

**مەلا عەبـــدوڵای گەلاڵــەیی کــەخۆی بەشـــداربووە لەئاهــەنگی دامەزراندی کۆماری کوردستان لەشــیعرێکدا وا هەســتي خــۆی دەردەبڕێت:**

لـە مـەهـاباد لە نێـو چـوار چرا
ئەو دەمەی ئاڵای کوردان هەڵکرا

هەموو بەیەك دەنگ وەك خوشك و برا
سـوێـنـد و پـەیمـانـی ڕاسـتـیمـان درا

دەرگای خیانەت و دووژمن داخرا
ئەی ڕەقیب بەگوێی کوردانە درا

داری ئـازادی کـوردان، ئـــاودرا
وولات ڕۆشن بوو هاوشێوەی چرا

سەدان مەخابن پێشەوای کوردان
زوو لـەدار درا

نـەعـلـەتـی خـودا لەئـیـستعمـار بێ
شوعلەی ئەم مۆمە زوو خامۆش کرا

بەڵام هەتا کورد نەوەی وای هەبێت
گـڕی ئـەم شـەمعە هەر ڕۆشن ئەبێ

ئەو ڕۆژە دادێ کوردیش ئازاد بێ

شادومان بێت و ولآتی شاد بێت[١٣١].

## دامەزراندنی کۆماری کوردستان:

لـەکۆتایی هـاوینی سـاڵی(١٩٤٥)دا شـاری(مەهاباد) بـووە سـەنتەرێکی سـەرەکی چـالاکیەکانی جولآنـەوەی نەتـەوەی کـورد لـەو بەشـەی کوردستان، دەسـەلآتەکانی حکومـەتی ناوەنـدی بەشـێوەیەکی بەرچاو بێهێزبوو، بوونی سۆڤێت لەباکووری ئێران وای کردبـوو دەسـتی هـەبێت لـەو بارودۆخـەی لـەئازەربایجان و کوردسـتاندا سـەری هەڵـدابوو، کـە کاریگەرییـەکی زۆری لـەژیانی کۆمەلآیـەتی و سیاسـی ئـەو شـارەدا هـەبوو[١٣٢]. لەئـەیلولی١٩٤٥ (قـازی محەمـەد) و چـەند سـەرکردەیەکی کورد سەردانی (تەبرێز)یان کرد بۆ ئەوەی چاویان بەکۆنسـوڵی سـۆڤێت بکـەوێت، تادەربـارەی پشـتگیری کردنـی کۆمـاری نـوێی کـوردی قسـە بکەن، ڕەوانەی باکۆ پایتەختی ئازەربایجانی سـۆڤێت کـران، زەمینـەی دامەزرانـدنی کۆمـار وابەسـتە بـوو بەوسـەفەرەی(قازی محەمـەد) بـۆ کۆماری ئازەربایجانی یەکێتی سۆڤیەت کـە (١٩٤٥)زدا بۆجـاری دووەم لەسـەر بانگێشـتی سـۆڤێتییەکان ئـەنجام درا لەلایـەن(بـاقرۆف)ەوە پێشـوازی کـران، و بـەڵێنیان پێـدرا کەسـۆڤیەت بەهـەموو توانـاوە

---

[١٣١] مامۆسـتا مـەلا عەبـدولآی گەلآلـە: دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان، ١٩٤٨ز– سلێمانی ، ویکیپیدیا .


[١٣٢] د.فەوزیە سابیر: گونگرەی یادەوەری سەدساڵەی بارزانی نەمر بەشـی یەکـەم ،چ١ ، هەولێر ،٢٠٠٣، ل٩٥.

پشتیوانی لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکات، قازی محەمەد وەبیری هێنانەوە کوردەکان نایانەوێت بەشێك بن لەئازەربایجان، بەڵکو هیوادارن بتوانن لەگەڵ کوردەکانی تری تورکیا و عێراق، یەکبگرن و کۆماری کوردستانی گەورە دامەزرێنن[١٣٣]. لەکۆتا ڕۆژی مانگی١٢/١٩٤٥دا قازی لەڕێگەی(عەبدولڕەحمانی زەبیحی)یەوە، پەیوەندی دەکات بەکۆنسوڵی بەریتانیا لە(تەبرێز)، بەمەبەستی وەرگرتنی ڕای بەریتانیا لەئەگەری ڕاگەیاندنی ئایندەی ئۆتۆنۆمی، بەڵام ئینگلیزەکان دیسان ساردیان نیشاندا و وەڵامی کۆنسوڵ ئالۆز و ساردکەرەوە بوو، بەڵام قازی لەدوا دیداری دا لەگەڵ نوێنەری سۆڤێت لەتەبرێز بڕیاری دا ئۆتۆنۆمی کۆماری کوردستان ڕابگەیەنێ[١٣٤]. حاجی قادری ئەیسلامیان بانکداری مەهاباد دەڵێت: لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٦چووم بۆ تاران، ڕۆژێك(عەولای نەهری) کەدۆستێکی نزیکم بوو هاتە میوان خانە، ووتی(قازی محەمەد) لەگراند هوتێلە داوای کردووە ئەو کوردانەی لەمیوانخانەن بانگیان کەم بۆ لای ئەو، لەگەڵ چەند کەسێکی تر خێرا چووینە هوتێل، کاتێك گەیشتین کۆمەڵێکی زۆر لەپەیامنێرانی ئێرانی و بیانی لەهوتێل بوون، پاش چەند ساتێك قازی هاتە هۆڵەکەوە، چەند پەیامنێرێك دەستیانکرد بەپرسیارکردن ئێمە لەسوچێکەوە وەستابووین، قازی بەپەیام نێرەکانی ووت من قسەیەکی

---

[١٣٣] حەسەن ئەرفەغ: س، پ، ل ١٢٩.

[١٣٤] کرێس کۆچێرا: س، پ، ل٢٠٦.



**سەفەری قازی محەمەد بۆ تاران بۆ دیدار لەگەڵ قەوام سەڵتەنە**

ئەوتۆم نیە، لێرە ژمارەیەك کورد هەن کەبۆ کاری تایبەت هاتوونەتە تاران لەخۆیان بپرسن بزانن چیان دەوێ، قازی ڕووی لێمانکردوو ووتی بەڕێزان بۆخۆتان قسان بکەن، بڵێن بزانن چیتان دەوێ و گرفتان چی یە. ئێمە هەموو ئەهلی بازاڕ بووین، قەت لەکۆڕی ئاوادا بەشدار نەبووبوین سەرمان لێشێوا بوو نەماندەزانی چی بڵێین، قازی ڕووی تێکردین و وتی ئەوە بۆ قسە ناکەن؟ وتمان قوربان لەو شوێنەی ئێوە هەن ئێمە بۆمان نیە قسە بکەین، وتی نا تکا دەکەم حاجی قادر بۆ خۆت قسە بکە، منیش دوو هەنگاو هاتمە پێشەوە وتم بەڕێزان گوێ بگرن: ئێمە خاوەنمان دەوێ خاوەن، ئێمە ناونیشانمان دەوێ، شوناسمان دەوێ، قسەیەکی پێشینان هەیە دەڵێت: بزنێك لەسەت ئاسکی کێوی باشترە، ئێوە هەمووتان خوێنەران دەزانن بێ کەسی و نەوایی دەردێکی گرانە. دڵنیام بیستووتانە زۆر جار لەسەر بزنێك یا تەنانەت لەسەر سەگێك، دوو هۆز بەشەڕ هاتوون و دەیان کەس

تیاچوون، ئەمە واتای ئەوەیە ئەو ئاژەڵانە خاوەنیان هەبووە، بەڵام ئێوە بچنە کوێستان و لەبەیانیەوە تاشەو دە ئاسك ڕاو بکەن کەزۆر لەو ئاژەڵانە بەبایەخ ترن ئاماژەم پێی دا، کەس ناڵێ پێشی چاوتان هابە کلەوە، بەڵکو دەستخۆشیتانیش لێ دەکەن، جیاوازیەکەشی لەهەبوونی خاوەن و بێ خاوەنیدایە و هیچی تر.

بەڕێزان چاو لەو جل و بەرگە پۆشتەو پەرداخەی من بکەن، جل و بەرگەکەم هەمووی کوردیە، زۆر لەجل و بەرگی میللەتانی تر ماقوڵترە و



**هەڵکردنی ئالاّ و مەراسیمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان**

جوانتر و نەجیبانەترە، بەڵام هەر لەتاران کەچەند ڕۆژێکە لێرەم، چەندین گاڵتەو تەشەریان لێداوم، بەڵام کەس ناوێری بەعەرەب یان هندی یا ڕووسێك بڵێ پشتی چاوت برۆیە، چونکە ئەوان خاوەنیان هەیە دەوڵەتەکانیان لەبچوکترین بێ حورمەتی و سوکایەتی پێکردن دەکۆڵنەوە، بەڵام ئێمە چونکە بێخاوەنین دەبێ گوێ بۆ ئەم بێ

حورمەتیانە شل بکەین، بەڕێزان ئێمە ڕەسەن ترین ڕەگەز و تۆرمەی ئێرانین، بەلاَم بێ شوناسترین گەلین، لەکاتێکدا خاوەن مێژوو و کەلتور و زمان و ئاین و داب و نەریتی خۆمانین، تاوانی ئێمە ئەوەیە کوردین، ئەوەی قازی دەیلێت قسەی دڵی هەموومانە و ئەو گەورەو حەقدارمانە[١٣٥]. لە(٢٢)ی کانوونی دووەمی ساڵی(١٩٤٦)دا، کۆماری کوردستان لەشاری(مەهاباد) ڕاگەیاندرا و[١٣٦]. داوا لەبارزانیش کرا بۆ ئەوەی لەئاهەنگێکدا کەبەو هۆیەوە بەڕێوەدەچوو، ئامادە بێت ئەم داواکارییە لەلایەن ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و (قازی محەمەد) هەر لەخۆیەوە ئەنجام نەدرابوو، نیشاندەری ئەوە بوو کەبنیاتنەرانی ناسۆنالیزمی کورد لەکوردستانی ئێران گرنگی زۆریان دەدایە بارزانی و هاورێکانی، هەروەها ئەوەشیان دەزانی کە لەداهاتودا دەورێکی هەرە بەرچاویان دەبێت لەپاراستن و پشتیوانی کردنی کۆماردا لەبەرامبەر دووژمنانی دەرەوە و ناوخۆدا. لەمانگی سەرماوەزی ئەو ساڵە جارێکی تر داوا لەبارزانی کرا بچێتەوە (مەهاباد) و ئەمە لەو کاتەدابوو کەبارزانی و (قازی محەمەد) لەسەرئەوە رێککەوتن کەبارزانیەکان بۆ پشتوانی کردن لەکۆمارە نوێباوەکەی کوردستان دەوری خۆیان بگێڕن[١٣٧].

[١٣٥] هاشم سەلیمی: پێشەوای ڕابوون، س، پ، ل١٨٩–١٩١.

[١٣٦] دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو: کوردستان ئازار و کۆڵنەدان، س، پ، ل٦٢.

[١٣٧] فەریدون نوری: س ، ل ١٩٠–ل١٩١.



**قازی محەمەد لەکاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان**

سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەی کۆماری کوردستان لە(مەهاباد) ڕاگەیانرا، هەوایەکی خۆش و لەباری هەبوو، خەڵکێکی زۆر لەبەردەمی ئەو دوو شەقامە گەورەی شار کۆبوونەوە کە تێکەڵی چوارچرا دەبوو، هێزە نیزامیەکانی کۆمار ناوەندی چوارچرای دەپاراست، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەپێش دادگا چاوەڕانی هاتنی پێشەوا قازی محەمەدیان دەکرد. قازی لەگەڵ حاجی بابەشێخ* و هەندێك گەورە پیاوی دیکە بەکۆڵانە لێژەکەی مەحکەمەدا شۆڕبووە و کاتێك گەیشتە بەردەم پێشوازیکەران، لەگەڵ جەنەراڵ بارزانی و سەرۆك هۆزەکان بەرەو چوارچرا بەرێکەوتن. غەنی خوسرەوی مێتینگی ڕاگەیاندنی کۆماری کوستانی کردەوە و پیرۆزبایی لەقازی و نەتەوەی کورد کرد، پاشان(قازی محەمەد) ڕێوڕەسمی سوێند خواردنی بەجێهێنا و فەرمووی: ئەمن بەخودا بەکەلامی عەزیمی خودا، بەنیشتمان،

بەشەرافەتی میلەتی کورد، بەئالأی پیرۆزی کوردستان سوێند دەخۆم تا کۆتا هەناسەی ژیانم و ڕژانی دواین تنۆکی خوینم بەگیان و مالّ لەڕێگەی ئازادی و بەختەوەری گەلی کوردا لەهەولّ و کۆشش درێغی نەکەم، لە ڕێبەرایەتی کوردستان و سەربەخۆیی و



**مەراسیمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان**

بەرزکردنەوەی ئالأی کوردستان تێ دەکۆشم و بۆ یەکێتی کورد و ئازەربایجان موتیح و وەفادار دەبم. شانازی بەخۆم دەکەم هەولّی خۆم بۆگەیشتن بەئامانجەکانی گەلی کورد بەکاردەخەم لەو کاتەدا چەپلّەلێدانی کۆمەلأنی بەشداری ڕێوڕەسمەکە شاری بەلەرزە خستبوو، دروشمی بژی کوردستان، بژی حیزبی دیموکراتیان بەرز دەکردەوە، چوارچرا و شەقامەکانی شار بەئالأی کوردستان ڕازێنرابوونەوە، مەهاباد لەهەموو ژیانی دا قەت وا خۆش و پڕ لەشادی و شادومانی بەخۆیەوە نەبینی بوو[(١٣٨)]. ڕاگەیاندنی کۆمار وەك ئاماژەمان پێدا لەو بەرواره و

[١٣٨] ڕەحمان نەقشی: مەشخەلّی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە، ٢٠١٨، ل٣-٥.

لەگۆڕەپانی(چوارچرا)ی شاری (مەهاباد) بـەئامادەبوونی زیـاتر لـە(٢٠) هەزار کورد کەخەڵکی هەرچـوار پارچـەی کوردسـتان بـوون [١٣٩].(قـازی محەمەد) سەرۆك هـۆز و پیاوماقولأنی(مـەهاباد)ی بانگێشت کـرد بـوو، (سـەیفی قـازی، حەمـە حوسـێن خـان) بـەرگی جەنـەڕاڵی ڕووسـیان لەبەردابوو، (قازی محەمـەد) خـۆی وەك پێشـەوای کۆمـاری کوردسـتان ناساند، پاشان مەراسیمی سەربازانی سوپای کوردسـتان و جـەنگاوەرە لاوەکانی کوردی عێراقی و بارزانیەکان و هۆزەکانی تری کوردی ئێـران، بـەئامادەبوونی (قـازی محەمـەد) ئەنجامـدرا، لـەم مەراسـیمەدا قـازی لیباسـی جەنـەراڵی ڕووسـی لەبـەردابوو بـەلأم سەرپێچـە سـپیەکەی هەرلەسەردابوو[١٤٠]. لەکاتی ڕاگەیاندنی کۆمـاردا کەسـانی بەرجەسـتە و سـەرۆك خێڵـەکانی (مـامش، مـەنگور، جەلالی(گـەلأڵی)، میلانـی) بەشـداربوون. دانیشـتوانی سـنوری عێـراق کەپۆشـاکی کوردسـتانی باشوریان پۆشیبوو ئامادەبوون، نوێنەرانی هـۆزی هـەرکی و بـەگزادە و بارزانیەکان کەپۆشاکی تایبـەتی دەسـتکردی خۆیـان لەبـەردابوو لـەوێ وەستابوون[١٤١]. کۆماری کوردسـتان لەماوەیـەکی کورتـدا پێشـوازیەکی


*حاجی بابە شێخ: لەبنەماڵەی سەیدەکانی زەمبیل بوو، خـەڵکی شـاری یۆکـان بـوو، لەتەمەنی (٦٨) ساڵیدا پۆستی سەرۆك وەزیرانی پێدرا لەکۆماری کوردستان.

١٣٩ ئاوەرەحسین: س، پ، ل٨٢.

١٤٠ حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، س، پ، ل١٣٨.

١٤١ قـەوام سـەڵتەنە: موحاکەمـەکردنی پێشـەوا قـازی محەمـەد لەیاداشـتەکانی قـەوام سەڵتەنەدا ، و موکری ، چ٤ ، هەولێر ، ٢٠٠٧ ، ل٤٦.

زۆری لەلایـەن سـەرۆك هـۆزە کوردەکانـەوە لێکـرا و بەگشـتی ئەمـەش بەهاندانی سۆڤێتی بوو[١٤٢]. ڕۆژی (١٥ی شـوباتی ١٩٤٦ز) و دوای (٢٥) ڕۆژ لەدامەزرانـدنی کۆمـاری کوردستان(حەمەڕەشـید خـان)ی بانـە بانگهێشتی شاری مەهاباد کرا و لەلایەن( قازی محەمەد) سەرۆك کۆمـار و (هاشمۆف) نوێنەری یەکێتی سۆڤێت و (جەنەراڵ حەمەحوسێن خـانی سەیفی قازی) و (میرزا عەزیزی سدیقی) وەزیری ڕاگەیانـدن پێشـوازیکرا و پلـەی جەنـەراڵی پێـدرا و کرایـە فەرمانـدەی هێزەکـانی بۆکـان و دەروبەری، کە لە(٣٥٠٠) ئەفسەر و دەرەجەدار و پێشمەرگە پێکهاتبوو.



**جەنەراڵ حەمەڕەشید خانی بانە و حاجی بابەشێخ**

بـەبڕوای(ویلیام ئـیگلتن) بەخشـینی ئـەو پلەیـە بە(حەمەڕەشـید خـان) لەلایەن ڕووسـەکانەوە بـەهۆی ئـەو چـالاکی و بزووتنـەوە چـەکدارانەوە

[١٤٢] کـەناڵی ئاسمـانی سـپێدە: بەرنامـەی تایبەت،کاتـژمێر(٧)ی شـەو ،٢٠١٢/١/١٩، ئامادەکردنی ئیبراهیمی ڕەحمی .

بوو، کە لەنێوان ساڵانی(١٩٤١-١٩٤٤) لەدژی دەوڵەتی ناوەندی زۆر بەقارەمانانە ئەنجامی دابوو[١٤٣]. کۆمار بەڕێبەرایەتی کەسایەتیەکی نەتەوەی و خەباتکارێکی ئازای وەك قازی محەمەد ڕاگەیەنرا، کەنزیك بەیازدە مانگ بەسەربەخۆی لەکوردستان ژیا، لەم ماوە کورتە خزمەتێکی گەورەی بەگەلی کورد کرد، بۆ یەکەمین جار زمانی کوردی بوو بەزمانی فەرمی و منداڵانی کورد بەزمانی دایك دەیان دەخوێند، ژمارەیەکی زۆر گۆڤار و کتێب بەکوردی بەناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانە و جیاواز چاپکرا، ژنانی کورد بۆ یەکەمین جار لە ناوچەکە و بەشێوەی نمونەیی بەشداری ژیانی سیاسی و فەرهەنگی ناوچەکەی خۆی دەکرد، شانۆی کوردی نمایش دەکرا، گرێبەستی هاوکاری لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت واژۆکرا، بازرگانی پەرەی سەند و بەرەو پێشچوونی زۆری بەخۆوە بینی، لەو سەروبەندەدا بەهۆی هەڵهاتنی هەندێك لەدەرەبەگ، جوتیارەکان بوون بەخاوەنی سەرەکی زەویەکان، ئەگەر چی چاکسازیەکانی تایبەت بەزەوی و زار هێشتا بەتەواوەتی جیٚ بەجیٚ نەکرا بوو، هاوشێوەی ئەم کارانە لەکۆماری ئازەربایجاندا کرابوون، سوپای نەتەوەی و پێشمەرگەی کورد، بوونە پارێزەر و بەرگریکاری دەوڵەتی ناوچەیی و جێگەی پۆلیسی دەوڵەتی پێشوویان گرتەوە. گرنگترین دەسکەوتی کۆمار، دابینکردنی سەربەستی نەتەوەیی بوو بۆ

---

[١٤٣] د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: حەمەڕەشید خانی بانە، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٤، ل١١١.

کورد، لەپاش ئەو هەموو ساڵە لەکوشتار و چەوساندنەوە[١٤٤]. کۆماری کوردستان پێکهاتبوو لەبەشی باکوری کوردستانی ئێران کە هەرێمی(مەهاباد) و دەوروبەرەکەی دەگرتەوە. ناوچە کوردییەکانی باشور لەژێر دەسەلاتی حکومەتی تاراندا بوون، سوپای کۆمار لەهۆزە کوردییەکانی ناوچەکە پێکهاتبوو لەگەڵ چەند هەزار شەرکەری بەئەزموون بەسەرۆکایەتی(مستەفا بارزانی) و (شێخ ئەحمەد)ی برای[١٤٥]. کریس کۆچێرا دەڵێت: ئەم کۆمارە هەرچەند لەناوچەیەکی بچوکی رۆژهەلاتی کوردستان بوو، وە تەمەنی حکومەتەکەی درێژ نەبوو، بەلام لەراپەرینی نەتەوایەتی کوردا مێژوویەکی بەرز و بەرێزی هەیە، ئەگەر کۆماری کوردستان بەردەوام بایە، کوردەکان بەدنیایان نیشان دەدا کە کورد بەراستی ملهور نیە، بەڵکو توانای ئەوەی هەیە خۆی بەرێوە ببات[١٤٦]. کۆمار کەوەك یەکەمین دەسەلاتی سیاسی رۆڵی خۆی بینی و پێشەوا(قازی محەمەد) بووە یەکەم سەرۆك کۆماری کوردی لە(مەهاباد)ی پایتەخت دا و کۆمەڵێك دەستکەوتی رۆشنبیری و پەروەردەیی و رێکخراوی دەستەبەر کرد[١٤٧]. دوای ئەوەی(قازی

[١٤٤] دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو: کوردستان ئازار و کۆڵنەدان، س، پ، ل٦١–٦٢.

[١٤٥] سوزان مایسێلاس: کوردستان لەسێبەری مێژوودا، و، چۆمان هەردی، چ٢، ٢٠٠٧، ل١٠

[١٤٦] جەلیل گادانی: پەنجاساڵ خەبات، ٦٩.

[١٤٧] کەیوان ئازاد ئەنوەر: مێژووی کورد، موحازەرەی تایبەت بۆ رکخراوی ngo، ٢٠٠٨.

محەمەد) پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان کرا بەسەر کۆماری کوردستان، کە کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی و خەباتکەرێکی هەڵکەوتووی گەلی کورد بوو، ئەویش کەوتە ڕاوێژ و گفتوگۆ لەناو ئەندامانی دیموکرات و هەندێك لەنیشتمان پەروەرەکانی تر بۆ پێکهێنانی حکومەت لەڕۆژی ١٩٤٦/٢/١١[١٤٨] حاجی بابە شێخی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت و (١٤) وەزیر دەست نیشانکران بۆ(١٤) پۆستی وزاری بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| ١- سەرۆك وەزیر | حاجی بابە شێخ جەمیان |
| ٢- وەزیری جەنگ | محەمەد حوسێنی سەیف قازی |
| ٣- وەزیری ناوخۆ | محەمەد ئەمینی موعینی |
| ٤- وەزیری پەروەردە | مەنافی کەریمی |



**مەراسیمی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆماری کوردستان**

١٤٨ محەمەد بهاالدین ملا صاحب: قازی محەمەد و کۆماری مەهاباد، چ١، سلێمانی، ١٩٧١، ل٢٩.

٥- وەزیری دادوەری مەلا حوسێن مەجیدی

٦- وەزیری تەندروستی محەمەد ئەیوبیان

٧- وەزیری پۆست و تەلگراف کەریم ئەحمەدی

٨- وەزیری تەکبیر و مشاور حاجی ڕەحمانی ئیلخانی زادە

٩- وەزیری ڕێگەوبان ئیسماعیل ئێلخانی زادە

١٠- وەزیری ئابوری ئەحمەد ئیلاهی

١١- وەزیری بازرگانی حاجی مستەفای داودی

١٢-وەزیری کشتوکاڵ مەحمودی وەلی زادە

١٣- وەزیری کارو فرمان خەلیل خەسرەوی

١٤-وەزیری ڕاگەیاندن سدیق حەیدەری[١٤٩].

پێکهێنان و دامەراندنی کۆمارێکی کوردی لەئێران بەسەرۆکایەتی قازی محەمەد، گەورەترین گۆڕانکاری بوو لەمێژووی هاوچەرخی گەلی کوردا، هەڵهاتنی ڕۆژێکی ڕوون بوو کە بەتیشکی زێڕینی ڕێگای تاریکی ڕوناك دەکردەوە[١٥٠] بارزانیەکان لەسایەی ئازایەتی و بەتەنگەوە بوون لێهاتوویی خۆیانیان دەرخست و، بوونەجێی بڕوای سەرکردەکانی کۆمار

١٤٩ مەلا خالیدی فەیزی: کورتەیەك لەمێژووی کورد لەسەرەتاوە تائیستا ، چ١، سلێمانی ،٢٠٠٠ ، ل٢٦٨-٢٦٩.

١٥٠ محەمەد بهاالدین ملا صاحب: س، پ، ل٣١.

و خەڵك، بوون بەهێزێکی وا پشتیان پێ ببەسترێت(١٥١). بەپشتیوانی هەزاران بارزانی کۆماری کوردستان، بەسەرۆکایەتی(قازی محەمەد) دامەزرا. لەمانگی ئەیلولی ١٩٤٦ داوا لەبارزانی کرا بچێتەوە مەهاباد*(١٥٢). دیارە رووداوەکانی دووەمین جەنگی جیهانی لەساڵانی(١٩٤١–١٩٤٥)ز شکستی سوپای ئێران بەتایبەت لەکوردستان، داگیرکردنی لەلایەن لەشکری سوری سۆڤێتەوە وە لەسەرێکی ترەوە گەشەکردنی هەستی نیشتمان پەروەری لەناو کوردا و گیانی پڕ لە مەسولێتی کەسێکی وەك قازی محەمەد و هەندێ لەهاوکارانی هۆکار و فاکتەری سەرەکی زەمینەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوون(١٥٣). جارێك بەر لەهەرشتێك نابێت ڕاستیەك لەیاد بکەین، کە ڕاگەیاندنی

---

١٥١ مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد سالی (١٩٣١–١٩٥٨) س، پ، ل١٤٩.

١٥٢ کاروان محەمەد مجید: لەبۆتەی کۆماری مەهاباد، س، پ، ل٣٢ .

*مەهاباد: کەوتۆتە سەر سنوری کوردستانی سونی مەزهەبی ئێران لەباکور و، کوردستانی شیعە مەزهەب لەباشور، لەسەردەمی ڕەزا شا ناوی مەهابادی لێنرا، لەساڵی ١٩٤٥دا شارۆچکەیەکی پازدە هەزار نەفەری بوو، لەڕووی ئێداریەوە سەربە ورمێ بوو، تا ئەو سەردەمە هەرگیز دەوری سیاسی یان بارزگانی گرنگی بەخۆوە نەدیتبوو، کەچاوت بەم شارۆچکە بێنەواو بێ خاوەنە دەکەوێ زۆر زەحمەتە باوەڕبکەیت کەڕۆژێك لەڕۆژان توانی بێتی ببێت بەپایتەخی کۆمارێك و بووبێتە مایەی نیگەرانی هێزە گەورەکان. کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم دا، ل٢٠٥.

١٥٣ عومەر عەبدوالعەزیز: س، پ، ل ٤٤– ٤٥ .

(سیســتەمی کۆمــار) لــەوەها بــارودۆخ و زەمینەیــەکی سیاســی و کۆمەلایــەتی ئــابوری و فەرهــەنگی هــەرێمی موکریــان لەکوردســتانی خۆرهەلاّتدا، کارێکی گەورە و میژوویی بوو، بەوەی لەسەرتاسەری گۆی زەوی بــەر لەراگەیانــدنی(کۆماری دیمــوکراتی کوردســتان) تــەنیا(٣٤) دەولّەت کۆماری بوون. ئەوەش بەوەی لە(کیشوەری ئەمریکای باشـور) تەنها(١٨) ولاّت و لە(کیشوەری ئەوروپا) تەنها(٧) ولاّت و لە(کیشوەری ئاسیا) تەنها(٥) ولاّت و لەهەریەك لەکیشـوەرەکانی(ئەفریقا، ئـەمریکای باکور، ئوستورالیا) دەولّەتێك ئـەو سیسـتەمەیان پیـادە کردبـوو، بۆیـە جێگــای بایــەخ بوو(کــورد) وەك نەتــەوە و(کوردســتان) وەك خــاك بێتـە(٣٥)مـین دەولّـەتی کۆمـاری لەجیهانـدا[١٥٤]. کۆمـاری دیمـوکراتی کوردسـتان یەکـەمین ڕژێمـی سیاسـی کۆماریـە لەدرێـژەی بزوتنـەوەی ڕزگــاری خــوازی گــەلی کــوردا[١٥٥]. ئــەم کۆمــارە هاوتــای کۆمــاری خودموختاری ئازەربایئنجانی تەبرێز بـوو، (قـازی محەمـەد) لەڕاسـتی دا خوازیـاری خودموختـاری بـوو لەچوارچـێوەی دەولّـەتی ئێـران دا، ئـەو ناوچـــەی خودموختـــارە هـــەرێمێکی ســـنورداری بچـــکۆلّەبوو، کـــە کـەوتبووەوە خۆرئـاوا و باشـوری دەریاچـەی ورمێـوە، لـەم کۆمـارەدا دامودەزگـاو ونیزامێکـی بـاش دامــەزرێنرا، قوتابخانــە و نەخۆشــخانە

---

[١٥٤] کەیوان ئازادئەنۆر: کورد لەچەند تۆمارێکی مێژوویدا، چ١، سلێمانی،٢٠١٠، ل١٥٦.

[١٥٥] کەیوان ئـازاد ئـەنۆر: چـەردەیەك لەمێـژووی کورد،چـاپی یەکـەم، سـلێمانی،٢٠٠٠، ل٢٠٠.

کرانــەوە کتێــب و ڕۆژنامــە بــەزمانی کــوردی بڵاوبونــەوە و مەســەلەی کشــتوکاڵ و ســەنعەت و بازرگــانی وتەندروســتی بایــەخیان پێــدرا، سوپایەکی بچکوك لـەهۆز و تـیرەی جیـاواز دامـەزرا وچـوار فەرماندەی هەبوو یەکێك لەم فەرماندانە (مستەفا بارزانی) بوو کەبەچەك وچەکداری خۆیــەوە لەباشــوری کوردســتانەوە هــاتبوو پەیوەنــدی بــەکۆماری خودموختــاری کوردســتانەوە کردبــوو[١٥٦]. ڕاگەیانــدنی کۆمــار لەکۆبوونەوەیــەکی جــەماوەری دا بــە بەشــداری نوێنــەرانی زۆربــەی ناوچەکانی کوردستان بوو، ئەم کۆمارە کوردیـە ناوچـەکانی(مەهاباد) و شنۆ ومزگەوەر وتیرگەوەر و سەردەشت و بانە و چەند ناوچەیەکی تـری لە خۆگرتبوو(قازی محەمەد) سەرۆکایەتی ئەم کۆمارە کوردیەی دەکرد لە(مەهاباد)، حکومەتە نویێ یەکەش پێکهاتبوو لەسەرکردەکانی پـارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەوەك تاکە پارتی فـەرمانڕەوا ڕاگەیەنـدرا لەناوچــەکانی کوردســتانی ئێــران، کاروچــالاکی ئــەم کۆمــارە و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دام و دەزگا کارگێڕییە خۆجییەکانی لـەڕووی کـەلتوری نەتەوەییـەوە بـەو شـێوەیە بـوو کـە(قازی محەمـەد) وێنـای کێشابوو[١٥٧]. هەر چەندە کۆمار لەبەشێکی بچوکی کوردستان دامـەزرا، کەناوچــەی موکریــانی دەگرتــەوە بەگشــتی لەســەدا ســی ڕووبــەری کوردستانی ئێرانی پێکدەهێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی موکریان لەو بەشەی

---

[١٥٦] حەمەکەریم عارف: س، پ، ل١٧٠– ١٧١.

[١٥٧] م، س. لازاریف: س، پ، ل٤٢٥.

کوردستان جیا ناکرێتەوە، هەر بەو جۆرەش ڕووداوەکان کاریان کردۆتە سەر بەشەکانی کە[158]. بوونی لەشکری سۆڤێتی و داڕوخـانی لەشـکری ئێران لەناوچەکەدا کەئەمانە بەهۆی بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکانەوە هاتــە ئــاراوە، هــەلێکی زێڕینــی هێنایەکایــەوە کــە کوردەکــان بتــوانن ناوچەیەکی ئارام بۆخۆیان پێـك بهێـنن و لەوناوچـە ئارامـەدا کۆمـارێکی بچـووك بۆخۆیــان دابمــەزرێنن بــەناوی کۆمــاری(کوردســتان)، کەواتــە هەلومــەرجی سیاســی و بەرژەوەنــدی دەوڵەتــە زلهێزەکــان وای کــرد کۆمــاری(کوردســتان) دروســت بێــت[159]. لەنیســانی ١٩٤٦ حکومــەتی سۆڤێت چەند خوێندکارێکی کوردی لەکۆماری کوردستان وەرگـرت، بـۆ خوێندن لـەبواری سـەربازی و بـەڕێوەبردن لەخوێندنگایـەکی سـەربازی لەباکۆ، یەکەم جار چوار خوێندکار وەرگیران و دوای پـازدە ڕۆژ بیسـت خوێنـدکاری تــر پەیوەنــدیان پێــوەکردن، دواتــر ژمــارەی خوێنــدکارە کوردەکــان کــە وەرگــیران لەکۆلێــژی ســەربازی بــاکۆ گەیشــتە شەســت خوێنـدکار، ئــەم خوێندکارانــە پۆلێنــدەکران بــەپێی توانــای زانســتیان، حکومەتی سۆڤێت هەموو خەرجییەکی دەکێشان و بەڕێوەیدەبردن[160]. دامەزرانـــدنی کۆمـــاری کوردســـتان لەخۆرهـــەڵاتی ئێـــران کەبناغـــە سەرەتاییەکانی ڕژێمی کۆمەڵایەتی نوێی دانا بێـزاری حکومـەتی ئێرانـی

[158] مەحمودمەلا عیزەت: کۆماری میلی کوردستان، چ١، س، پ، ل١٤ .

[159] ڕەحیم سابیر: س، پ، ل١٤.

[160] هەوار عومەر فەقێ ئەمین: س، پ، ل١٠.

ورژانـــد، ئـــەو حکومەتـــەی کـــە ئومێـــد بڕاوانـــە بـــوو لەچاکســـازی و ڕێکخســتنەوەی دام ودەزگـا سیاسـی و پەیوەندیـدارەکانی لـە ئێـران و دەرەوە، هەوڵیان ئەدا بارودۆخی کوردستان بەئەنقەست ئـاڵۆز و دژوار بکــەن، چــوار بزوتنــەوەی چــەکداری یــاخی بوویــان ڕێکخســت بــوو، کەئامانجیان لەناوبردنی ڕێکخراوە دیموکرات خوازەکانی کوردبوو لەگەڵ گەڕانـەوەی دەسـەلاتی کـارگێڕی ئێـران بـۆ ناوچـەکە[١٦١]. پـاش چـەند مـــانگێکی کـــەم لەدامەزرانـــدنی کۆمـــار، ژمارەیـــەکی زۆر لـــەپیاوە ناسراوەکانی کورد بیرخەرەوەیەکیان پێشکەش بەحکومەتی ئێران کرد، کەتێیـدا داوای پێکهێنانی(ئەنجوومـەنی بـالآی کوردسـتان)یان کردبـوو، ئــەوان ئاماژەیــان بــەوەدابوو کەکێشــەی کــورد تــەنیا پەیوەنــدی بــە بەرژەوەنـدی ئەوانــەوە نیــە، بــەڵکو پەیوەنـدی بەهــەموو کوردێکــەوە لەتەواوی ئێراندا هەیە، هەروەها لەسـەری ڕۆشـتبون، کەکێشـەی کـورد بەبڕیاری نەفامانەی حکومەتی ئێران چارەسەر ناکرێت، بیرخـەرەوەکـە ڕایگەیانــدبوو هەنگاوەکــەمان، ســۆز و وەفاداریمــان بــۆئێران پیشــان دەدات، هیوادارین حکومـەت ڕێگەنـەدات ئـەم دەرفەتـەی خسـتومانەتە بەردەستی بەهەدەر بڕوات[١٦٢]. دامەزراندنی کۆماری کوردستان هـەوری بـێ ئومێـدی لـەئاسمانی کوردسـتان ڕەوانـدەوە و، ئـەو کۆمـارە بـووە چرایەکی ئومێدبەخش بۆڕێگەی هەموو کوردێکی ئازادیخواز و بوو بـووە

---

[١٦١] س، ن.لارازیف : س، پ ، ل ٤٣٢.

[١٦٢] وەدیع جویدە: س، پ،ل ٥٣٦.

شوێن و پەناگەی هەموو کوردێکی نیشتیمان پەروەر و ئازادی خواز، لە هەرسێ پارچەکەی تری کوردستانی باشور و باکور و ڕۆژئاوا. ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرە کوردەکان ڕویانکردە سنورەکانی کۆماری کوردستان و چوونەڕیزی هێزە پارێزگارەکانیەوە بۆ ئەوەی لەژێر ئالآ سێ ڕەنگەکەی کوردستاندا بحەوێنەوە و بگەنە ئاسایش[١٦٣]. لەباری سیاسییەوە(مەهاباد) لانی کەم وەك نوختەیەکی لێ هاتبوو کە لەهەموو لایەکەوە چاویان تێبڕیبوو، لەنێوکۆمەلآنی ڕوناکبیرانی کورد لەبەیروت و ئەستەمبوول و بەغداوە بگرە هەتا کێوەبەرز و چڕەکانی خۆرئاوای ئاسیا، هەموو لایەك بەتێکڕایی چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کەبزانن ئایا (قازی محەمەد) سەردەکەوێ یا تێکدەشکێ. نەك هەرلەلایەن کۆرو کۆمەڵی کوردی لەبەغدا، بەڵکو لەلایەن کوردەکانی سوریاو تورکیا پەیوەندی لەگەڵ قازی دەگیراو نامەوپەیامی بۆدەنێردرا[١٦٤]. (عەلی قازی کوڕی قازی محەمەد) دەڵێت: کۆماری کوردستان لە(مەهاباد) لەهەرچوار پارچەی کوردستان پێکهاتبوو[١٦٥]. دوکتۆر قاسملۆ لەلاپەڕەکانی(٩١و٩٢)ی کتێبی کوردستان و کورد دا بەم جۆرە باسی کۆمار دەکات: ئەو حکومەتە نیشتمانییە کەمتر لەساڵێك خۆی ڕاگرت، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا قازانجی زۆری بەگەلی کورد ڕاگەیاند، زمانی

---

١٦٣ د. فەریدوون نوری: بزاڤی بارزانی ، چ١، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٩١.

١٦٤ عومەر باڵەکی: (مەهاباد)وو کورتە مێژوویەك، چ١ ، ٢٠٠٢ ، ل٩٦.

١٦٥ عەلی قازی: گەلی کوردستات ،٢٠٠٩/١/٢٢، کاتژمێر.٤:٣٠.

کوردی بۆ یەکەمجار بوو بەزمانێکی ڕەسمی و منداڵانی کورد بەزمانی دایك قوتابخانەیان بۆ کرایەوە و کتێب و ڕۆژنامەی کوردی بەچەشنێکی بێ وینە بلأوکرانەوە و، ژنی کورد بۆ یەکەمجار لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگی ولأت دا بەشداربوون. لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دامەزرا بوو بازرگانیش بەخێرای گەشەی کرد، لەهەر شوێنێك دەرەبەگەکان ڕایان دەکرد جووتیاران دەبوونە خاوەنی ڕاستەقینەی زەوییەکان، بەلأم لەگەڵ ئەوەش دا تەنانەت ئەوەندەی ئازەربایجان ئیسلأحی زەوی وزار نەکرا، لەبنەڕەتدا دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان ئیمتیازەکانی خۆیانیان لەکوردستاندا پارستبوو، موچەخۆرە کوردەکان جێگای فارس و ئازەرییەکانیان گرتبووە. لەجێگای پۆلیس و ئەرتەشی حکومەت هێزی سوپای و پێشمەرگە دامەزرابوو[١٦٦].

دامەزراندنی کۆماری(کوردستان) جێگای ڕێزو نەوازشی سەرتاسەری گەلی کورد بوو، خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ پشتگیری کردنی کۆمار لە فیداکاری و گیانبازی دا بەرچاو تەنگ نەبوون، لەڕووی ئابوری، سیاسی، کەلتوری، سوپایی یەوە پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو کۆمارەکەی کوردستان و ئازەربایجان سەقامگیر بوو. لە(٣ی ئایاری١٩٤٦) دا ڕێکەوتننامەی دۆستایەتی و هاریکاری دووقۆڵی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان کە بناغەی هاوخەباتی هەردوو گەلی بۆ هێنانەدی ژیانێکی دیموکرات دارشت، لەشاری تەبرێز مۆرکرا. هێزی

[١٦٦] عومەر بالەکی: س، پ، ل٩٦– ٩٧ .

بزوێنــەری جولاَنــەوەی ڕزگــاری خــوازی کوردســتانی ئێــران، خــەڵکی ستەمدیدە و هێزە پێشکەوتنخوازەکان بوو[١٦٧].

## پەیوەندی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان:

سەرکردەکانی کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان پێکـەوە تـەبا نــەبوون، ئازەربایجانییــەکان دەیانویســت دەســت بەســەر کۆمــاری کوردســتان دا بگــرن و بیخەنــە ژێردەســتی خۆیانــەوە، بــاقرۆف لــەم بارەیەوە دەورێکی نامەردانەی دەبینی، ئەو پشتی ئازەربایجانییـەکانی دەگرت و پاڵی بەکوردەکانەوە دەنا تاسەر بۆ ئازەربایجان شۆڕبکەن، یارمەتییــەکانی ســۆڤێتی بەلێشــاو دەخســتە بــەردەمی (ئازەربایجــان) کۆماری کوردستانیش دوای چەندین ئەمسەرو ئەوسەر و داواکردن ئەگەر کەمێکیان دەست بکەوتایە! هۆکـاری ئەمـە جیـاوازی ڕێبـازی ئـەو دوو کۆمــارە بــوو، کۆمــاری ئازەربایجــان چــەپڕەوێکی ســەر بەسیاســەتی باقرۆف بوو، کەچی کۆماری کوردستان شەقڵی نەتەوەخوازی پێوەدیـار بــوو سیاســەتی شــوێن کــەوتنی نەدەویســت و لــەم ڕووەوە زۆر تونــد بوو[١٦٨]. لەنیسانی ١٩٤٦ قازی محەمەد لەسەرداوای یەکێتی سۆڤێت بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکی یەکانی نێوان دوو کۆمار و پێکهێنانی

---

[١٦٧] دکتــۆر عــەزیز شــەمزینی: جولاَنــەوەی ڕزگــاریی نیشــتمانی کوردســتان، و،فەریــد ئەسەسەرد، چ٤، سلێمانی، ٢٠٠٦ ل٣٣٠.

[١٦٨] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد ساڵی(١٩٣١-١٩٥٨) ، س، پ، ل١٦٢.

بەرەیەکی یەکگرتوو لەبەرامبەر تاران، چوو بۆ تەبریز(١٦٩). ئەم ناتەباییە دەگەرایەوە بۆپاڵپشتی(باقرۆف) لەئازەربایجانیەکان و



**ئەحمەد قەوام سەڵتەنە***

---

*ئەحمەد قەوام سەڵتەنە: لەساڵی ١٨٧٣ لەبنەماڵەیەکی ناوداری ئێران لەدایك بووە کە مامی سەرۆك وەزیران بوو، مزەفەرەدین ناوی دەنێت(قەوام سەڵتەنە) لەبەر نوسینی یاسای مەشروتە لەساڵی ١٩٠٦، پێنج جار بووە بەسەرۆك وەزیران لەهەردوو سەردەمی قاجار و بەهلەوی، لەساڵی ١٩٤٦ هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان دادەمەزرێت کە ڕووسیا پشتگیریان دەکات، قەوام بەڵێن دەدات کەڕووسیا لەخاکی دەربچێ نەوتی باکوریان دەداتێ، لەسەر قسەی قەوام ڕووسیا خاکی ئێران جێدەهێڵێت و دەست لەپشتگیری ئێران هەڵدەگرێ و بەوە هەردوو کۆمارەکە لەناو دەچێ، ساڵی ١٩٤٧ هەڵبژاردن دەکرێت و قەوام دەرناچێت، پەرلەمانی ئێران دژی پێدانی نەوتی باکور دەنگ دەدات، ڕوسیا داوا دەکات بەڵێنەکەی بباتەسەر بەلأم ئەو دەڵێت هەڵنەبژێردرام بۆ سەرۆك وەزیران. لەدوای ئەو کارە کەکردی نازناوی ڕێویە پیرەکەیان لێنا، ساڵی ١٩٥٥ کۆچی دوای کردووە. ویکپیدیای ئینگلیزی: و، سەرچڵ یونس .

١٦٩ دیڤید مەکدوال: س، پ، ل٣٩٩ .

کارکردنی لەسەر ئەوەی کەکورد نەرمی بنوێنن بەرامبەر ئازەرییەکان، ناکۆکیەکان گەیشتە ڕادەیەك، کەسۆڤێتەکان ناچاربوون داوا لەهەردوو لابکەن کۆببنەوە، لە(٢٣نیسانی١٩٤٦)دا نوێنەری هەردوولا لەتەبرێز کۆبوونەوە و پەیمانێکیان بەست و[١٧٠]. ڕێککەوتنێکی هاوبەش مۆرکرا سەبارەت بەژمارەیەك لەپرسە هەڵبەستراوەکان، لەنێوان کورد و ئازەرییەکان[١٧١] بۆ ڕێگرتن لەپێکدادانەکانی ورمێ و میانداو، بەپێی ئەم ڕێککەوتنە بڕیاردرا لەو ناوچانەدا لێپرسراوەکان کورد و ئازەری بن. لەو جێگایانەی کورد یا ئازەر کەمینەبن، دەبێت ئەم کەمینانە لە کاروباری کەلتووری خۆیان تەواو ئازادبن[١٧٢]. (قازی محەمەد) لە(مەهاباد) دەستیکرد بەوتوو وێژ لەگەڵ(پیشاوەری) سەرۆکی حکومەتی ئازەربانجان، سەبارەت بەدیاریکردنی دەسەڵاتەکانی لەنێوان کورد و ئازەرییەکان لەهەردوو ناوچەی ئۆتۆنۆمی، نوێنەرانی ئازەربایجان گفتوگۆی ئەم پرس و کێشەیان دەست پێکرد لەگەڵ(ئەحمەد قەوام) سەرۆك وەزیرانی ئێران، بەئامادەبوونی کۆنسوڵی سۆڤێت لەئێران(ی، ف،سادجیکۆف) بڕیاریان دا ناوچەکانی کورد

---

[١٧٠] سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، بەرگی دووەم، چ١، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٥.

[١٧١] م. س.لازاریف: مێژووی کوردستان، و،هۆشیار عەبدوڵا سەنگاوی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٢٥–٤٣١.

[١٧٢] دیڤید مەکدوال: مێژووی هاوچەرخی کورد، و، ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، ٢٠٠٥، ل٣٩٩.

لەئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە دەکەوێتە ژێـر دەسـەڵاتی پـارتی دیمـوکراتی کوردستانی ئێران، بلکێنرێت بە ئۆتۆنۆمیەکـەی ئازەرییەکانـەوە، کـورد وەك کەمــە نەتەوایەتیــەك دانرابــوون لەچوارچــێوەی ئۆتۆنۆمیەکــەی ئازەربایجان، بارودۆخێکی لەم جۆرە لەبەرژەوەنـدی کـورد نـەبوو(١٧٣). حکومەتی تاران و حکومەتی ئازەربایجان کـە لەگـەڵ کـوردا ڕێککـەوتن لەبەینیاندا هەبوو، نەیان دەویست کێشەی کوردستان وەکو کێشەیەکی سـەربەخۆ بخرێتـە بـەرباس، بـەڵکو هـەردوولا دەیانویسـت کوردسـتان بەشێك بێـت لـە ئازەربایجـان و جیـاواز نـەبێت، بەرپرسـانی حکومـەتی ئازەربانجـــان لەگـــەڵ کوردســـتان بەپێچـــەوانەی پەیماننامـــەو ڕێککەوتنامەکەیان دەجوڵانەوە و دانیان بەماف و دەسەڵاتی بەرامبەر و یەکسـانی کـوردا نـەنا(١٧٤). هـەردوو ئەنـدامی لیژنـەی ناوەنـدی پـارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران (عەباس و قاسـم ئیلیخـان زادە) کـەنێردرا بوون بۆ (ماکۆ) لەسەرەتاکانی ئەیلولی ساڵی(١٩٤٦)ز هیچ سازشێکیان بەدەست نەهێنا لەلایەن ئازەرییەکانەوە، لەکاتێکدا کوردە چەکدارەکان گەیشتبوونە(شاهبور) و دەسەڵاتی خۆیـان سـەپاند بـوو بەسـەر شـار و گوندە نزیکەکانی، کوردەکان بەلێشاو لەتەبرێزەوە ئەهاتن بۆ شـاهبور، ئامادەییان تێدا بوو دەسەڵاتی خۆیـان بسـەپێنن بەسـەر(ماکۆ، خـۆی، ڕەزاییــە) بــەڵام هــیچ فــەرمانێکیان پێنەگەیشــت لە(مــەهاباد)ەوە،

١٧٣ م. س.لازاریف: مێژووی کوردستان، س، پ، ل٤٢٥.

١٧٤ ڕەحیم سابیر: س، پ، ل ٩٥.

حکومەتی ئازەربایجان پڕوپاگەندەی پاشکۆیەتی ئەو شارانەی دەکرد بۆ خۆی، بەڵکو پێداگریشی لەسەر لکاندنی ناوچەکانی کۆماری کوردستان بە ئۆتۆنۆمییەکەی ئازەربایجانەوە دەکرد، حکومەتی ئازەربایجان هەوڵیدا کوردەکان ڕازی بکات بۆ بەشداریکردن لەدامودەزگا کارگێڕیەکانی، هەروەها هێزێکی چەکداری هاوبەش پێکبهێنرێت و بانگهێشتی(مستەفا بارزانی) بکرێت بۆ سەرکردایەتی ئەو هێزە. ئاشکرایە هەردوو دەسەلأتدارنی کارگێڕی کوردەکان و ئازەربایجان ڕاو بۆچونیان جیاواز بوو لەسەر سنوری هەردوو کارگێڕیەکە و بارودۆخیان لەڕووی سیاسیەوە .

کوردەکان پێیان وابوو بوونی هێزەکانی سۆڤێت لە(ئێران) گرنتییەکی باشە بۆ چالاکییە نەتەوەی و دیموکراتیەکانیان، چونکە ئەو کوردانەی لەناوچەکانی دەوروبەری سنوری سۆڤێت دەژیان، هاوسۆز بوون لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت، بەلأم بەشێك لەدانیشتوانی کوردە دەرەبەگ و بازرگان و پیاوانی ئاینی بەچاوی وریایەوە دەیانڕوانیە یەکێتی سۆڤێت. لە ڕاستیدا مۆسکۆ هیچ پشتگیریەکی بەرجەستەکراوی پێشکەش بەئۆتۆنۆمی نەکرد بۆ کورد لەئێران. زۆری نەخایاند یەکێتی سۆڤێت گەیشتە ڕێکەوتنێك لەگەڵ نوێنەرانی بەریتانیا و ئەمریکا دەربارەی پرسی ئێران. لەئایاری ١٩٤٦ز هێزەکانی سۆڤێت لەژێر فشاری ئەمریکا و بەریتانیا لەئێران کشانەوە. بەم شێوەیە حکومەتە تازە

پێگەیشتوەکەی کورد بۆ پشتگیری مایەوە[175]. داگیرکردنی ئورمیە لەلایەن ئازەربایجان، گێروگرفتێکی تازەی بۆ کوردەکان دروستکرد، زۆربەی دانیشتوانی دەشتی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ لە(ڕەزائیە)ەوە تا ماکۆ تورکی ئازەربایجانن، بەڵام لەناوچە شاخاویەکانی ئەو ناوچەیەدا هۆزە کوردەکان دەژیان کە بەرزاییەکانیان بەدەستەوە بوو و بەسەر دەشتایەکانی مەڵبەندەکەدا زاڵبوون. لەناوچەی میانداو لەباکوری گۆلی ورمێ دانیشتوانی تێکەڵەیەکن لەکورد و تورك. کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەسەر ئەم ناوچانە کێشەو ناکۆکی یەکی زۆریان هەبوو، چونکە هەردوولا ئەم ناوچانەیان بەهی خۆیان دەزانی[176].

ئازەربایجان بەڕواڵەت دۆستێکی ستراتیژی بوو، لەمامەڵەی ئاشکرایدا خۆی وەك دۆستێکی یارمەتیدەر نیشان دەدا، بەڵام دەیویست کوردستان بەپاشکۆی خۆیەوە ببەستێتەوە، هەر وەك بەشێك لەئازەربایجان سەیری دەکرد[177]. دوای ئەوەی وەفدێکی تاران بەسەرۆکایەتی(مزەفەر فەیروز) گەیشتە تەبرێز، لەسەر پازدە خاڵ ڕێککەوتن، لەخاڵی(١٣)یەمدا بەم جۆرە ناوی کورد و مافەکانی هاتبوو: حکومەت ڕازی دەبێت کوردەکانی ئازەربایجان سود لەم ڕێککەوتنە

---

[175] م. س.لازاریف: مێژووی کوردستان، س، پ، ل٤٢٥-٤٣١.

[176] ڕەحمان نەقشی: کۆمەڵێك بابەت و نوسراو بەبونەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ٢٠١٨، ل٦.

[177] مەحمود مەلا عیزەت: جەمهوریەتی کوردستان، چ١، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٦٠

وەربگـرن، تـا پـۆلی پێنجـەمی سـەرەتایی بـەزمانی خۆیـان بخـوێنن، هــەروەها کەمایەتییــەکانی دانیشــتووی ئازەربایجــان وەك ئاشــوری و ئەرمەنی مافیان هەبێت تا پۆلی پێنجـەمی سـەرەتایی بـەزمانی خۆیـان بخوێنن.



**چاوپێکەوتني نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجان لەگەڵ ئەرتەش و دەوڵەتی ئێران**

بەم جۆرە خواست و تەماحەکانی ئازەربایجان هـەر چـەند کـاتی بـوو، هاتە دی و کوردستان خزێنرایە ناو ئازەربایجان، لەخاوەن جومهوریەکی خودموختار و سەربەخۆوە خرایە ڕێـزی کەمایەتیـە بـێ نیشـتیمانەکانی وەك ئەرمەن و ئاشوری[١٧٨]. زۆری پێناچـێت پێـنج نوێنەرەکـەی کـورد لەئەنجوومەنی نیشتیمانی تـەبرێزدا ناگەڕێنـەوە سـەر کـار، بـەو جـۆرە نیشــانی دەدەن کــە مــەهاباد ســەربە تــەبرێز نیــە، لەشــوباتی

---

[١٧٨] مەحمود مەلا عیزەت: جەمهوریەتی کوردستان، س، پ، ل١٧٠–١٧١ .

١٩٤٥دا(جەعفەر پیشەوەری) داوا لە(قازی محەمەد) دەکات بۆ تەبریز بچێت تا ڕوونی بکاتەوە بۆچی لەکاتێکدا ئازەربایجان تازە ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاندووە، ئەو دەوڵەتێکی سەربەخۆی دامەزراندوە. پێکەوە هەڵکردنی ئەم دوو حکومەتە زەحمەت بوو، چونکە هەردوو لایان داواکاری یەك سەرزەمین و خاك بوون. شاکانی ئێران بەهۆکاری سیاسی و کۆمەلأیەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەلأتی کوردی سونە مەزهەب کەسەربە سوڵتانی عوسمانی بوون، بە بەردەوامی پشتیوانیان لەخەڵکی شیعە مەزهەب دەکرد، بەجۆرێ بەشی زۆری جەماوەر و دانیشتوانی خوی (٣٥هەزار) کەس و شاپور(١٢هەزار) کەس و میانداو (٨هەزار) کەس و ئورمیە(٥٥ هەزار) کەس بریتی بوون لەخەڵکی غەیرە کورد، بەتایبەتی ئازەریەکان کەشیعەی تورکمان بوون، ئەمەجگە لەخەڵکانی دیان و جولەکە، بۆ نمونە کوردەکان لەئورمیە کەمینە بوون. لەبەرئەوە پیشەوەری داوای شارەکان و دەشتە بەپیت و بەرەکەتەکانی دەوروبەری شارەکانی دەکرد، جگە لەبناری چیاکانی سنوری تورکیا و عێراق و ناوچەکانی تەنیشت مەهاباد، باقی شوێنەکانی دیکەی بەکوردستان نەدەزانی، لەکاتێکدا کورد هەر هەموو ناوچەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ئورمیە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەبەشێك لەکوردستان دەزانی[(١٧٩)]. ئازەریەکان بەهانەیان ئەو بوو ئەو شارانە زۆرینەیان ئازەرین، کوردەکانیش بەهانەیان ئەوە بوو کەدانیشتوانی دەوروپشتی

[١٧٩] کرێس کۆچێرا: س، پ، ٢٠١١، ل٢٢٦–٢٢٧.

ئەو شارانە هەموو کوردن، ناوچەکە بەدرێژایی مێژوو هی کورد بووە ئەگەر چی لەڕووی ئیدارییەوە سەربە ویلایەتی ئازەربایجان بوون، باقرۆف دەیویست داواکاریەکانی کورد کەمبکرێتەوە لەمافی چارەی خۆنوسینەوە بۆ چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی ئازەربایجان، قازی بەهەموو شێوەیەك ئەو پێشنیارەی باقرۆڤ ڕەتکردەوە، (قازی محەمەد) دەیویست ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێران سەربەخۆ بێت لەئازەربایجانی ئێران، بەلاَم(باقروف) دەیویست ئازەربایجانی ئێران بلکێنی بەئازەربایجانی سۆڤێتەوە خاکی ئازەرو کوردنیشنی لەگەڵ دا بێت، ئازەریەکانیش دەیانویست کوردستان بەشێك بێت لەوان[١٨٠].

لەسەرەتای مانگی(ئابی ١٩٤٦)دا قازی محەمەد بەسەردانێکی فەرمی چوو بۆتاران لەگەڵ(ئەحمەد قەوام سەڵتەنە*)سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و(ڕەزمارا) بەیەکگەیشتن لە(تاران)، قازی داوای لێکرد دانبنێت بەبوونی ئۆتۆنۆمیەك بۆکوردەکان لەزەوی و زارەکانی سەر سنوری سۆڤێتەوە تا(کامێران). سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕووی مەبدەئیەوە ڕەزامەندی خۆی نیشان دا، پێشنیاری کرد لەم پرسەدا لەگەڵ(جاویدی) فەرمانڕەوای گشتی ئازەربایجان هەماهەنگی بکەن، ئەوە بوو(جاوید) بەم نەخشەو پلانە ڕازی نەبوو، بەم جۆرەش ناکۆکی و جیاوازیەکانی نێوان ئازەری و کوردەکان وەك خۆی مایەوە[١٨١]. هەر

---

[١٨٠] ڕەحیم سابیر: حکومەتی میلی کوردستان، س، پ، ل ٨٩–٩٠.

[١٨١] م. س.لازاریف: مێژووی کوردستان، س، پ، ل٤٢٥–٤٣١.

لــەتاران قــازی ســەردانی باڵیوزخانــەی ســۆڤێتی کــردو پرۆژەکــەی خستەڕوو، بەڵام سۆڤێت پرۆژەکەی پەسەند نەکرد و دژی بوون، لەبەر ئەوەی پەسەندکردنی پرۆژەیەکی لەوشێوە بەخیانەت لەقەڵەم دەدرێ لەگەڵ ئازەریەکان[١٨٢]. قازی دوایی گەڕانەوەی لەتاران کەوتەفکری بەسەرکردنەوەی ناوچەکانی باکوری کوردستان، لەمەهابادەوە بەرە و ناوچەکانی(ورمێ، سەلماس، خۆی، ماکۆ) کەوتەڕێ، قازی دوو ڕۆژ لەورمێ مایەوە و نوێنەران و پیاو ماقوڵانی شار سەردانیان کرد، (عومەرخانی شکاك) کەبۆ پێشوازی قازی هاتبووە ورمێ لەگەڵ ئەوان و هۆزە ناوچەیەکانی دیکە بەرەو(سەلماس) بەرێ کەوت، پێش ئەوەی بگاتە(سەلماس) لەسەر داوای(عومەرخان) چوون بۆ گوندی زیندەشت کەشوێنی مانەوەی بوو، لەڕێگا خەڵکێکی زۆر هاتبوون بۆ پێشوازی، ئەوکات وەرزی دروێنە بوو، چەکدارەکانی شکاك بەتەقەی بەردەوام خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی، ئەو شەوە میوانی(عومەرخان) بوون، خەڵکێکی زۆر هاتبوون بۆ دیدەنی(قازی محەمەد) و هاوەڵانی، قازی و حاجی بابەشێخ لەژوورێکی تایبەت پشوویاندا و پێشمەرگەکانیش لەدوو خێوەتدا لەخواریماڵەکانەوە هەڵیاندا بوو، بۆبەیانی گەیشتنە سەلماس لەلایەن خەڵکی و هۆزەکانەوە پێشوازیان لێکرا، جگە لەکوردەکان ئازەرییەکانیش دڵخۆش بوون بەسەفەری قازی، پاشان بەرە و شاری (خۆی)بەرێکەوتن، لەلایەن خەڵکەوە بەگەرمی پێشوازیان لێکراو، پاش

[١٨٢] سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: س، پ، ب٢، ل٢٠.

شەو و ڕۆژێك بـەرە و(مـاكۆ) بـەرێ كـەوتن. لەگـەڵ دەركـەوتنی كێـوی ئارارات، قازی بـەیادی شۆڕشـی بوێرانـە و لـەخۆبوردوی ئـاگری داخ، و ووتــی ســلاٌوت لــێ بێــت ئــەی ئــاگری تــۆ دواجــار بەبڵێســەی ئــاگری شۆڕشگێڕانەت ئاگر لەخەرمانی داگیركەرانت بەردەدەی .

لەڕێگا خەڵكێكی زۆر هاتبوون بۆ پێشوازی، لەناو شاری(ماكۆ) بەهەمان شێوە خەڵك بەهۆگیریەوە پێشوازی لێیان دەكرد، ماكۆ كەوتبووە نێوان دوو زنجیرە كێـوی بـەرز و دوور و دێـژەوە، ووشـەی مـاكۆی لەووشـەی مەكۆوە هاتووە كەبەڕەسەن كوردیە.

قازی و هاوڕێكانی سێ ڕۆژ و سێ شەو لەماكۆ مانەوە، سەردانی سەرۆك هۆزەكانی گەلاڵی(جەلالی) و (میلان) و هۆزەكانی دیكـەی ناوچـەكەیانی كرد، سەرۆك هۆزەكان كەخـەڵكانی نـاودار ومـاقوڵ بـوون وەك (عومـەر خـانی گـەلاڵی، شـێخ حەسـەن گـەلاڵی)، (عـەولا ئاغـا)ی سـەۆك هـۆزی میلان، (حەسەن ئاغا)ی سەرۆكی خێڵی خاكانلو، بەو پەڕی دڵنـەوایی و دڵگەرمیەوە میوانـداریان كـرد. بنەماڵـەی سـەرداری مـاكۆ لەهـەموویان زیاتر بەناوبانگ تربوون، (ئیقبال سەڵتەنە)سـەرداری مـاكۆ لەسـەرەتای حوكمی ڕەزا شادا لەلایەن ئەوەوە كوژرا بوو، خێزانەكەی خاتوو ئینالی كەخەڵكی ئازەربایجانی سۆڤێت بوو، لەچەند كیلۆمەتری بـاكوری مـاكۆ دەژیـا، بـۆ نیـوەڕۆ خوانێـك میوانـداری قـازی و هاوڕێكـانی كـرد. ئـەم سەفەرەی قازی محەمەد دە ڕۆژی خایەند، بـووە هـۆی بـەهێزتر بـوونی ورەی كوردەكـانی بـاكور و پتـەوتر بـوونی پەیوەنـدی دۆسـتایەتی و

هاوکـاری نێوانیـان[١٨٣]. حیـزب زۆر بەتونـدی پـەلوپۆی هاویشـت و تێکۆشـانی لەهـەموو ناوچـەی ئـازادی کوردسـتان پـەرەی سـەند بـوو، قـەیرانی بەزۆرلکانـدنی کوردسـتانی بەئازەربایجانـەوە ڕەوانـدەوە و ناچاری کردن حیسابی جیاواز بۆ کوردستان بکەن[١٨٤].

---

[١٨٣] هاشم سەلیمی: پێشەوای ڕابوون، س، پ، ل٩٨–١٠٥.

[١٨٤] ئـا لیژنـەی ڕاگەیانـدنی فسـتیڤاڵی کۆمـار کوردستان،پێشـەوا– ژیـان وخـەبات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان، چاپی یەکەم،هەولێر،٤–٥ / ٤–٢٠٠٧، ل٦ .

## تەوەرەی دووەم

## پێگـــەو ڕێ و شـــوێنی بارزانیـــەکان لـــەنێو دەســـەڵاتی کۆماردا.

**بارزانیەکان ڕووبەڕووی کارەسات دەبنەوە:**

سەرەڕای ئـەو دەسـگرۆیەو بەدەنگـەوە هاتنـەی کوردەکـانی ئێـران بـۆ بارزانیــەکان، بــەڵام هۆیــەکانی لەشســاخی و خۆپاراســتن لەپــەتا و نەخۆشی دابین نەکرا، نەخۆشی تایفۆئیدیان لەنێودا بڵاو بووەوە[185].

دوای گەیشتنی هێزی پێشمەرگە بۆکوردستانی ئێران(مستەفا بـارزانی) چــوو بۆگونــدی(نێرکێ) کەفەرمانــدەی ســوپای ســۆڤێتی لێبــوو، لــە دیدارەکـەدا بڕیـاردرا خێزانـەکان دابـەش بکرێـت بەسـەر ناوچـەکانی، (مەرگــەوەڕ، تەرگــەوەڕ، شــنۆ، نەغــدە، مــەهاباد)، چــەند پزیشــك و پەرستار لەگەڵ پێداویستییەکانی چارەسـەرییان بـۆ ڕەوانـە بکـرێ، لـە گوندی(کانی سپی)یش نەخۆشخانەیەکی مەیدانی دابمەزرێ.

سۆڤێتەکان داوایان لەبارزانی کـرد لەناوچـەکە دووربکەوێتـەوە، خێزانـە بارزانیەکان لەبارێکی نالەباردا ژیانیان دەبردە سەر، هـەر چـەند نەفـەر لەوانە لەمزگەوت و ماڵ و پەناگەیەکدا دەژیان، بەڕێکەوت قازی محەمەد و بارزانی و سەیفی چەند کەسێك لەسـەرۆك هۆزەکـان لـەماڵی (حـاجی بابەشێخ) بـانگ کرابـوون بۆنـان خـواردنی نیـوەڕۆ، بـەگوێرەی نـەریتی ئەوکاتە هەر دوو کەس یەك سینی دەخرایە بەردەمیان، حاجی بابەشێخ و بارزانی لەلایەکەوە دانیشتبوون کاتێك دەستکرا بەنان خواردن بارزانی دەستی نەبرد بۆنان خواردنەکە، (حـاجی بابەشـێخ) فـەرمووی جـەنابی

---

[185] مەسعود بارزانی: بـارزانی بزوتنـەوەی ڕزگـاری کـورد سـالی (١٩٣١–١٩٥٨) ، س، پ، ل١٥٦.

جەنەراڵ ئەو میوانی یە بەشانازی جەنابتانەوە ئامادە کراوە فـەرموون نـان بخـۆن، بـارزانی لەوەڵامـدا وتـی ئێـوە هـەمووتان ئاگـاداران هـۆزی بارزان بەژن و منـداڵ و پـیرەوە لـەم سـەرما و بـەفرەدا بەسـکی برسـی سەرگەردانن لەکوچە و کۆڵانەکاندا ئیتر من چۆن ویـژدانم قبـوڵ دەکـات لای ئێوە پـلاو گۆشـت بخـۆم و منـداڵی جـەنگاوەرانی بـارزانی برسـی و ئاوارەبن(١٨٦). بارزانیەکان توشی گرفتێکی هـەرە جیـدی بـوون ئـەویش بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی بـوو کـە پـەرەی دەسـەند، بـەهۆی نـەبوونی پێداویستییەکانی تەندروستی و دەوا و دەرمان لەماوەی کەمتر لەشەش مانگ دا هەزار و پێنج سەد کەسیان بـەهۆی نەخۆشـیەوە لەناوچـوون، ئەم ژمارەیە یەکجار زۆر تر بوو لەو ژمارەیەی لەشەڕەکاندا لێیان کوژرا بوو، ئـەو گرفتـە بەڕاسـتی تـەنگی پـێ هەڵچـنین، بـەلاّم لەگـەڵ هـەموو ئەمانەش دا بەباشی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکـرد و سـەرکەوتنی زۆریان بەدەست هێنا، بارزانیەکان بووبوونە سەرەکیترین ئـەو هێزانـەی کە دەکرا ڕێبەرانی کۆمار پیشتیان پێ ببەستن(١٨٧).

لەڕاپۆرتێکی عێراقی دا لەتاران کەبۆ وەزارەتی دەرەوە نێردراوە ئاماژە بـەبارودۆخی خراپـی بارزانیـەکان بەتایبـەتی لەمـەهاباد بـەم شـێوەیە کـردووە، ئـەوان پێخـواس بـوون هـیچ پێداویسـتیەکی ژیانیـان نیـە. بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی و پـەتا لـەناویان دا بـەجۆرێکی وەهـا پـەرەی

(١٨٦) ڕەحیم سابیر: حکومەتی میلی کوردستان، س، پ، ل ٨٤.

(١٨٧) د. فەریدوون نوری: س ، پ، ل ١٨٤.

سـەند بـوو لەشـەش مـانگی یەکـەمی سـاڵی ١٩٤٦ بـووە هـۆی گیـان لەدەسـت دانـی هـەزار و پێـنج سـەد کەسـیان، تاسـاڵی ١٩٤٧ ژمـارەی ئەوانەی گیانیان لەدەستدا گەیشتە دوو هەزار کەس، وای لێهات زۆربەی گوند و ئاوایەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان لەناوچـەکانی(مەهاباد، شـنۆ، بۆکان) نەما گۆڕستانێکی بارزانیەکانی لیَ نەبێت .

ئامۆشـوف سەرکۆنسـوڵی سـۆڤێت لەڕەزائیـە دەڵێـت: زسـتانی پـڕ لـە سـەرماو سـۆڵەی ١٩٤٥– ١٩٤٦ بـووە هـۆی ئـاڵۆزکردنی بـاری ژیـانی بارزانیەکان، بەتەواوی شوێن و جێگایان بۆجێبەجیَ نەبوو، زۆربەیان بیَ پێڵاو بیَ جل و بەرگ بوون، لەناویاندا نەخۆشی گەدە و ریخۆڵە بلاَو بوو بـووە. دوایـن ئامارەکـان واپیشـان ئـەدات ئـەو بارزانیانـە ئـاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون گەیشتە زیاتر لەدە هەزار کەس، لەئەنجامی بلاَوبوونەوەی نەخۆشی تایفۆئیـد و بـەرگری کـردن لـەکۆماری کوسـتان ٤٩٪ بارزانیـەکان لەناوچـوون. لـە١٩٤٧/٣/١٨حکومـەتی ئێـران کەوتـە بۆمبارانی ئەو گوندانەی پێیان وابوو ژن و منداڵی بارزانیـەکانی تێدایـە، لەڕاپۆرتێکی کۆنسـوڵی عێـراق لەتـەورێز دا هـاتووە: سـوپای ئێـران بـە قوربانێکی کەم دەتوانێت لەچەند ڕۆژێکدا بارزانیەکان لەناو بدات، بۆیـە کەوتنـــە بۆردومـــانکردنی ئـــەو شـــوێنانەی بارزانیـــەکانی لێبـــوو. بارزانیـەکانیش ڕووبەڕوبوونەوەیـەکی سـەخت و ئازایـان کـرد، تەنانـەت سـەرۆکی ئەرتەشـی ئێـران ڕایگەیانـد ئێـران تائێسـتا لەگـەڵ دووژمـنی

هێندە بەهێز شەڕی نەکردووە، لەو کاتەدا شا فەرمانی کردبوو بەهەموو هێزێکەوە لەبارزانیەکان بدرێ[188].

## پێگەو ڕێوشوێنی بارزانیەکان لەنێو دەسەلاتی کۆماردا:

بارزانیەکان بەهۆی هێرشی حکومەتی عێراق بۆناوچەی بارزان، ناچار بوون ناوچەکانی خۆیان چۆڵ بکەن و بچنە خۆرهەلاتی کوردستانەوە، بەلام دواتر توانیان بەهۆی لێهاتوی خۆیانەوە ڕۆڵی گەورەو کاریگەر بیینن لەکۆماری کوردستاندا و، بوون بەیەکێك لەپایە بەهێزەکانی کۆمار و ڕۆڵیان هەبوو لەجێگیر بوونی دەسەلاتی کۆمار لەناوچەکانی ژێر دەستی دا[189]. هاتنی بارزانیەکان بۆ(قازی محەمەد) وەکو خەلاتێکی خوایی و ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکرابوو، چونکە قازی سوپایی نەبوو، تا ئەو کاتەش تەنیا پشتی بەئەمکداری و بەرەی خەڵکی(مەهاباد) و ژمارەیەکی زۆر کەمی تاکەکانی سەربە هۆزەکان بەستبوو، بارزانیەکان پسپۆری شەڕی ناوکوێستان بوون و هێزێکی زۆری زەبروەشێنیان بۆ کۆمارەکەی ئەو لەگەڵ خۆیان هێنا بوو، هاتنی هێزەکانی بارزانی بۆ کوردستانی ئێران لەڕاستیدا هەنگاوێکی هەرە گرنگ وتەواوکەر بوو بۆ پێگەیاندنی ڕاپەڕینی نەتەوەیی گەلی کورد، کەبەپێی تێپەڕبونی کات وێڕای ئەو گەشتە هەوراز و نشێوە، لەڕواڵەتی سەرهەڵدانێکی هۆزایەتی

[188] عەدالەت عومەر سالح: س، پ، ل١٥–١٦.

[189] کاروان محەمەد مەجید: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت ، س، پ، ل٣٠.

دەچوو بوو بووە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی و گشتگر[190]. بەهاتنی بارزانیەکان بزوتنەوەی کورد ڕەواڵەتێکی نێو نەتەوەیی وەرگرت[191].
بەشداری بارزانیەکان لەکۆماری کوردستان بابەتێکی گرنگ و لاپەڕەیەکی پڕ لەشانازییە لەمێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا. پێگەی بارزانیەکان لەکۆماری کوردستان و لەهێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەزگاکانی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی کۆماردا جێگەیان گرتبوو. بارزانی پلەی جەنەراڵی پێبەخشرا و ئەفسەرەکانیش پلەی سەربازی باڵایان وەرگرت، هەزارو پێنج سەد جەنگاوەری بارزانی لەنێوان تەمەنی شازدە بۆ شەست ساڵی بەچەکی نوێ پڕچەك کران و سێ بەتالیۆنیان لێ پێکهات و هەرسێ بەتالیۆنەکەیان ڕەوانەی بەرەی شەڕی(سەقز) کران. حەوت سەد بارزانی چەکداریش وەك جێگر ڕاگیران، چەند ئەفسەرێك لەدەستەی ئەرکاندا لەگەڵ بارزانی مانەوە[192]. دواتر بەتالیۆنێکی تریان پێکهێنا و ڕەوانەی ناوچەی (سەردەشت)یان کرد. هەروەها لەدوای ڕێککەوتنی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان، بەرەی(هەوشار) کە لەزەنگانەوە بەدەست فیداییەکانی حکومەتی ئازەربایجانەوە بوو، بەکۆماری کوردستان و بارزانییەکان سپێردرا. کازم مستەفا ئۆمەر

---

[190] د. فەریدوون نوری: س ، پ، ل ١٨٤.

[191] حەسەن ئەرفەرع: س، پ،ل ١٣.

[192] حامید گەوهەری: س٠ پ، ل٢٢٦ ٠

شـانەدەری کـە یەکێکـە لەهـەڤالآنی بـارزانی لـەکۆماری کوردسـتان و یـەکێتی سـۆڤێت دەڵێـت: لەمـەهاباد ئێمـەیان کـردە دوو بـەش، ئـەو بەشەیان پێشتر لە سوپادا سەربازیان کردبوو، پلـەی سـەربازیان پێـدرا تامەشقی سەربازی بەلاوەکان بکەن و لاوەکانیان کردە پێشمەرگە. هەر چـل کـەس لـە لێزگەیەکـدا ڕێکخسـت و سـەرلێزگەیەکیان بـۆ دانـان، سەرلێزگەکان لەژێر فەرمانی سەرقۆڵەکاندا بوون و ئەفسەرەکانیان کـرد بەسەرچڵ و ئەمیر بەتالیۆن. بۆماوەی دوو هەفتـە مەشـقی سـەربازییان پێکردن و دوای تەواوکردنی مەشق، سوێندیان دان خیانەت لەپێشـەوای کـورد و کۆمـاری کوردسـتان نەکـەن، دوای سـوێند خـواردن لەمەیـدانی چوارچـرای شـاری مـەهاباد کۆدەکرانـەوە، لەکۆبوونەوەکـەدا(قازی محەمـەد) بەشـداری تێـدا کرد،(مسـتەفا بـارزانی) ووتـارێکی دەربـارەی هۆشیاری لەبەرەکانی شەڕدا خوێندەوە و ڕۆژی دواتر ڕەوانـەی بـەرەی شەڕی سەقز کران[193].

ڕابـەری بارزانیـەکان لەلایـەن شـێخەکانی خۆیـان و لەلایـەن ئەفسـەرە کۆنەکانی سـوپای عێراقـەوە بـوو ئـەم کـارە تـەنها لەبـەرەی(سـەقز)دا بەرچاو نەدەگیرا.

تاکۆتایی مانگی ئایار شێوازی ئەرتەشی سوپای کوردان بەم شـێوەیەی خـوارەوە بـوو، بارزانیـەکان بەسەرکردایەتی(مسـتەفا بـارزانی) هـەزار جـەنگاوەری پیـادە، بارزانیـەکان بەسەرکردایەتی(شـێخ ئەحمـەد)

---

[193] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل٥٤–٥٥.

کەلەجەبهە نەبوون، نۆسەد جـەنگاوەری پیـادە، جەلالی(گـەلاڵی) چـوار سـەد جـەنگاوەری سـوارە، میلانـی و شـکاك بەڕابەرایـەتی ئەمـەرخان، هەشت سەد سوار، هەرکی بەڕابەرایەتی ڕەشید بەگ، بەگزادەکانی ژێـر چاودێری نوری بەگ هەزار سوار. هەروەها کۆمـەڵێکی زۆر لـەهۆزەکانی کوردی پارچەکانی تر بەشدار بوون[١٩٤] .

لەودەمەدا حەقیقەتێك ئاشکرابوو ئەویش زیاتر لەهەر دەستەو کۆمەڵێك حیسـاب بۆبارزانیـەکان دەکـرا، چـونکە ئـەوان سـالآنێکی زۆر بـوون لـە تێکۆشان دژبەهێزی عوسمانی و سوپای عێـراق قـاڵی کردبـوون، ئـەوان لێهـاتوو پسـپۆری جـەنگی پـارتیزانی و کوێسـتانی بـوون، دەیـانتوانی ماوەیـەکی زۆر لەنێوسـەنگەر بێـدەنگ و جوڵـەخۆیان ماتکـەن تاتـەواو دوژمـن دەکەوتـە بەرهێرشـیان و بـەم شـێوەیە فرتـوفێڵی جـەنگیان بـەکاردەهێنا بـەهۆی ئـەو فرتوفێلاّنـەوە بەکـەمترین کـات پایـەکانی دەوڵـەتیان کـۆنترۆڵ دەکـرد[١٩٥] . لـە٢٠ی مـانگی ئایـاردا یـەك دەسـتە شناسایی ئەرتەشـی ئێـران بەفەرمانـدەی ملازم(خوسـرەوی) کـەکوردی سنەیی بوو لەدەرەوەی سەقزدا مەعەسـکەری دانـا بـوو، لـەپڕ لەلایـەن بارزانیەکانەوە بەرهێرش کەوتوو(ملازم خوسرەوی) و دووسەربازی دیکە کـوژران، لــەو ناوچــەیەدا بەتــەواوی ســوپای ئێــران ورەی لەدەسـت

١٩٤ قەوام سەڵتەنە: س، پ، ل٧٠– ل٧١ .

١٩٥ قەوام سەڵتەنە: هـ، س، پ، ل٦٨–٦٩ .

دابوو[196]. (قازی محەمەد) لەوتەیەکیدا لەکاتی ڕۆیشتنی بۆ(تەبرێز) لەڕۆژنامەی کوردستان دا لەژمارە(٤٦) لە١٩٤٦/٥/١١ چاپکراوە و بلأوکراوەتەوە دەڵێت: برایانی خۆشەویستی بارزانی کەلەڕێگەی ئازادی کوردستانی مەزن ولأت وماڵ و منداڵیان لەپێش چاونییە هەموویان لەپێناو ئەو مەتڵەبە مەردانە لەکۆششدان، جێگای شانازیە ئازادیخوازانی میلەتی کورد نمایش دەکەن، شارەزایی باشیان لە عەمەلیاتی جەنگی وئازادیی ڕەشیدیان کەسیفاتی مومەیەزەی کوردانە لەشەڕی سالّح ئاوایەدا مەعلوم بوو، کەهێزێکی(٢٠٠) نەفەری ئۆردوی فارسەکان دەیویست بۆلای سەرایە بێت ئەوان بە(١٧٠) نەفەری پێشیان پێگرتن، (١١٠) نەفەریان لێ کوشتن، (٤٠) ئەسیریان لێگرتن و زەرەر و زیانێکی زۆریان لێدان بەبێ ئەوەی یەك نەفەریان خوێن لەکەپوی بێ[197]. بارزانیەکان یەکەم هێزی پارێزەری کۆماری کوردستان بوون، کە بەدڵپاکی قورسایی شەڕەکانیان خستە سەرشانی خۆیان، ئەم فیداکارییەی بارزانیەکان ڕاستەخۆ کاری کردە سەرکوردەکانی ڕۆژهەلأتی کوردستان و سەرۆك هۆزەکانی کێشایە ژێر سێبەری ئالأی کوردستانەوە و لەڕاڕا بوون ڕزگاری کردن، بەجۆرێك لەشکرێکی هەشت هەزار و هەشت سەد پیادە و هەزار و حەوت سەد سوارەیان لێ پێکهێنان. بارزانیەکان لەچەند شەڕو پێکدادانێکی سەخت و دژواری

---

[196] قەوام سەڵتەنە: س، پ، ل٦٦.

[197] عەتا قەرەداخی وکۆمەلق نوسەر: س ،پ ،ل ٢١٤.

وەك شەڕی(مامەشـــا، ملقـــەرەنی، قـــاراوە)دا ســـەركەوتنی گـــەورە و سەرسوڕهێنەریان بەدەستهێنا[198]. ناكرێ لێرەدا ئەو ڕاستیە فەرامۆش بكرێـت كەبەشـێكی زۆر لـەكوردەكانی كوردسـتانی عێـراق، خزمـەت و بەشـــداریەكی دڵســـۆزانەیان لـــەدەزگا ســـەربازی و ڕۆشـــنبیری و خزمەتگوزاریـــەكانی كۆمـــاردا كـــردوە، و زۆر بـــە پـــەرۆش بـــوون بـــۆ سەركەوتنی ئەو ئەزمونە كەبەشێكیان وەك مامۆستا چـونە(مەهاباد) و لەخوێندنگـەكانی كۆمـاردا وانـەیان بەمنـداڵانی كـورد دەوتـەوە، لەوانـە (عوسمانی دانیش، محەمەد نوری عەبدولقادر ئەحمـەد، كـەریم زەنـدی، قـــانعی شـــاعیر، جـــەمیل بـــەهادین) و، بارزانیـــەكان و ئەفســـەرە ئازادیخوازەكان كە بەسەرۆكایەتی (مستەفا بارزانی) هاتبوونـە هـەرێمی موكریـان هـــەرزو بوونـــە بڕبـــڕەی پشـــتی هێـــزی كۆمـــار و بەڕادەیـــەك بۆحكومـەتی كوردسـتان و بـەرگیری لێكردنـی دڵسـۆزبوون، وەپێشـەوا متمانەی پێیان هەبوو ئەركی سەرپەرشتی ناسكترین بەرەكانی جـەنگی پێ سپاردن كەبەرەی سەقزبوون[199].

ساڵی ١٩٤٦(كابتن جاكسۆن) یاریدەدەری ڕاوێـژكاری سیاسـی بریتانیـا لەهەولێر لەگـەڵ ژمارەیـەك دەرەبـەگی كـورد كۆدەبێتـەوە پرسـیاریان لێدەكات دەڵێت ئایا هیچ پیاوێكی گەورەی ترتان وەك(قـازی محەمـەد)

---

[198] حەسەنی دانیشفەر: بارزانی لەویژدانی ڕۆژهەلاتی كوردستاندا، بـەرگی یەكـەم،چ١ ، ٢٠٠٣ ،ل٨٥.

[199] كاروان عوسمان: س، پ، ل ١٤٩– ١٥٠.

هەیە؟ قەرەنی ئاغاییش دەڵێ ئەی چۆن نیمانە، (مستەفا بارزانی) کاری سەربازی بەڕێوەدەبات ڕووسەکان زۆریان خۆشدەوێت، (قازی محەمەد) زەوی و زارێکی زۆری پێداوە(کابتن جاکسۆن) دەڵێ کەواتە بارزانی و پیاوەکانی لەشەڕەکانی ئێستا بەشداربوونە؟ قەرەنی ئاغا ووتی: بەڵێ بەشداربوون، ئەحمەد ئاغای مێرگەسور و (شێخ ئەحمەد)ی بارزان بەرپرسی بەرەی ڕەزائیە بوون، (مستەفا بارزانی)ش ناوچەکەی بەسەر کردۆتەوە چوەتە شنۆ و دواتر لەوێوەچووە بۆسەردەشت[٢٠٠].

## ڕۆڵی بارزانیەکان لەپاراستنی کۆماری کوردستاندا:

بارزانیەکان ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگیان بینی لەکۆماردا تەنانەت سەرۆك هۆزەکان هەڵوێستی دوژمنانەیان بەخۆیانەوە گرتبوو، کەس نەبوو بەرگری لەپایتەخت بکان بارزانیەکان نەبێت زۆرێك لەسەرۆك هۆزەکان نامەیان بۆسوپای ئێران دەنارد دڵسۆزی وملکەچی خۆیانیان دەردەبڕی و چاوەڕوانی هاتنیان بوون[٢٠١].

هەبوونی هێزی بارزانیەکان لە دەورپشتی مەهاباد بۆ سوپای ئێران هێشتا بەمەترسیەکی گەورە ئەژماردەکرا، لەناوی شاری مەهاباد بەردەوام بانگەشەی ئەوە هەبوو کەوا بارزانیەکان هێرش دەکەنەوە و شار دەگرن و قازی و هاوەڵەکانی ڕزگار دەکەن، ئەمە خۆی لەخۆی دا

---

[٢٠٠] کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردوکوردستان لەبەڵگەنامە نهینیەکانی بریتانیا، چ٢، چاپخانەی گرین گلۆری لوبنان،ل ٢٠٤– ل٢٠٥ .

[٢٠١] ڕەحیم سابیر: س،پ، ل ٢٥.

بـوو بـەهۆی ئـەوەی سـوپا نەپەرژێتـە سـەر جێبـەجێ کردنـی پیلانـی کوشتوبڕ لەناو مەهاباد[٢٠٢].

[٢٠٢] ئەبولحەسەن تەفرشیان: س، پ، ل٢٢٧ .

# تەوەری سێیەم

# پێگەی مستەفا بارزانی لەکۆماری کوردستان

## پێگەی مستەفا بارزانی لەکۆماری کوردستان:

کاتێ باسی کۆماری کوردستان دەکەین یەکسەر ڕۆڵی(مستەفا بارزانی) دێتەپێش چاومان، کەچەند بەدڵسۆزی ودلاوەری و قوربانی لەپێناو پاراستنی کۆماری کوردستان تواناکانی خستەکار، ئەو کۆمارەی لەمێژووی کوردستان بووە بەڵگەنامەیەکی زیندو کە کورد ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت خەونی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە،



**چەند سەرکردەیەکی کۆماری کوردستان – مستەفا بارزانی لە پێشەوە و لەناوەڕاست دایە**

ئەگەر چی دووژمنانی کورد بەحەرامی دەزانن و هەوڵی بنبڕکردنی کورد و سڕینەوەی خاکی کوردستان لەسەر جوگرافیا دەدەن، قوربانی دانی بەردەوامی کورد لەچیا سەرکەشەکان و بەرخودان لەپێناو ژیانێکی شەرەفمەندانە ئەو خەونەی دووژمنانی لەگۆڕنا. خەباتی بەردەوامی بارزانی بووە هۆکاری مانەوە و خۆڕاگری کورد، سەلماندیان کورد لە ڕووخان گەورەترە و هەرگیز نامرێت، هەموو ئەو دیکتاتۆرانەی هەوڵی لەناوبردنی کوردیان دا خۆیان تووشی شکست و نەمان هاتن، بەشداری

کردنی (مستەفا بارزانی) لەکۆماری کوردستان نیشان دەری ئەوەیە ئەو سەرکردە، بڕوای تەواوی بەسەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوەی هەر چوار پارچەی کوردستان هەبووە، لەنامەیەکی کۆمەڵەی ژێ‌کاف بو(مستەفا بارزانی) کە زۆر بەڕێزەوە باسی دەکەن و بەڕێبەری ئازادی ناوی دەبەن[٢٠٣]. لە(١١ی تشرینی یەکەمی ساڵی١٩٤٥)دا کاتێك (مستەفا بارزانی) بەخۆی و دەهەزار کەسەوە کە لەلایەنگرانی پێکدەهات، هات بۆ ڕۆژهەلاّتی کوردستان، نزیکەی سێ هەزار لەوانە چەکداربوون[٢٠٤]. بۆیە بەڕاستی ناکرێ باسی ئەو ڕووداوە مێژوویەی کوردستان بکرێ واتە کۆماری کوردستان لە(مەهاباد)، بەبێ ئەوەی دەوری بارزانی ونەخشی بارزانی لەپاراستنی کۆماردا و فیداکاری و گیانبازی بارزانیەکان باس نەکرێ و نەیەتە گورێ، من پێموایە لەمبارەیەوە ئەگەر مێژوویەك بنوسرێ، بەبێ ئەوەی دەوری بارزانی لە کۆماری کوردستان باس بکرێ، مێژوویەکی ناتەواوە[٢٠٥].

بەهۆی لێهاتوویەوە(مستەفا بارزانی) لە(١٩٤٦/٣/٣١)ز لەلایەن پێشەوا (قازی محەمەد)پلەی جەنەراڵی پێبەخشرا، و بوو بە یەکێك لەچوار

---

[٢٠٣] سەعید مەموزینی: بارزانی نەمر ئاشتی خوازی سەدەی بیستەم، چ١ ، هەولێر ٢٠٠٨، ل ٨٢–٨٣.

[٢٠٤] د. سەلاحەدین راست گەلدی: شەڕە لەبیرکراوەکە ڕاپۆرتێك لەکوردستانەوە ، و، کاوە ئەمین ، چ١ ، هەولێر ،٢٠٠٣،ل ١٣٥.

[٢٠٥] حەسەن دانیش فەڕ: بارزانی لەویژدانی ڕۆژهەلاّتی کوردستانەوە ،چ١ ، هەولێر، ٢٠٠٣،ل٦٣.



**سەردانی قەدری جەمیل پاشا لەمانگی ٩ی ١٩٤٦ کۆبونەوەی لەگەڵ جەنەراڵ مستەفا بارزانی هەندێك لەسەرکردە و فەرماندەکانی هێزی بارزان**

جەنەراڵەکەی کۆماری کوردستان وفەرماندەی هەموو هێزی کوردستان، چەند ئەفسەرێکی دیکەش بۆ(ئەرکانی هێزی بارزانیەکان) لەژێر فەرماندەیی خۆی دا هێشتەوە، هێزی چەکداری بارزانیەکان ببوو بە بڕبڕەی پشتی هێزی کۆماری کوردستان، فەرماندە و چەکدارەکانی ئەو هێزە بەئەزموونی خۆیان نەك توانیان سنوری کوردستانی ڕزگار کراو لە بەرامبەر هێرشی سوپای ئێران بپارێزن، بەڵکو دەیانتوانی شاری سەقز و ناوچەکانی دیکەش لەسوپای شاهانشایی ئێران پاك بکەنەوە[٢٠٦].

ڕۆژنامەی کوردستان سەبارەت بەکەسایەتی بارزانی نوسیویەتی: (مستەفا بارزانی)پیاوێکی سیاسی وسەرکردەیەکی کوردی بارزانە، لە

[٢٠٦] کاروان محەمەد مجید: س،پ، ل٣٣-٣٤.

ڕێی سەربەستی کوردستاندا زۆر مەینەتی کێشاوە. دوژمنانی کوردستان بـارزانی و تـەواوی ئێـل و عەشـیرەتی ئـەویان بـەتاوانی ئـازادیخوازی دەربەدەر کردووە لەنیشتیمانی خۆشەویستیان، بـارزانی جگـە لـەوەی قائیـدێکی بـەرزە پیـاوێکی زانـا و تێگەیشـتوو و مـەزن و نیشـتیمان پـەروەرە، ئێسـتا تەمـەنی لـەدەوری چـل و پێـنج سـاڵی دایـە[٢٠٧]. لـە (١٩٤٦/١/٢٢ز) دا کاتێك کۆماری کوردستان لەشاری(مەهاباد) ڕاگەیەنرا بارزانی بانگهێشت کرا بۆ مەهاباد، ئاهـەنگێکی مێـژووی بـەم بۆنەیـەوە بەسـترا[٢٠٨]. پـاش تـەواوبوونی ئاهەنگەکـە بـارزانی چـاوی کـەوت بەسەرکردەو لێپرسراوانی کۆمار، بـۆ گۆڕینـەوەی ڕاو بۆچـوون لەسـەر بارودۆخی کوردستان و ڕۆڵـی بـارزانی و هێـزی پێشـمەرگە لـەداهاتووی کۆماردا، دواتر بارزانی گەڕایەوە(شـنۆ) و تامـانگی ئـازار مایـەوە دواتـر بـانگکرا بۆ(مـەهاباد) و لـەوێ پێکهـاتن لەسـەرئەوەی کـە بارزانیـەکان دەوری خۆیان بۆ پشتگیری کردنی کۆمار ببینن، ئەوانەی تەمـەنیان لـە نێوان(پازدە بۆ شەست) ساڵی مەشقیان پێبکرێت، لەوانە(هەزار و پێنج سەد) کەس چەکیان بەسەردا دابەشکراو[٢٠٩]. بارزانی لەلایەن پێشـەوای کۆماری کوردستان لە(مەهاباد) کاتێك پلەی جەنەراڵی پێ بەخشرا، بوو

---

[٢٠٧] فەریدون نوری: س،پ ، ل ١٩١.

[٢٠٨] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد ساڵی(١٩٣١–١٩٥٨) ، س، پ، ل١٤٩.

[٢٠٩] سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: س، پ، ل١١–١٢.

بـە فەرمانـدەی هێـزی کوردسـتان لە(مـەهاباد)[٢١٠]. دواتـر لەسـەرداوی (قـازی محەمـەد) (مسـتەفا بـارزانی) هێزەکـانی خـۆی بەسـەر چـەند دەسـتەیەکدا دابەشـکرد و، سـەر لـەنوێ دایمەزرانـدەوە و تـوانی وەك هێزێکی دیموکراتی ڕێکی بخات و کاروباریان پێبسپردرێ. لەسـەرەتای نیسـان دا لەسـەر داوای(مسـتەفا بـارزانی) زیـاتر لەهـەزار بـارزانی بـۆ پێشـمەرگایەتی بـانگ کـران، لەچـوار لـق دا ڕێکخـران، و (حـەوت سەد)کەسیشیان بەیەدەك مایەوە، چەکی نوێ یان پێ درا، پاش مەشق پـێ کردنێکـی کـورت نێردرانـە جەبهـەی سـەقز بـۆ پاراسـتنی سـنوری حکومـەتی کوردسـتان لەهێرشـی چـاوەڕوانکراوی ئەرتەشـی ئێـران، ئەفسەرە کوردە عێراقیەکان ئەگەرچی کەسیان بارزانی نەبوون، دانـران بەسـەرکردەی لقـەکانی هێـزی بارزانیان(میرحـاج ئەحمـەد، بـەکر عبدولکەریم حەوێزی، مستەفا خۆشناو، نـوری ئەحمـەد تـەها) کەچـوار ئەفسەری دەرچوی زانستگا جەنگیەکان عێراق بوون، هەریەکـەیان بـوو بەسەرکردەی یەکێك لەم چوار لقە، ئەفسەرەکانی تر هەندێکیان لەگـەڵ (مسـتەفا بـارزانی) بـوون، کـەخۆی وەکـو هەیئـەتی ئەرکـەکانی هێـزی بارزانیان مانەوەو، لەژێر فەرماندەی خۆیدا هێشتەوە. هەندێکیشیان بۆ کاروباری مەشق سودیان لـێ وەرگـرتن، لەگـەڵ ئـەمانیش چـەند کـەس لەتێکۆشـەرە ئازاکـانی بارزانیـەکان پلـەی پێشـمەرگەیان پێـدراو کـران

---

[٢١٠] سەید کەماڵ ئیبراهیمی: مێژووی کورد، و،ئبراهیم یونسـی ،گۆڤـاری مێـژوو، ژ (٥) هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٢٨ .

بەفەرماندەی چڵەکانی ئەم چوار لقە وەکو: محەمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، فارس کانی بۆتی، سەعید وەلی بەگ، خۆشەوی خەلیل، مستەفا جانگیر، سالْح کانیا لەنجی، حەیدەر بەگ عارف بەگ، وەهاب محەمەد ئاغای ڕەواندزی[٢١١].



**سەردانی قەدری جەمیل پاشا بۆ لای جەنەراڵ مستەفا بارزانی و هێزەکەی**

دوای ڕێکخستنەوە و مەشق پێکردنی هێزی پێشمەرگە لەمەهاباد و دابەشکردنیان بەسەر بەتالیونیەکان، بارزانی چەکدارەکانی خۆی خستە خزمەتی کۆمارەوەو دواتر وتارێکی پێشکەش کردو، بەتالیۆنەکان ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کران لەسەقز[٢١٢]. هێزی بارزانیەکان لەخەتی پێشەوەی جەبهەی سەر ڕێگای (سەقز–بۆکان) بوون لەبەردەم سوپای

٢١١ نەوشێروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان کورد لەگەمەی سۆڤییەتدا س، پ، ل١٨٨–١٨٩.

٢١٢ سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: س، پ، ل١١–١٢.

ئێراندا دامەزرا بوون، ئەو هێزە چەکدارە لێهـاتووەی بارزانیـەکان بـوون بەپاڵپشتی هێزی کۆماری کوردستان[٢١٣].

## شەڕی قاراوە:

هێزی بارزانیەکان ناوی سوپای شۆڕشـگێڕی کوردسـتان بـوو، یەکـەمین شەرێك کەبارزانیەکان ڕووبەڕووی سوپای ئێران بوونەوە شەڕی (قـاراوا) بوو[٢١٤]. لە(١٩٤٦/٤/٢٤)دا بارزانیەکان هێزێکـی سـوپایی هەشـت سـەد سەربازیان لەقاراوای چەند کیلۆمەتری باکوری سەقزدا غافـڵ گیرکـردوو زەرەرێکی گەورەیان لێدا، بیست و یـەك کەسـیان لـێ کوشـتن، حەڤـدە کەسیان زامدار و چل کەسیان بەدیل گـرتن[٢١٥]. پـاش چـەند ڕۆژێـك لـە (١٩٤٦/٤/٢٩)هێزێکـی سـوپای ئێـران کەلـەدوو فـەوج پێکهـاتبوو لـە سەربازگەی(سـەقز)ەوە پـەلاماری بارزانیـەکانی(قاراوە)یان دا، کـە بـەتالیۆنی یـەکی بـارزانی لـێ بـوو بەفەرماندەی(بـەکر عەبدولکـەریم)، شەڕێکی توندی خوێناوی ڕووی دا بـەناوی(قاراوا) لەناوچـەی سـەقز بـۆ بەرگریکردن لەکۆماری کوردستان، بارزانیەکان توانیان سوپای ئێران کە بەپاڵپشت بەفرۆکە و تانك و تۆپخانە و هێزی پیادەیان هەبوو بۆ گرتنی گردی قاراوا تێك بشکێنێ، ئەنجامی ئـەو جەنگـە بـوو بەکارەسـاتێك بـۆ

---

[٢١٣] بەکر عەبدلکەریم حەوێزی: گەشتێك بەکۆماری مەهاباد، چ١، هەولێر، ل٤٣– ٤٤ .

[٢١٤] نەجەف قولی پسیان: لەمەهەبادی خوێناوییەوە ... هـەتا لێوارەکـانی ئـاراس، و، شەوکەوت شێخ یەزدین، چ١، ١٩٩٦، ل١٣–١٤.

[٢١٥] کرێس کۆچێرا: س،پ ،ل٢٢– ل٢٢١.

سوپای ئێران، کە(هەشتا سەرباز) و ئەفسەری ئێرانی کوژران و لاشەکانیان لەگۆڕەپانی شەڕدا بەجێ ما، نزیکەی(سەد و بیست)کەسی تریان بەدیلی کەوتە دەستی بارزانیەکان[٢١٦]. بێ ئەوەی هێزەکانی بارزانی هیچ زیانێکی لێ بکەوێت[٢١٧]. (حاجی ئەحمەد ئاغای ڕەشید ئاغای عەباس ئاغای گەلاڵی) بەخۆی و ژمارەیەکی زۆر سوارەی گەلاڵی بەشدار بوو لە شەڕی قاراوەدا.



**حاجی ئەحمەد ئاغای گەلاڵی**

شان بەشانی بارزانیەکان و قازی محەمەد جێ پەنجەیان دیار بوو، وە پشکێك لەشانازیەکانی ئەو داستانەیان بەردەکەوێت. گەلاڵیەکان و

---

[٢١٦] یەکیتی ئافرەتانی کوردستان لقی کەرکوك: لەیادی لەدایکبونی بارزانی نەمر، کفری ، ٢٠١٠، ل٣.

[٢١٧] عومەر شەریف کەریم: بارزانی مەزن لەروانگەی گەورە پیاوانەوە،چ١ ، کەلار،٢٠٠٩ ، ل١٧ .

حاجی ئەحمەد ئاغا بەشداری زۆربەی شەڕەکانی بەرەی سەقزیان کردووە، لەبەرئەوەیی زۆرێك لەگەلاَلیەکان لەناوچەی(سەقز) و دەوربەری بوون و لەم شوێنانە نیشتەجێبوون لە(لیجانز، عەزیز ئاباد، ئاب بارە، کیلوکە، دەورە قەلاَ، سورموس، کاوە گەچی سەرو، کاوە گەچی خوارو، چنارتو، تەوەکەلاَن) بۆیە بەشداری شەری(قاراوە) و زۆربەی شەڕەکانی تریان کردووە، چەندان شەهیدیان داوە گەلاَلیەکان تاکۆتای کۆمار بەشداری کارایان هەبوو[٢١٨]. کاتێك خەلَکی کوردستان هەوالَی ئەم سەرکەوتنەیان بیست، لەهەموو شوێنێکدا بوو بەبەزم و شایی و ورە گەیشتە دوا پلەی بەرزی[٢١٩]. ڕۆژێك لەدوای ئەم سەرکەوتنە، (قازی محەمەد و بارزانی) چوون بۆ بەسەرکردنەوەی هێزی پێشمەرگە لەبەرەی سەقز، (قازی محەمەد) چواردە هەزار تمەنی کردە دیاری بۆ هەر پێشمەرگەیەك لەبری ئەو سەرکەوتنەی بەدەستیان هێنابوو[٢٢٠]. بارزانیەکان بەهۆی هەلَوێستی کوردانە و نەبەردی شەڕەکانیان دژی لەشکری ئێران و، دلَسۆزی و وەفاداریان بۆکۆمار ناو ناوبانگی بارزانیەکان ببووە چیرۆکی سەر زاری خەلَکی مەهاباد، تەنانەت(قازی محەمەد) دانی بەئازایەتی بارزانیەکان ناوە[٢٢١].

---

[٢١٨] **هیوا مەلا حەسەن: چەردەیەك لەمێژووی هۆزی گەلاَلی، چ١، کوردستان، ٢٠١٧، ل٢٧٢ .**

[٢١٩] **نەجەف قولی پسیان: لەمەهەبادی خوێناوییەوە ... هەتا لێوارەکانی ئاراس، س، پ، ل١٣-١٤.**

[٢٢٠] سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: س، پ، ل١٤.

[٢٢١] ڕەحیم سابیر: حکومەتی میلی کوردستان، س، پ، ل ٨٤.

بارزانیەکان لەڕووی ڕاهێنان و چەکداریەوە لەزۆربەی هێزەکانی خێڵە جۆربەجۆرەکان باشتربوون، بۆیان ئەستەم نەبوو شوێنی خۆیان لەپۆستە باڵاکانی سەربازی وەربگرن. ئەوان سەرکەوتوانە بەرسینگی سوپای ئێرانیان گرت، خێڵە ناهاوکارەکانیان دەتۆقاند، بەگشتی سەلماندبوویان چالاکترین و کاریگەرترین هێزی جەنگاوەرن لەکوردستانی ئێراندا[٢٢٢]. سەبارەت بەپەیوەندیەکانی(قازی محەمەد) لەگەڵ(مستەفا بارزانی) دا، (عەلی قازی) پێیوایە پەیوەندی نێوان پێشەوای باوکی و مستەفا بارزانی پەیوەندیەکی دۆستانە و برایانە بووە. لەو ڕۆژەی کۆماری کوردستان ڕاگەیەنرا پێشەوا زیاتر مستەفا بارزانی لەخۆی نزیك دەکردەوە، (ڕۆژنامەی کوردستان) کە



**جەنەراڵ مستەفا بارزانی و پێشەوا قازی محەمەد**

[٢٢٢] وەدیع جوەیدە: س، پ ،ل ٥٤٤.

ئێستاش ماوە تێیدا نوسراوە چۆن پێشوازی لەبارزانی کراوە، بارزانی هاتۆتە لای پێشەوا و دووسەعات پێکەوە دانیشتون و قسەیانکردوە، ئینجا ئەوە راگەینراوە جگە لەپەیوەندی سیاسی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکی خێزانیش لەنێوان ئەوان دا هەبوو، عەلی قازی دەڵێت: من خۆم هەموو رۆژێك دەچومە ماڵی (مەلا مستەفا) بۆ(مەهاباد)، مەلامستەفا کوڕێکی هەبوو ناوی لوقمان بوو، هاوتەمەنی من بوو هەمیشە من و ئەو پێکەوە بووین[٢٢٣]. بەڵام لەبەڵگەنامەکانی سۆڤیەت دا هاتووە، لەپەیوەندی نێوان حکومەتی کوردستان و بارزانیەکان بەتایبەتی لەگەڵ (مستەفا بارزانی)، ئەوە دەخەنەڕوو کە (قازی محەمەد) لەسەرەتادا مەترسی ئەوەی لە بەرچاوبووە، بەشداریکردنی چالاکانەی بزوتنەوەی بارزانی لەبزوتنەوەی (مەهاباد)دا لەکەسایەتی و ناوبانگی ئەو کەم دەکاتەوە، بەڵام لەئەنجام دا ئەم کێشەیە بەبەشداری کردنی زۆربەی رێبەرانی بزوتنەوەی بارزانی کۆتایهات و، ئەو کرا بەفەرمانرەوای گشتی هێزە چەکدارەکانی کورد[٢٢٤]. سەبارەت بەڕێگەدان بە(مستەفا بارزانی) بۆ(خۆرهەڵاتی کوردستان) پێش هەموو شتێك بۆ هەندێك هۆکار دەگەڕێتەوە یەکێك

---

[٢٢٣] عەلی قازی وکۆمەڵی نوسەر: نوسەر: س، پ، ل ٧٢.

[٢٢٤] ئەفراسیاو هەورامی: س، پ ،ل ٨٩.

لەوانە بەشێکی زۆری ئێران بەیەکجاری کەوتە دەست ئەمریکا وئینگلیز، بەرژەوەندی سۆڤیەت لەئێران بەرەو نەمان دەچوو[٢٢٥].

## دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

هەر لەو سەروبەندەدا ئەو تێکۆشەرانەی کەیاوەری بارزانی بوون لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، لەشوباتی ١٩٤٦دا بیرۆکەی حیزبێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتوو، لەباشوری کوردستان گەلاڵە بوو[٢٢٦]. لەکۆتایی بەهاری ١٩٤٦دا(هەمزە عەبدولا) گەڕایەوە کوردستانی عێراق و پەیوەندی بەحیزب و پیاوە ناسراوەکانی کوردەوە کردو، توانیان سەرکردایەتی هەردوو حیزبی(شۆڕش، ڕزگاری) ڕازی بکەن بێتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کورد، بڕیاریان دا حیزبەکانی خۆیان هەڵبوەشێننەوە و، بەمەرجێك هەردووکیان کۆنگرەی تایبەتی خۆیان بگرن و لەوکۆنگرەیەدا چۆنێتی گۆڕانکاریەکە بە ئەندامانیان ڕابگەیەنن. کۆنگرەی هەردوو حیزب لەسەرەتای مانگی ئابی ١٩٤٦دا گیرا و زۆربەی

[٢٢٥] دئەفراسیاو هەورامی: (مستەفا بارزانی) لەهەندێ بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتی سۆڤییەتدا لەساڵی١٩٤٥–١٩٥٨ز، چ١، هەولێر،٢٠٠٢ ،ل١٥٨.

[٢٢٦] هیوا عوسمان بەلْغی و هاوبیر فەلاح: بنچینەکانی کاری پارتایەتی و مێژووی پارتی سیاسی لە کوردستانی عێراق، چ١، هەولێر، ٢٠٢١، ل٩٧ .

*پارتی دیموکراتی کوردستان: سەرەتا ناوەکەی پارتی دیموکراتی کورد بوو، لەکۆنگرەی سێ لەساڵی ١٩٥٣ لەکەرکوك ناوەکەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان گۆڕدرا .

هـەرەزۆری ئەنـدامانیان، (چـوونە نێـو حیزبـی نوێ)یـان پەسـەند کـرد. کۆنگرەی یەکەمی پارتی لەشازدەی ئابی ١٩٤٦ لەبەغـداد بەسـترا، ئـەو پەیڕەو پرۆگرامەی حزبیان هەڵسەنگاند کـە لـە(مـەهاباد) ئامـادەکرابوو پاش دەستکاریەکی کەم بڕیاری لەسەر درا، (مستەفا بارزانی) بەسەرۆکی حیزب و (شێخ لەتیف شێخ مەحمود) بەجێگری یەکەمی حیزب و (کاکە حەمـە زیـاد) بـەجیگری دووەم هەڵبـژێردا[٢٢٧]. چـالاکی سیاسـی لەکوردستانی عێراق کاراتر و فراوانتر بوو، پەیوەندی نێوان بارزانی وەك سەرۆکی پارتی، لەگەڵ پارتیدا ڕێکتر و خێراتر بوو، لـەڕوی پـرس و ڕاو ڕێنمـایی و بـیر و ڕاگۆڕینـەوە و بڕیاردانـەوە. پـارتی تـوانی کۆمـەك کۆبکاتـەوە و بـۆ کوردسـتانی ئێـران و بارزانیـەکان کـە لـەبارودۆخێکی سەختدا دەژیان[٢٢٨].

**جەلال مەلەکشا لەشیعرێکیدا بۆ بارزانی وا دەنوسێت:**

لێم دەپرسن

ئەرێ مستەفا بارزانی

کێ یە، چی یە، چی کردووە؟

منیش دەڵێم:

قارەمانی سەدەی بیستە

---

[٢٢٧] مەسعود بـارزانی: بـارزانی بزوتنـەوەی ڕزگـاری کـورد سـاڵی(١٩٣١–١٩٥٨) ، س، پ، ل١٤٩.

[٢٢٨] نەورەس ڕەشید: س، پ،ل٤٩.

باوکی ڕۆحی میلەتێکە و

ناوی کوردی

تا ئەو پەڕی

ئەم دنیا گەورە بردووە .

بارزانی،

ڕابەری هەمیشەی

سەردەم و دەورەیە

تەنیا ئەو

هەر تەنیا،

ئەو ئالآ هەڵگری

نیشتمانی گەورەیە[٢٢٩]

[٢٢٩] حەسەنی دانیشفەر: س، پ، ل١٤٨.

# بەشی سێ یەم

## تەودری یەکەم

## کۆتایی کۆمار و کۆتایی کاری بارزانیەکان لەکۆماردا

## تەودرەی دووەم:

## گفتوگۆی بارزانیەکان لەگەڵ ئەرتش و حکومەتی ئێران

## تەودرەی سێ یەم

## محاکەمەو لەسێدارەدانی قازی و هاوڕێکانی:

**کۆتایی کۆمار و کۆتایی کاری بارزانیەکان لەکۆماردا:**

یەکێك لەو بابەتانەی کەدواتر کاریگەری دانا لەسەر دۆخی سیاسی ئێران، کۆبوونەوەیەك بوو بەناوی(پەیمانی ئیتحادی) کەلەتاران بەسترا. ئەو کۆبوونەوەیە لەنێوان کۆنسولی بریتانیا و کۆنسولی سۆڤێت و سەرۆك وەزیرانی ئێران بەسترا، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان شەش مانگ دوای کۆتایی هاتنی شەڕ ولاتی ئێران جێ بهێلن. لەسالی ١٩٤٣ بۆ یەکەم جار ڕۆزڤێلت و چەرچل و ستالین لەتاران کۆدەبنەوە، ئێران پێداگری لەسەر وەگەڕخستنەوەی ئەو خالەی پەیمانی ئیتیحادی دەکات، هەر لەوکۆبونەوەدا موافەقەی لەسەر دەکرێ، هەر ئەوەش بیانووی بەهێزی دایە دەستی ئەمریکا و بریتانیا، کە دواتر فشاری زیاتر بخەنە سەر سۆڤێت بۆ ئەوەی هێزەکانی لەئێران بکێشێتەوە، ئێران لەکۆمەلەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بەندەکانی ئەم بڕیار نامەیان کردە بەلگەی هاوار و گازندە[٢٣٠]. حکومەتی ئێران توانی لەمانەوەی کۆماری کوردستان ترس لای(بریتانیا، ولایەتە یەگرتوەکان) دروست بکات، ئەمەش ئەو کاتە بوو کەحکومەتی تاران زانیی(بریتانیا، ئەمەریکا) ئامادەنین دان بەمافی نەتەوەی کوردا بنێن، بەمەش حکومەتی بریتانیا و ئەمەریکا دانیان بەهەلوێستی ئێران دا ناو کۆماری کوردستانیان بەگەمەیەکی سۆڤیەت سەیرکرد، بەهۆی ئەمەشەوە

[٢٣٠] کەمال قادر: کارتێکەریی هێزەکانی هاوپەیمان لەدروست بوونی کۆماری کوردستاندا، سلێمانی، لەژمارە ٧١٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکراوەتەوە، ٢٠١٨ .

ئامادەی تەواویان نیشان دا بەرامبەر حکومەتی تاران بۆ لەناوبردنی کۆمار، بەمەش لەشکری سۆڤیەت لەکوردستان کشایەوە، ئەمەش ئەنجامی ئەو پاڵپشتە سیاسیەی(ئەمەریکا) بوو، وەهەروەها ڕۆڵی (ئەمەریکا) بەو فشارەی خستیە سەر حکومەتی سۆڤیەت بۆ کشانەوەی لەشکرەکەی لەئێران، لەمانگی (١٩٤٦/١٢ن)دا سوپای ئێران بەسەرکردایەتی پسبۆرد(ئەفسەرانی ئەمەریکا) هێرشی کردە سەر کوردستان و، سەرکردایەتی کورد بڕیاری شەڕیان نەدا و سۆڤیەت پێشنیاری بەسەرکردەکانی کوردی دا نەکەن شەڕ لەگەڵ لەشکری ئێران بکەن[٢٣١]. لەکۆتای مانگی ١٩٤٦/١٠ هەندێك دەنگ و باس پەیدابوون کەئێران بە نیازە هێرش بێنێت بۆ سەر هەردوو کۆماری (ئازەربایجان و کوردستان)، ئەوە لەهەموو کات زیاتر چاوەڕوان دەکرا بەتایبەتی لەدوای لێدوانی باڵوێزی(ئەمریکا) لە(تاران) کە وای نیشان دا، دەبێت (ئێران) ببێتەوە یەك پارچە بەمانای ئەوە نابێ ئەو دوو کۆمارەی لەئێران جیابوونەتەوە بمێنن. لە ٢٣ی ١٩٤٦/١١ بەپشتیوانی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا و (ئەمریکا و بەریتانیا)، سوپای ئێران بەبێ شەڕ گەیشتە(زنجان) ناوخاکی ئازەربایجان، تا سوپای ئێران(تەبرێز)ی داگیر نەکردبوو هەڵوێستی بەرپرسەکانی کۆمار ئەوە بوو بەرگری بکەن، بەڵام لەپڕێکا هەڵوێستیان گۆڕاو بڕیاریان دا شەڕ نەکەن، کاتێك زانرا کوردستانیش

---

[٢٣١] ڕەحیم سابیر: س ،پ ،ل ٩٩.

شەڕ ناکات ئـالۆزی پەیـدا بـوو[٢٣٢]. (ئەمـەریکا) پاڵپشـتی لەحکومـەتی (ئێـران) دەکـرد بۆکۆتـایی هێنـان بەهـەردوو حکومـەتی ئازەربایجـان و کوردستان، بەڵگەکان ئەوە ئاشـکرا دەکـەن ئیـدارەی ئەمـەریکا پشـتی حکومەتی تـارانی بەشـیوەیەکی فـەرمی گرتـووە، بـۆ هەوڵـدان لـەپێناو کۆتایی هێنـان بەحالـەتی سـەربەخۆیی لەهـەردوو کۆماری(کوردسـتان، ئازەربانجان)، پێش ئەوەی لەشکری ئێران خۆی ئامادە بکات بـۆهێرش کردنە سەرهەردوو کۆمـار(جۆرج ئـەلن) بـاڵوێزی ئەمـەریکی لـەئێران لـە کـاتی چـاوپیکەوتنی لەگەڵ(محەمـەد ڕەزا پەهلـەوی) جـەختی لەسـەر پاڵپشتی حکومەی ئەمەریکا کردۆتەوە بۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتی ئێـران بەسـەرهەموو هەرێمـەکانی ئێرانـدا[٢٣٣]. یـەکێتی سـۆڤێت پشـتگیری پێکهاتنی کۆماری ئازەربایجانی کرد و یارمەتی کۆماری کوردسـتانی دا، بـەڵام ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا و ئینگلیـز ئـەم پشـتگیری و یارمەتییەیان لەلایەن سۆڤێتەوە بەدەست تێوەردان دانـا و، تینیـان بـۆ سۆڤێتەکان هێنا لەئێران بکشێنەوە، لەلایەکی دیکەوە(قەوام سـەڵتەنە) بەڵێنی بەسۆڤێتەکان دا مافی دەرهێنانی نەوت لەباکوری ئێرانیان پێبدا. (گرۆمیکۆ) لەڕاپۆرتی ١٩٤٦/٣/٢٦دا دووپاتی کردەوە، یەکێتی سۆڤێت لـــەماوەی شـــەش هەفتـــەدا هـــەموو هێزەکـــانی خـــۆی لـــەئێران

[٢٣٢] جەلال تۆفیق: بارزانیەکان لەکۆماری مەهابادەوە بۆ یەکێتی سۆڤییەت، چ١،٢٠١٨، ل٢٢–٢٣ .

[٢٣٣] ڕەحیم سابیر: هـ، س، پ، ل ٩٥.

دەکێشێتەوە[٢٣٤]. ئەمە شکستی کورد لەبەرانبەر سوپای ئێران نەبوو، بەڵکو ئەمە سۆڤێت بوو لەبەرامبەر ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیای مەزن شکا! ئەمە بۆچوونی بارزانی بوو لە(١٩٤٦/١٢/١١)دا لەبۆکان دەری بڕی، کەئەمە نیشانەی ڕۆشنبیری و زیرەکی بارزانی بوو، مستەفا بارزانی زۆر بەچاکی بارودۆخی ناوچەکەی دەزانی و سیاسەتی ئەوانی هەڵسەنگاند بوو. ڕێبەرانی کۆمار سەبارەت بەهۆکارە نێودەوڵەتیەکان زۆر نەشارەزایی و بێ ئاگاییان نیشاندا، قازی محەمەد و سەرانی تری کۆمار دەبوایە هەستیان بکردایە کۆمارەکەیان لە مەترسیدایە[٢٣٥]. لەسەر ئاستی ناوچەیی حکومەتەکانی (عێراق، تورکیا) دژایەتی خۆیان بۆکۆمار ڕاگەیاند و، لەڕوی نێودەوڵەتیشەوە(یەکێتی سۆڤیەت) لەدوای ئەوەی(قەوام سەڵتەنە) سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی ئێران، لەحکومەتەکەی(محەمەد ڕەزا شا) سەردانی مۆسکۆی کرد و چاوی بە(ستالین) کەوت، پێشنیازی گەڕان بەدوای نەوت و بەکارهێنانی گازی باکوری بۆکرد، لەبری دەرچوونی سۆڤێت لەئێران دوای گەڕانەوەی (قەوام سەڵتەنە) لەمۆسکۆ، سوپای ئێران کەوتە جووڵە بۆسەر ناوچەکانی باکور، بەتایبەتی کۆماری ئازەربایجان، لەلایەکی ترەوە نێردراوی کورد لەمەهاباد چوون بۆ ورمێ تا چاویان بەکونسوڵی

٢٣٤ مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد ساڵی(١٩٣١–١٩٥٨) ، س، پ، ل١٦٥–١٦٦.

٢٣٥ کرێس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا، س،پ ، ل٢٣٨.

سۆڤێت بکەوێت، (هاشمۆڤ)ی کۆنسوڵی سۆڤێت لەورمێ پێی وتن: حکومەتی ئێران نیازی وایە هێزێکی بچوك بنێرێتە کوردستان تا سەرپەرشتی هەڵبژاردنی گشتی بکات و پاشان دەگەرێنەوە.

بەو شێوە سۆڤێتەکان لەئێران پشتیان کردە کۆمار و هاوکاریەکانی بڕی، هەروەها(بریتانیا، ئەمریکا)یش هەرسێکیان هەست و ویژدانی مرۆڤایەتی و یاسای و مرۆیی ئاسمانیان پەراوێز خست و، پشتیان تێکردوو رویانکردە بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانی خۆیان هاوکاری ئێرانیان کرد بۆ لەناوبردنی کۆمار[٢٣٦]. لە(٢٨ی١١/١٩٤٦ز)دا ئاژانسی رۆیتەرز لەتارانەوە ڕایدەگەیەنێ: مەترسی شەڕی ناوخۆ زیاتر بووە، لەبەر ئەوەی دەسەلاَتدارانی کوردستان دژایەتی ناردنی سوپای ئێران دەکەن بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان، لەم هەڵوێستەدا کۆکن لەگەڵ ئازەربایجانەکان و، قەوام سەڵتەنە سور بووە لەسەرئەوەی سوپا بنێرێتە(ئازەربایجان، کۆماری کوردستان) و (قازی محەمەد) بەتوندی ڕەتی دەکردەوە[٢٣٧]. دوای چەند ڕۆژێك لە١/١٢/١٩٤٦ هێرشی ڕژیمی ئێران بۆسەر ناوچە ئازادکراوەکانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە خۆرهەلاتی ولاَتەوە دەستی پێ کرد[٢٣٨]. دەوڵەتە خۆرئاواییەکانی ئەوروپا وەك ولاَتانی ئەمریکا و بریتانیا، کۆماری(کوردستان)یان بە

[٢٣٦] ئاوەرە حسێن: س، پ، ل٨٧.

[٢٣٧] د.ئەفراسیاو هەرامی: س، پ ،ل٨٤.

[٢٣٨] هاوڕێ باخەوان: س، پ، ل٤٢٦.

دروستکراوی شۆڤێت دائەنا، لەبەر ئەوەی ڕوسیا یاریدەری ئەو دوو حکومەتەی دا، بۆیە پلانی ئەولأتانە ئەوەبوو دەست بەسەرناوچەکەدا بگرن، لەبەرئەوە بەڵێنان بەشای ئێران دا پشتگیری بکەن و یەکێتی خاکی ئێران بپارێزن[٢٣٩]. لەبەرئەوە ڕوسیا چاری نەما هاوکاریەکانی بۆ هەردوو حکومەت وەستاند[٢٤٠]. سەرەڕای ئەوەش قەوارەی جوگرافی سیاسی کۆماری کوردستان لەهەرچوارلاوە لەلایەن دوژمنانی کورد گەمارۆ درا بوو[٢٤١]. لەمانگی(١٢/١٩٤٦)دا لەمەهاباد هەست بەوە دەکرا کە مەترسی نزیکە، هەر لەبەرئەوەش ڕۆژی ١٢/٥ لەسەر پێشنیاری (قازی محەمەد) شورای شەڕ بەبەشداری دەکەس و سەرۆکایەتی خودی قازی پێکهاتوو، لەوێدا بڕیاری بەربەرەکانێ درا بەرامبەر بەئەرتەش و دەوڵەتی ناوەندی، ڕۆژێك پاشتر کەخەڵك بۆ مزگەوتی عەباس ئاغا بانگ کرابوو بۆئەوەی لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕیار بدرێ، هەم خودی (قازی محەمەد) و هەم (سەدری قازی) و زۆر کەسی دیکە نەزەریان ئەوە بوو کەدەبێ لەهاتنی لەشکری شا پێشگیری بکرێ(سەدری قازی) گوتی: دەوڵەتی مەرکەزی توانای ئەوەی نیە لەدوو جەبهەی (ئازەربایجان،

---

[٢٣٩] محەمەد رەزا سەیفی قاز: نهێنیەکانی دادگایکردی (قازی محەمەد)، و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، چ١، سلێمانی ،٢٠٠٨،ل٦٥.

[٢٤٠] ساڵح قەفتان: سێ لێکۆڵینەوەی مێژووی ،چ١ ،کوردستان ،سلێمانی ،٢٠٠٩ ،ل٣٠٥.

[٢٤١] عەتاقەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم ،سلێمانی ،٢٠٠٧، چ١، ل٤٤٦ .

کوردستان)دا شەڕبکا، من نزیکەی سێ ساڵ لە(تاران) بووم و لەورەی سەربازان و دەرەجەداران و ئەفسەران ئاگادارم، دەوڵەت لە(سەقز، سەردەشت، تیکاب) هێزێکی نیە و بەچاکی دەتوانین هێزی دەوڵەتی مەرکەزی تەفروتونا کەین، لەڕابردودا دەستەیەك لەعەشیرەت دەیانتوانی ماوەیەکی زۆر بەرامبەر بەهێزی دەوڵەت ڕابوەستن و خۆڕابگرن، ئێستا ئێمە لەوان کەمترنین، نابێ بترسین، دەبێ خەبات بکەین[٢٤٢]. لە(١٢/١٢/١٩٤٦ز)دا مستەفابارزانی دەگاتە (مەهاباد) و، چاوی بە لێپرسروانی کۆمار و(قازی محەمەد) دەکەوێت، بۆی دەرکەوت هیچ کام لەلێپرسراوانی(مەهاباد) نیازی بەربەرەکانێی سوپایی ئێرانیان نیە و خۆیان بەدەستەوە دەدەن، بارزانی لەقازی دەپرسێت تۆ چی دەکەیت؟ پێشەوا لەوەلاْمدا وتی دەمەوێت خۆم فیدابکەم، بۆئەوەی خوێنی خەڵکی(مەهاباد) نەڕێژێ خۆم دەدەم بەدەستەوە تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بەجەنەراڵ هومایونەوە کردوە، لەوکاتەدا فرمێسك بەچاوەکانی قازیدا قەتیس دەبێ و، بەبارزانی دەڵێ وریابە لە پیاوەکانی خۆت زیاتر پشت بەکەس مەبەستە، زۆرن ئەوانەی سوێندیان بۆمن خواردبوو، کەچی ئێستا بۆخزمەتی سوپایی ئێران پێش بڕکێیانە، تکادەکەم بەزووترین کات (مەهاباد) بەجێبهێڵە تا لەگەڵ لەشکری ئێران بەیەکدانەچن[٢٤٣]. لە(١٢/١٧/ ١٩٤٦) کۆماری کوردستان بە تەواوەتی

٢٤٢ عومەربالەکی: س، پ ،ل١٠٦.

٢٤٣ حامید گەهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س ،پ ،ل٢٣٨.

هەرەسی هێنا، حکومەتی(ئێران) نیازی وابوو بارزانییەکان بخاتە داو بەهەرجۆری بێت بیخاتە ژێردەست خۆی، بەڵام بارزانییەکان لەوە وریاتربوون[٢٤٤]. د. ئەدموند غەریب دەڵێت: لەدوای ئەوەی هەموو لایەك پشتی لە(قازی محەمەد) کرد، بارزانی هێزێکی نارد بە سەرۆکایەتی عوبەیدولاّی کوڕی بۆ لای قازی، قازی ووتی گیانم گەڕایەوە لەشم، کەبارزانی دەبینم گیانم بەتەواوەتی دەگەڕێتەوە، بارزانی ڕێزێکی تایبەتی قازی دەگرت وەك یەکەم سەرۆك کۆمار، زۆر هەوڵی دا قازی لەگەڵ خۆی ببات چونکە دڵنیا بوو شای ئێران خاوەن بەڵێنەکانی خۆی نیە و قازی لەسێدارە دەدات[٢٤٥]. ئەو بەقازی گوت: ئەگەر بڕیاری ڕۆیشتن وەرگیراوە ئەوە تاسنوری عێراق لەگەڵتا دەبم، بەڵام پاش گفتوگۆیەکی زۆر قازی هەر هەمان وەڵامی بوو کە گوتبوی دەزانم ئەگەر من بمێنم ژیانم دەکەوێتە مەترسیەوە، بەڵام قەیناکە من پابەندی شوێنی خۆمم وخەڵك بەجێناهێڵم[٢٤٦]. بڕیاری خۆتەسلیم کردن بەبێ شەڕ بەدەسەڵاتی ناوەندی ناکۆکی خستە نێو سەرکردایەتی کۆمار، (حاجی بابە شێخ) دەیویست بەرگیری بکرێت و بەرپەرچی سوپای ئێران بدرێتەوە، بەڵام قازی و ڕای زۆرینە ئەوە بوو واز لە بیرۆکەی

[٢٤٤] حەسەن ئەرفەرع: س،پ، ل ١٦

[٢٤٥] سەعید مەموزینی: س ، پ ،ل٨٨ .

[٢٤٦] قەوام سەڵتەنە: س، پ،ل٨٩ .

هێرش بهێنرێت و هەوڵبدرێت بەئاشتی و بەڕێگەی دانوستانەوە ئەو قەیرانە چارەسەربکرێت.

لەکتێبی یاداشتەکانم بەیاننامەی قازی محەمەد کەبریتی بوو لەچەند دێڕێکی خۆ بەدەستەوە دان هاتووە دەڵێت:

برایانی بەڕێز.....

وێڕای ڕێز و سڵاو، ئاگادارتان دەکەم کەسوپای ئێران گەیشتە تەورێز و حکومەتی جەعفەر پیشەوەری* بەبێ ئەوەی هیچ بەرگری لەخۆی بکات ڕوخا، بۆیە ئێمە لەپاش هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەکی زۆر لەهەموو ڕوویەکی سیاسی و عەسکەریەوە، بڕیارماندا بەرەکانی شەڕمان چوڵ بکەین و بۆ بەخێر هێنانیان بەرە و پیری سوپای ئێران بچین.

تکام وایە کە ئەوانەی عێراقین بگەڕێنەوە عێراق و ئەوانەی ئێرانین لەنزیکترین شوێنی سوپای ئێران خۆیان بەدەستەوە بدەن.

براتان قازی محەمەد(٢٤٧).

---

٢٤٧ ڕەحیم سابیر: حکومەتی میلی کوردستان، س، پ، ل١٠١–١٠٤.

*میر جەعفەر جەوادزادە: ناسراوە بەپیشەوەری، لەدوای بزوتنەوەی نەتەوەی ئازەربایجان ناوبانگی دەرکرد، لەگوندی زەکرە سەربەناوچەی خەڵخاڵ لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتای لەخاڵخاڵ تەواو کردووە و پاشان چووەتە باکۆ. لەساڵی ١٩١٧ بۆ ماوەیەك ئەندامی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان بووە و پاشان چووەتە ڕیزی حیزبی عەدالەتەوە، بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی حورییەت ئۆرگانی حیزبی عەدالەت و وەزیری حکومەتی گەیلان بووە، پاشان دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی عەدالەت و ماوەیەك سەرپەرشتی ڕۆژنامەی حەقیقەتی کردووە، لەدوای گەڕانەوەی بۆ باکۆ

مام جەلال دەڵێت: بەڕای من یەکێك لەهۆیەکانی زوو هەرەسهێنان و شکستەکەی کۆمار و (قازی محەمەد) ئەوە بوو، حیزبەکە سەرکردایەتیەکەی بازرگان بوون، لەبنەڕەتدا پیاوی موسالیم و سازشکار بوون و تاقەتی خەبات و شۆڕشی درێژخایەنیان نەبوو، وایان ئەزانی حکومەتێکیان بۆ دادەنرێت و ئەوان لە بەروبوومەکەی ئەخۆن، بەڵام کە ڕوس کشایەوە، ئەوانیش ڕوخان و چۆکیان دادا بۆ شا . ئەگەر سۆڤێت قازی محەمەدی نەهێنایە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، بەڵکو(ژ.ك) ببوایە بەحکومەت و حکومەتی گرتبایەتە دەست، ئەوە بەو شێوەیەی لێ نەئەهات کەبینیمان(٢٤٨) . دوای کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، (سۆڤێت) ترسی لێنیشت بوو لەئاست سیاسەتی(ئەمریکاو هاوپەیمانان)، هەروەها سەرۆك وەزیرانی ئێران(قەوام سەڵتەنە) کۆمەڵێ گفتی سیاسی—ئابوری پێ دا سەبارەت بەدانی نەوتی باکور، ئەمانە بوونە

---

سەرپەرشتی ڕۆژنامەی وەرزێری کردووە، دووبارە دەگەڕێتەوە ئێران، بەڵام ئەم جارە لەلایەن حکومەتی ڕەزا شاوە گیرا و دوای دەساڵ زیندانی بۆ شاری کاشان دوریان خستەوە، لەدوای ڕوخاندنی حکومەتی ڕەزا شا لەتاران نیشتەجێ دەبێت و دەست دەکات بەخەباتی سیاسی، سەرۆکی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران بوو و دوای ڕووخانی کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان ڕایکردە باکۆ و لەوێ لەئەنجامی خۆپێدادانی ئۆتۆمبێلدا مرد .

٢٤٧ ڕەحیم سابیر: حکومەتی میلی کوردستان، س، پ، ل١٠١—١٠٤.

٢٤٨ سەلاح ڕەشید: مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، چ٤، ٢٠١٩، ل٤٩—٥٠ .

هۆی ئەوەی یەکێتی سۆڤیت لـەباکوری ئێـران بکشـێنەوە، لەئـەنجام دا هێزەکـانی حکومـەتی ناوەنـدی گەرایـەوە ناوچـەکانی ژێـر دەسـەلاتی کۆمـاری ئازەربایجـان و کۆمـاری کوردسـتان[249]. لـە(١٩٤٦/٣/٢٣ن)دا هێزەکانی سوپای سوری سۆڤیەت بڕیاری کشانەوەیان لـەخاکی ئێـران دا، بەتایبەتی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایانگەیاند لـەماوەی (٤٥) ڕۆژ دا هێزەکانیـان لـەئێران دەبەنـە دەرەوە، لەهـەمان کـات دا بڕیـاری دامەزرانـدنی کۆمپانیـای نـەوتی تێکـەڵاوی سـۆڤیەتی ئێرانیـان دا، کەئەمـەش هۆکـارێکی سـەرەکی بـوو بۆڕوخانـدنی کۆمـاری کوردسـتان لەشاری(مەهاباد) و، چۆڵ کردنـی گۆڕەپـانی ڕامیـاری و یارمـەتی دانـی هێزەکانیان بۆ شای ئێران[250]. ئەمەش لەوکاتەوە دەستی پێ کـرد کـە هێزەکانی سۆڤیەت ڕۆژانی١٩٤٦/٥/١٠ بەپێی پەیماننامەیەك کە لەلایەن ئێران، ئینگلیز، سۆڤیەتەوە ئیمزاکرا، ئێرانیان بەجێ هێشت تا ڕدەیەك ململانی و ئاژاوەی ناوچەکە کەم بوەوە، بەڵام لەڕاستی دا ئەو ڕێکەوتنە وەك ئیمـزای مـەرگی کۆمـاری کوردسـتان بـوو[251]. سـەفەری قـەوام سەڵتەنە بۆمۆسـکۆ بۆمـۆرکردنی چـەند ڕێکەوتننامەیـەك بـوو، لـەنێوان دەوڵـەتی ئێـران و سـتالین دا، بارودۆخەکـە بـەزیان و زەرەری کۆمـاری خود موختاری(کوردستان) وەرچـەرخا. دوای ئـەم سـەفەرە هێزەکـانی

[249] کاروان محەمەد مجید: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س،پ، ل ٣٥.

[250] علی کەندی: س ،پ، ل٤٣٢.

[251] فەرەیدون نوری: س .پ ، ل١٩٤—١٩٥ .

سوپای سوری سۆڤیەت لەباکوری ئێران لەوانەش(کوردستان)یان چۆڵکردوو کشایەوە، ئیتر دوای ئەم کشانەوە هێزەکانی سوپای ئێران بەفەرماندەی سەرتیپ هوماوینی لە ١٩٤٦/١٢/١٧ی زاینی هاتە ناو شاری(مەهاباد)ەوە[٢٥٢]. بەم شێوەیە دوای نزیکەی کەمتر لەیەك ساڵ بەسەر تەمەنی کۆماری کوردستان، لەشکری ئێران شاری(مەهاباد) و دەوروبەری داگیرکردووە[٢٥٣]. لەوانەیە ڕاستەوخۆترین تاکە هۆکار بۆ لەناوبردنی هەردووکۆماری(ئازەربایجان، کوردستان)، بریتی بێت لە بڕیارەکەی شورەوی سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکانی خۆی لەئێران لەمانگی(ئایاری١٩٤٦)زدا، لەئاکامی فشاری توندی هێزە ئەوروپییەکان لەسەروبەندی پاشەکشێی هێزەکانی شورەوی دا، حکومەتی ئێران چالاکانە تر بەرەو کاروکردەوەی سەربازی هەنگاوی دەنا، زیاترو زیاتر هێزی ئێرانی هێنرایە ناوچەکە، (قازی محەمەد) تەنها هێزێکی جەنگاوەری خێڵەکی لەبەردەست دا بوو، لەهەلومەرجێکی بێ هیوای دا بوو[٢٥٤].هەرەسی کۆماری ئازەربایجان و هەڵهاتنی (جەعفەر پیشەوەری و هاوەڵەکانی)، هەر چەند خێڵەکانی کورد دەستکراوە و ئامادەیی بەرگریکرن لەکۆماری کوردستان بون، بەلاّم قازی محەمەد بڕیاری

---

[٢٥٢] حمید رەزا جەلائی پور: قازی محەمەد، کوردستان لەساڵەکانی ١٩٤٦-١٩٤١ ، و، ئەحمەد ابرایم وەرتی، چ٢، تاران ،٢٠٠٦ ،ل٤٦-٤٧ .

[٢٥٣] کاروان محەمەد مجید: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س،پ، ل ٣٥.

[٢٥٤] وەدیع جویدە: س، پ، ل ٥٥٠.

شەڕنەکردن و خۆبەدەستەوەدا، هەروەها هەڵسوکەوتی(سوڤیەتیەکان) بوو بەهۆی لاواز بونی متمانەی خەڵك و، لەئەنجام دا بۆ خۆپاراستن هەندێك لەهۆزە کوردیەکان کەتبونە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ شادا[٢٥٥]. لەناوەڕاستی مانگی(١٩٤٦/١١)دا شا پاش ڕاوێژ و تەکبیر لەگەڵ(قەوام سەڵتەنە)ی سەرۆك وەزیران و(حەسەن ئەرفەع) سوپا سالار، وێڕای ترسی سەرۆك وەزیران لەوەی ڕووسەکان پشتیوانی لەپیشەوەری بکەن، شا بڕیاری دا لەشکر بنێرێتە سەر ئازەربایجان.

لە(١٩٤٦/١١/٢٣)دا لەشکری ئێران بێ ئەوەی تووشی هیچ بەرگریەك بێت، چووە ناو زنجانی ناوەندی ولایەتی خەمسەوە، شا بۆ ڕێکخستنی هێرشی یەکجارەکی بۆسەر کۆمارەکانی(ئازەربایجان، کوردستان) بەخۆی چووە نێو زنجان، لەشکری سێی ئازەربایجان و لەشکری چواری کوردستان و نزیکەی سێ هەزار چەکداری مەدەنی، بەهەمووی بیست هەزار کەسێکی کۆکردەوە، ئەو هێزانە بەکردەوە ڕووبەڕی بەرگرییەکی ئەوتۆ نەبوونەوە، کۆماری ئازەربایجان بەبێ هیچ تەقەیەك ڕووخا، زۆربەی ڕێبەرەکانی لە(١٩٤٦/١٢/١١)دا بۆ یەکێتی سۆڤێت ڕایانکرد، ئەرتشی ئێران هەر کەسێکیان دەبینی دەیانکوشت، یەکێك لەوانە (محەمەد بیریا)ی وەزیری پەروەردە بوو کە تەرمەکەیان خستە دوای

[٢٥٥] نەجەف قولی پیسیان: لەمەهابادی خوێناوییەوە ... هەتا لێوارەکانی ئاراس، س، پ ،ل١٥ .

جێبێك و بەکوچە و شەقامەکانی تەبرێز ڕایان دەکێشا[٢٥٦].لەدوای ڕوخاندنی کۆماری ئازەربایجان و پێشڕەوی سوپای ئێران بۆ کوردستان، سەرۆکایەتی کۆمار سەرەتا بڕیاریاندا ڕووبەڕووی هێزەکانی ئێران ببنەوە، بەڵام ڕۆژی دواتر لەمزگەوتی(هەباس ئاغا) کۆبوونەوەیەك ئەنجام درا بەئامادە بوونی(قازی محەمەد) و وەزیرەکان و کاربەدەستان و نوێنەرانی خەڵکی(مەهاباد)، قازی بەشێوەیەکی دیموکراتی پرس و ڕا بەخەڵکەکە دەکات، (قازی، مستەفا بارزانی، سەدری قازی) پێیان وابوو دەبێت پێش بەهاتنی سوپای ئێران بیگرێت، بەپێچەوانەوە لەناو خەڵکی شاردا هەندێکیان پێیان وابوو بەرگری کردن سودی نیە، لەوانە(مەلا عەبدولڵای مودریس، مەلا حوسێن مەجدی) لە سەر ئەو بۆچوونە قسەیان کرد، دواتر بۆچونی قازی گۆڕاو بڕیار هاتە سەر ئەوەی بەرگری نەکرێ و خۆیان بەدەستەوە بدەن[٢٥٧]. سەرەڕای ئەوەش لەکوردستان هەندێك بەرگری لەناوەندی ڕێگەی نێوان تەکاب و میانداو ڕویدا، پێش گەیشتنی هێزەکانی بارزانی، هێزەکانی ئێران بەرگریەکەیان دامرکاندەوە و شەڕ کۆتای هات[٢٥٨]. لە(١٦/١٢/١٩٤٦)ز دا (قازی محەمەد، سەیفی قازی، حاجی باباشێخ) و چەند کەسێکی دی لەسەرانی(مەهاباد) چوون بۆ(میاندوا) و تاخۆیان تەسلیمی سەرلەشکر

[٢٥٦] کرێس کۆچێرا: س،پ ، ل ٢٣٦.

[٢٥٧]جەلیل گادانی: پەنجاساڵ خەبات، ٦٩.

[٢٥٨] کرێس کۆچێرا: س،پ ، ل ٢٣٦.

(هومایونی)بکەن، پاش گفتوگۆیەکی تارادەیەك گەرم لەگەڵ سەرلەشکر (هومایونی)دا، (قازی محەمەد)مۆڵەتی وەرگرت بۆ(مەهاباد) بگەرێتەوە، لەوێ دا بۆدواجار(مستەفا بارزانی) بینی[٢٥٩]. رۆژێك پاش ئەوە سوپای ئێران چواردەوری شاری(مەهاباد)ی گرت، داوای خۆبەدەستەودانی (قازی محەمەد)و پیاوانی کرد، حەملەیەکی داپلۆسینی درندانەی دژ بەکوردەکان دەستی پێ کرد[٢٦٠]. لە(١٩٤٦/١٢/١٧)ز قازی لەگەڵ ژمارەیەك لەسەرکرەکان لەدووری ١٣کم لەسەر رێگای مەهاباد—بۆکان پێشوازی لەسوپای داگیرکەری ئێران کرد و پێشیان دەکەون بۆ ناو شار، لەکاتێدا پەیامەکانی شا و قەوام و سوپای ئێران لەرادیۆ و رۆژنامەکان دا ئەو پەڕی هەڕەشە و سوکایەتیان بەسەرکردەکانی کورد دەکرد، باسی تەفر و توناکردنی سەرانی کوردیان دەکرد، سوپای ئێران راگەیاند بێ تەقە و کۆسپ بەپێشکەوتنی سەرانی کۆمار، سوپای شاهەنشاهی کەئابڕوی لای کەس نەمابوو سەرکەوتوانە جارێکی تر ئێرانی ڕزگار کرد، تراژیدیای هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەو چەشنە کۆتای پێ دێت، هومایونی کەمیوانی قازی دەبێت رادیۆی تاران دەکەنەوە هەواڵی گرتنی قازی و سەرانی کورد لەزمانی هومایونیەوە بلاو دەکاتەوە، وەك دەگێڕنەوە هومایونی بۆ هێمنکردنەوەی قازی هەستاوە شەقێکی لەرادیۆکە

---

٢٥٩ کرێس کۆچێرا: ه، س، پ ،ل٢٨٨.

٢٦٠ سەعید مەموزینی: س ،پ ،ل٨٥ .

هەڵداوە و لەبەرخۆیەوە هەندێك جنێویشی بەقسەکەرەکە داوە، وتبـوی ئاوان ئاگادارنین لەخۆیانەوە قسە دەکەن ئێوە ئـازادن بـۆ کـۆی ئـەڕۆن بـڕۆن[٢٦١]. لەمـەهاباد(قازی محەمـەد) بـۆ دامەزرانـدنی سـوپا هاوکـاری کرد، هەتا بۆ پێشوازی فەرمانـدەی کـاروانی ڕەوانـەکراو ڕۆیشـت و بـەو ڕێگەیەوە توانی بەر بەکوشـت و کوشـتار بگـرێ، سـوپاش هـەرئامانجی ئەوەبووکە بە هاوکاری(قازی محەمەد) نیشتەجێ بێت و پاشان دەستی ئەو لەدەسـەڵات کـورت بکاتـەوە سـوپا پـاش هاتنـەوەی بۆ(مـەهاباد)، (قازی محەمەد)ی لەسەرکار لانەدا، ئەو هەرئاوا وەك پێشـەوا مـابووە و لەبارەگای فەرماندەی خۆیەوە کاروباری(مەهاباد)ی هەڵدەسوڕاند.

بەڵام پاش نیشـتەجێبوونی سـوپا و شـوێن پێگرتنیـان(محەمـەد خـانی سەیفی قازی، سەدی قازی) دەستگیرکران، [٢٦٢].

بەگەیشتنی هێزەکانی سوپاو خۆبەدەستەوەدانی قازی و سەرکردەکانی تری، حکومەتی کوردستان بەتەواوی هەرەسی هێنا. ئەگەر چی ئەرتش بەئاسانی گەیشتە بۆکان و(مەهاباد)ی پایتـەختی کۆمـار، بـەڵام هێشـتا هۆزەکان و چەکدارەکانی مابوون ئەیانتوانی گێروگرفت دروسـت بکـەن. (مستەفا بارزانی) و بارزانیەکان لەدەوروبەری نەغـەدە بـوون، (ڕەشـید بـەگی جیهـانگیری هـەرکی، زێـرۆ بـەگی هـەرکی)، لەدەوروبـەری ورمـێ بـوون، هێزەکـانی ئـەرتش کەوتنــە پلانــی چــەککردنیان، بارزانیــەکان

[٢٦١] ڕەحیم سابیر: حکومەتی میلی کوردستان، س، پ، ل١٠٥.

[٢٦٢] عەلی ئەسغەر ئیحسانی: س، پ، ل٧١.

جێگای مەترسی بوون هێزەکانی ئەرتش حسابێکی زۆریان بۆکردن. (ڕەشید بەگ) دوای چەند پێکدادانێك خۆی دا بەدەست هێزەکانی ئێرانەوە، ناردیانە(ورمێ) و بەرلێبووردنی گشتی کەوت(زێرۆ بەگ) دوای چەند پیکادانێ لەگەڵ ئەرتش کشایەوە دیوی عێراق و خۆی دابەدەست کاربەدەستانی عێراقەوە، (قازی محەمەد) ئەی توانی سەرکردایەتی جەنگی بەرگری بکات، بەشێوەی شەڕی جەبهەیی وەکو چەند مانگی ڕابردوو لەجەبهەی (سەقز) کردبوویان، یان بەشێوەی شەڕی پارتیزانی وەك لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی بوو بەنەریتی خەباتی زۆر لەگەلانی ئەوروپا و ئاسیا دژی داگیرکەرانی نازی و فاشیستی و ژاپۆن. یاخود ئەی توانی وەکو سەرکردەکانی ئازەربایجان ڕێگای هەڵاتن بگرێتەبەر، هەموو ئەو ڕێگایانە لەبەردەمی کراوە بوون. بەڵام لەناو هەموویاندا ڕێگای خۆبەدەستەوەدانی هەڵبژارد[٢٦٣]. پاش وتووێژکردن دەرکەوت کەس نیە بەرگری لەمەهاباد بکات، تەنها هێزی پێشمەرگە نەبێت، بارزانی فەرمانی دا دەست بەجێ هێزەکانی لەبەرەی(سەقز، سەردەشت) بگەرێنەوە مەهاباد، هەرچی خێزانەکانیشیانە لە ناوچەکانی(نەغەدە، شنۆ) کۆبکرێنەوە، ئەو خێزانانەی لەمەرگەوەر بوون هەر لەجێگای خۆیان مانەوە، بارزانی تکای لەقازی کرد لەگەڵ ئەودا بڕوات، بەڵام(قازی محەمەد) لەپێناو پاراستنی خەڵکدا لە(مەهاباد)

---

٢٦٣ نەوشێروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان کورد لەگەمەی سۆڤییەتدا، س، پ، ل٢٧٩.

مایەوە بەگوێ بارزانی نەکرد، سوربوو لەسەر بڕیاری خۆبەدەستەوە دان، دواجار قازی ئالأی کوردستان هەڵدەگرێ و ماچی دەکات و دەیدا بە(بارزانی) و ئەرکی پاراستنی کوردستانی پێ دەسپێرێت، ئەو دیمەنە ئەوەندە دڵتەزێن بوو ئەوانەی لەوێدا بوون بەکوڵ دەگریان و، دواتر بارزانی لەگەڵ(شێخ ئەحمەد) و لێپرسراوانی هێزەکەی کۆبوویەوە و بڕیاری دانانی چەند هێڵێکی بەرگریان دا، دواتر(شێخ ئەحمەد) گەڕایەوە شنۆ(مستەفا بارزانی)یش گەڕایەوە نەغەدە(٢٦٤). کوڕی ڕەش(عەلی کوڕی قازی) لەزمانی(مینا خانم)ی دایکیەوە دەگێڕێتەوە لەڕۆژانی کۆتایی دا: دەوڵەتی شورەیی ووتی ئامادەن هەتا گسکیماڵیشت بۆ هەڵبگرین و هەموو شتێکت بۆ باربکەین، کونسوڵی ئینگلیز لە(تەبرێز) داوای کرد قازی بێتە عێراق و لەڕێگەی عێراقەوە بچێتە بەریتانیا، ئەمریکایەکانیش چاویان بەقازی کەوتبوو داوایان لێکردبوو ببێتە پەنابەر لەدەرەوە، بەلأم ئەو هیچی قبوڵ نەکرد و مایەوە(٢٦٥).

مەسعود بارزانی دەڵێت: بارزانی دوایەمین چاوپێکەوتنی خۆی لەشەوی ١٩٤٦/١٢/١٦دا لەگەڵ قازی محەمەد بەم شێوەیە بۆم گێڕایەوە:

چووم بۆ لای قازی و لێم پرسی ئایا دەیەوێ چی بکات؟ قازی وتی دەمەوێ خۆم فیدا بکەم، بۆ ئەوەی خوێنی مەهابادیەکان نەڕژێ خۆی دەدا بەدەست سوپای ئێرانەوە، ووتیشی وەلأمی بۆ جەنەراڵ هومایونی

٢٦٤ سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: س، پ، ل٢٨–٢٩.

٢٦٥ مەحمود مەلا عیزەت: جەمهوریەتی کوردستان، س، پ، ل٣١٤.

ناردووه بۆ میانداو و باری ئێرەی تێگەیاندوه، لەو کاتـەدا قـازی چـاوی پڕ بوو لەئاو، وتی لـەپیاوەکانی خـۆت زیـاتر پشـت بەکـەس مەبەسـتە، چونکە زۆر بوون ئەوانەی سوێندیان بۆ من خوارد بوو، کەچی ئێستا بـۆ خزمـەتی سـوپای ئێـران پێشـبڕکێیانە، هـەروەها دەمـەوێ لەسـەرۆکی هۆزەکـان وریـابی کـەبڕوایان پـێ نـاکرێ، تکـام وایـە بـەزووترین کـات مەهاباد بەجێ بهێڵی تا لێرەدا لەگەڵ لەشکری ئێـران بەگژیـەکا نەچـن، ئینجا قازی پرسی ئەمەوێ بزانم چی بکەی؟ گوتم خێزان و هێزەکانم لـە ناوچـەی شـنۆ و مەرگـەوڕ خڕدەکەمـەوە و چـەند پـێم بکـرێ خـۆم لـە پێکدادان لەگـەڵ سـوپای ئێـران دەپـارێزم تـا دەگەینـە بـەهار، هـەوڵ دەدەین حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتی دەربکا بۆ خۆمـانیش نـەبێت بۆ خاوخێزانمان بێت، جا ئەگـەر ئـەوەشمان بـۆ نـەکرا، هـەموومان ڕوو دەکەینـە یـەکێتی سـۆڤێت، خۆمـان نەبەدەسـت ئێـران و نـە بەدەسـت عێراقـەوە نـادەین، جادەسـتم کـرد بـەداوالێکردن و سـەرکردنە سـەری مەهاباد بەجێ بهێڵێ و لەگـەڵ ئێمـە بـێ، بـە بـەڵێنی شـەرفیش دڵنیـام کرد، بەبێ سێ و دوو گیانی خۆمی فیدا دەکەم، چـونکە ئـەو دروشمـی نەتەوەکەمانــە، پێشــم وت منــیش ئامۆژگاریــت دەکــەم پشــت بــە بەڵێنەکانی حکومەتی ئێران نەبەستێ، ئێمە زۆرمـان لەبەرگرانـە یەکـەم سەرۆك کۆماری کوردستان بکەوێتە بەردەستی دوژمن.

قــازی بەگریانــەوە هەســتایە ســەرپێ و ماچــی کــردم و وتــی لــەخوا دەپارێمــەوە بتپــارێزێ و ســەرکەوتوو بــی، بازیــانی مــن فیــدای

هاونیشــتییەکانم بێــت و ببێتــە هــۆی دورخســتنەوەیان لــەو بەلاَیــەی هەڕەشــەیان لێــدەکات، ئــەوەی وت و ئالاَیــەکی کوردســتانی لــەگیرفانی دەرهێنــا و دایەدەســتم و وتــی: ئەمــە ڕەمــزی کوردســتانە وەکــو ئەسـپاردەیەك لـەملتابیّ، چـونکە پـێم وایـە تـۆ لەهـەموو کـەس باشـتر پارێزگاری لیّ دەکەیت. ئیدی لەهەوایێکی پڕ لەخەم و خەفەتدا ماڵئاوایم لێکـرد و ڕوومکـردە نەغـەدە[٢٦٦]. (عـەلی قـازی) لـەیادی دامەزرانـدنی شەسـت وشـەش سـاڵەی دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان دا ووتـی: لەکاتی کۆتایی هاتنی(کۆماری کوردستان)دا پێشەوا ئـالاَی کوردسـتانی پێشکەش بەمسـتەفای بـارزانی کـرد، عـەلی قـازی ووتـی: کـەمن ئێسـتا تەمەنم(٧٨) ساڵە، ئومێدی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەم ئومێدەکەم کوردستان سەربەخۆبێت[٢٦٧]. ئەوەی زیاتر وای لەقازی کرد خۆی بـدات بەدەستەوە ئەوە بووە وەك جـەلیل گـادانی دەڵێـت: پـێش تێکچـوونی کۆمار ژمارەیەك لەقوتابیەکان و بازرگانەکان لەتەبرێزەوە گەڕابوونەوە، بۆ قازیان باسکردبوو چ کارەساتێکیان بەسەر خەڵکی تەبرێزدا هاتووە، قازی دەترسا ئەوەی بەسەر تەبرێزدا هاتووە بەسەر مەهابادا بێت[٢٦٨].

[٢٦٦] مەسعود بارزانی: بـارزانی بزوتنـەوەی ڕزگـاری کـورد سـاڵی (١٩٣١–١٩٥٨) ، س، پ، ل١٦٩.

[٢٦٧] کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی ، لەیادی شەسـت وشـەش سـاڵەی دامەزرانـدنی کۆماری کوردستان لە(مەهاباد)، هەولێر،کاتژمێر ١١:٤٠دەقە،٢٠١٢/٢/١٩.

[٢٦٨] جـەلیل گـادانی: بـەرگیری کـردن لەمێـژووی نەتەوەیـەك بـۆ ئـەوەی ڕاسـتیەکان نەشێوین، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، کوردستان، ل٩٥–٩٦ .

قازی پێی وابوو ئەگەر هەڵبێت، ئەوا سوپای ئێران ڕقی خۆی بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا دەڕژێنیّ، ئەگەر بەرگیری بکات ڕەنگە چەکدار و بیّ چەکی مەهاباد لەناو بچیّ، چونکە زۆربەی هۆزە کوردیەکانی دەوروبەری مەهاباد چووبوونە پاڵ سوپای ئێران و، خۆیان بۆ تالآنکردنی



**حاجی بابە شێخ**

مەهاباد ئامادەکردبوو، ئەمەش دەبووە هۆی کوشتاری کورد بەرامبەر بەکورد تاچەند ساڵێك ئەم شەڕە درێژەی دەکێشا، لەبەرئەوە بوو (قازی محەمەد) بڕیاری دا لەمەهاباد بمێنێتەوە و خۆی شار بدات بەدەست سوپای ئێرانەوە، پاش ئەوەی سوپای ئێران چووە نێو مەهاباد ژمارەیەکی زۆر لەسەرانی کورد لەوانە(قازی محەمەد، سەیفی قازی) دەستگیرکران[٢٦٩]. ڕەحیمی قازی دەگێڕێتەوە: لەکاتی دەستگیرکردنیان نەیانهێشتووە کەس بیان بینێت، بەلاّم بە بەرتیل

[٢٦٩] کاروان عوسمان: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س، پ، ل٣٨.

کەسێك بەناوی(حاجی حەمە ڕەحیمی زاهیدی) خەڵکی(گوێجەلی)، دەچێ چاویان پێ دەکەوێ، لەلایەن(مستەفا بارزانی)ەوە ڕاسپێدرا بوو کە ئەگەر ڕازی بێت ئێمە دەتوانین بێین لەوێش بیڕفێنین، بەلاَم قازی دیسان ڕازی نەبوو[٢٧٠]. تەنها ئەندامێکی حکومەتەکەی قازی محەمەد دەستگیرنەکرا(حاجی بابە شێخ) بوو، نەگرتنەکەشی بەهۆی پایەی ئاینی یەوە بوو[٢٧١].

[٢٧٠] جەلیل گادانی: بەرگیری کردن لەمێژووی نەتەوەیەك بۆ ئەوەی ڕاستیەکان نەشێوین، س، پ، ل٩٥-٩٦ .

[٢٧١] ڕەحیم سابیر: حکومەتی میلی کوردستان، س، پ، ل١٠٩.

## تەوەرەی دووەم:

## گفتوگۆی بارزانیەکان لەگەڵ ئەرتش و حکومەتی ئێران:

## گفتوگۆی بارزانیەکان لەگەڵ ئەرتش و حکومەتی ئێران:

لەڕۆژی ١٤-١٥/١٢/١٩٤٦ وردە وردە لەشکری بارزانیەکان، ئەوانەی لە سەقز بوون گەیشتنەوە نەغەدە و ڕوبەڕوی دوژمن وەستان، لەدەشتی سندوس و بەرزاییەکانی دەوروبەری پێش سوپای ئێرانیان گرت و ڕێگایان نەدا یەك هەنگاوی تر بێنە پێش و ڕێگای(حەیدەرئاباد)یان لێگرتن. لە(محەمەد یار) تەقەیان لەسوپا کرد، ڕێگەیان نەدا زیاتر بێنە پێشەوە و بەرەو دواوە گەڕانەوە، لە ١٧/١٢/١٩٤٧ گەیشتە نەغەدە و دواتر ڕۆیشت بۆ شنۆ، لەو کاتەدا سوپای ئێران ڕاگیراو ڕێگای نەدرا بڕواتە پێش کە ئەمەیان بینی ناتوانن بڕۆن، نوێنەریان بەڕێکرد داوای گفتوگۆیان کرد، نوێنەری ئێران سەرهەنگ غەفاری داوای لەشێخ ئەحمەد کرد مستەفا بارزانی بنێرێت بۆتاران[٢٧٢]. بارزانی کەهێزەکانی چەکدار و ئامادەبوون بەدەقی خۆیان مابونەوە لەڕۆژی (٢٠/١٢/١٩٤٦)دا، مستەفا بارزانی و وەفدەکەی لەنەغەدەوە بەرەو (مەهاباد) ڕۆیشتن و، چاویان بەسەر لەشکر هومایۆنی کەوت وپێی گوت کە ئامادەیە بگەڕێتەوە بۆعێراق بەمەرجێ سەفارەتی بریتانیا زەمانەتی سەلامەتی بکەن، بارزانی کاتێك(مەهاباد)ی جێهێشت سێ هەزار تفەنگ و سەدوبیست ڕەشاش ودوو تۆپی لەجبەخانەی کۆماردا هێنابوو[٢٧٣]. هاتنی(مستەفا بارزانی) بۆمەهاباد زۆر بەباشی کاری کردە سەر ورەی

---

٢٧٢ جەلال تۆفیق: س، پ، ل٢٢-٢٣ .

٢٧٣ کرێس کۆچێرا: س، پ، ل٢٣٠.

هـۆزە كوردیـەكان[٢٧٤] بـارزانی لـە(٢١/١٢/١٩٤٦) بـۆ وتوویـژ لەگـەڵ كاربەدەسـتانی ئێـران و بـاڵوێزی بـەریتانیا بـەرەو تـاران كەوتـەڕێ، بەیاوەری(عیزەت عبدولعەزیز، نوری ئەحمەد تەها، میر حـاج ئەحمـەد، حمەئەمین میرخان، جەمیل تۆفیق بامەڕنی، خالد زراری) لەگـەڵ خـۆی بـرد و (سـەرهەنگ غـەفاری)شـیان لەگـەڵ بـوو لـە(تـاران) بـارزانی زۆر بەڕێزەوە پێشـوازی لێ كـراو لەیانـەی ئەمنەسـران دابـەزی[٢٧٥]. هـەموو كەس پێی وابـوو ئەگـەر بـارزانی بچێـت بـۆ تـاران ناگەڕێتـەوە، چـونكە شـاكانی ئێـران هـەر لەكۆنـەوە بـە بـەڵێن شـكێنی و خـەڵك خەڵـەتێن و دوژمن فەوتێن ناسراون، كەچی شـێخ ئەحمـەد فـەرمانی دا بـە مسـتەفا بارزانی بچێت بۆ تاران، هەمیشە ئەوەی دووبارە دەكـردەوە هیچـی لـێ نایـەت و دەگەڕێتـەوە[٢٧٦]. ڕۆیشـتنی(بارزانی) بۆتـاران و درێـژبوونی ماوەی مانەوەی كـە بیسـت ڕۆژی خایەنـد، دەرفـەتی دایـە فەرمانـدەی هێزەكـانی ئێـران، ئەوپـەڕی سـود لـەكات و ئـەو بارودۆخـە تەماویـە ئاڵۆزەی(مــەهاباد) و هــۆزە گومــان لێكراوەكــان وەربگرێــت، بــۆ كۆكردنەوەی چەكە شاردراوەكان لەناوشاردا، چـوونی مسـتەفا بـارزانی بۆ تاران دیـارە تاڕادەیـەك كاریگـەری بەسـەرەوە هـەبوو، چـونكە ئـەو

[٢٧٤] عباس غەزالی میرخان: لەمەهابادەوە تاگادار ، چ١ ، هەولێر ،٢٠٠٠،ل ٤٦.

[٢٧٥] مسعود بارزانی: س ، پ ، ل ١٧١ .

[٢٧٦] مسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری كورد ساڵی(١٩٣١–١٩٥٨) ، س ، پ، ل١٧١ .

زیاتر هەر لەناوچە کوێستانی و گوندە سنووریەکان ژیابوون. لەدوای گەڕانەوەی لەتاران گوتی: منیان بۆبینینی کارگەی چاکسازی برد، گوتم لەراستیدا من ترسام، بەڵام هۆزی بارزان لەم شتانە ناترسێت[٢٧٧].

ئەو ماوەیەی بارزانی لەتاران بوو دەنگۆیەکی زۆر بڵاو بوویەوە، کە گوایە بارزانی و هاوڕێکانی بڕیاڕی مردنیان بەسەردا دراوە و بەم نزیکانە ئەو بڕیارە جێ بەجێ دەکرێت، بارزانی زۆرجار ئەم بەسەرهاتەی دەگێڕایەوە کە: ڕۆژێك نوری ئەحمەد تەها هاتە لام دەگریا، لێم پرسی چی بووە؟ وتی کەسێك ئاگاداری کردم بڕیاری مردنمان بەسەردا دراوە و ئەو بڕیارەش جێبەجێ دەکرێت، دەڵێت منیش گوتم جا قەیدی چییە، خۆ مردنمان لەپێشە باسبەی نەبێت ئەمڕۆ بێت، ئیدی پێویست بەگریان ناکات، نوری وتی بەخوا بۆخۆمان ناگریم، بۆ ئەوانە دەگریم لەپاش تۆ دەمێنێتەوە، بارزانی لەوێ چاوی بەشا و سەرۆك وەزیران و سەرۆك ئەرکانی سووپا و لێپرسراوان کەوت شا لەدانیشتنێکدا سێ ڕێگەی خستە بەردەمیان[٢٧٨].

١-ئەگەر بارزانیەکان بیانەوێت لەئێران بمێننەوە، دەبێت سەرجەم چەکی خۆیان بەدەستەوە بدەن و، لەکوردستانەوە بەرە و شوێنێك کۆچ بکەن کەدەوڵەت بۆیانی دەستنیشان بکات، دەوڵەت

---

[٢٧٧] عباس غەزالی میرخان: س، پ، ل٤٦.

[٢٧٨] مسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد ساڵی(١٩٣١-١٩٥٨) ، س ، پ ، ل١٧١ .

بۆماوەی شەش مانگ یارمەتی و هاوکاریان بکات و خەرجیان بۆ دابین بکات. یان لەناوچەی (هەمەدان) نیشتەجێ بکرێن و زەوی زاریان بەسەردا دابەشبکرێت .

٢-دەوڵەتی ئێران پارێزگاری لەو کەسانەی ناو تایفەکانی بارزان دەکات کە پێشینەی مەحکومییەتیان هەیە و ڕێگەیان پێ دەدا لەئێران بمێنن. بەلاّم ئەوانی تر دەبێت دەم ودەست لەئێران بچنە دەرەوە .

٣- ئەگەر هەردوو مەرجی سەرەوە بە پەسەند نەزانن، ئەوا دەبێت بارزانییەکان دەسبەجێ بەخۆیان و خاوخێزانیان ئێران بەجێ بهێڵن[٢٧٩].

بارزانی لەوەلاّم دا وتی ئەو ناتوانیت خۆی هیچ بڕیاریك بدات تا نەچێتەوە لای(شیخ ئەحمەد) کەهەموو دەسەلاّتەکان بەدەست ئەوە[٢٨٠]. پاش چەند هەفتە مانەوە لەتاران، لەگەڵ شای ئێران و سەفیری بریتانیا چاوپێکەوتنی کرد و بەناکامی گەڕایەوە نەغەدە[٢٨١].

بارزانی وەلاّمێکی ئەوتۆی لەسەفیر وەرنەگرت، ئەو کات بارزانیەکان بە

[٢٧٩] نەجەف قولی پیسیان: لەمەهابادی خوێناوییەوە ... هەتا لێوارەکانی ئاراس، س، پ ،ل٦٩-٧٠.

[٢٨٠] مسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد سالّی(١٩٣١-١٩٥٨) ، س ،پ ، ل١٧١ .

[٢٨١] جەلیل گادانی: پەنجاساڵ خەبات، ٦٩.

چەك و تـەواوی كەلوپـەلی ژیـان و ژن و منداڵەكانیانـەوە لەدەوروبـەری نەغــەدە نیشــتەجێ بــوون[٢٨٢]. ئــەو كاتــەی بــارزانی لــەتاران بــوو، ئێرانیــەكان وایانــدەزانی بــارزانی بارمتەیــەكی زۆر بەنرخــە دەســتیان كەوتووە، دەتوانن بیكەنە ئامرازی تەنگ پێ هەڵچنینی(شێخ ئەحمەد)، تا ناچاری بكەن خۆی بدا بەدەستەوە و چیان لێی دەوێ بەقسەیان بكا و بەم پێیە كێشەی بارزانیەكان بەسانایی دەبڕێتەوە[٢٨٣]. هەربۆیە لـەو كاتەدا حكومەتی تاران دەستەیەك نێردراوی ناردە لای(شـێخ ئەحمـەد) و، پێیان ڕاگەیاند (بارزانی) وەك بارمتە لای حكومـەتی تارانـە، دەبێـت بـەزووترین كـات چـەكەكانتان دابنـێن و خۆبەدەسـتەوە بـدەن و هـەر هــەمووتان بگوازرێنــەوە بۆ(هەمــەدان). بــەلاَم شــێخ ئــەم داوایــەی ڕەتكــردەوە، كاتێــك بــارزانی لــەتاران گەڕایــەوە نەغەدە(ســەرهەنگ غەفاری) لەگەڵدا بوو، لەگەڵ جەنەڕاڵ(همایۆنی) كۆبـووە، (سـەرهەنگ غـەفاری) فـەرمانێكی لەتارانـەوە بۆ(هومـایۆنی) هێنـا بـوو، تیایـدا داوا كرابوو دەسـتبەجێ خێزانـەكان و هێزەكـان ڕەوانـەی هەمـەدان بكـرێن، هومایۆنی ئەم فرمانەی بەبارزانی ڕاگەیانـد، ئـەویش ووتـی ئـەم بڕیـارە پەیوەستە بە(شێخ ئەحمەد). كاتێك بارزانی گەڕایەوە شنۆ بۆلای(شێخ ئەحمەد) پێشنارەكەی پێی ڕاگەیانـد، شـێخیش وتـی: هـەركاتێك بـەفر

[٢٨٢] حەسەن ئەرفەع: كوردەكان، س، پ، ل١٥٦-١٥٧.

[٢٨٣] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری كورد ساڵی(١٩٣١-١٩٥٨) ، س، پ، ل١٧١.

توایەوە و ڕێگاوبان کرایەوە، ئێران بەجیٚ دەهێڵین، ئەم وەڵامە گەیشتە دەست هومایۆنی[٢٨٤]. بارزانی ڕایگەیاند ئێمە نامەنـەوێت لەگـەڵ ئێـران بکەوینە شـەڕەوە، هـیچ زەوی و خاکێکمـان نیـە تابـەرگری لێبکـەین و لەگەڵ هیچ کەسێکدا دوژمنایەتیمان نیە لولەی تفـەنگی لێبکـەین، ئێـرە خاکی ئێرانە شتێکی ئاساییە لەشکری ئێران ڕۆژێك لەڕۆژان خاکی خۆی بگرێتەوە. تـەنها ڕێگەیـەکمان لەپێشـە تاسـود لەدەرفـەتێك وەربگـرین بـەفر و سـەرما تـەواو بێـت، پاشـان مـاڵ و منـداڵ و بەتەمەنـەکانمان بگەڕێنەوە عێراق و خۆیشـمان دەبینـە پەنابـەر لەسۆڤێت، تـا کـاتێکی گونجاو بگەرێینەوە عێراق[٢٨٥]. هێزەکانی بارزانی بەهـەموو کەرەسـتە و پێداویستییە سەربازییەکانیانەوە بەدەست لیٚ نەدراوی مانـەوە، ئـەوان باشترین جۆری چـەکیان هەڵبـژاردبوو، بـەڵام دواتـر بـەهۆی سـەختی و دوری ڕێگاکـەیان وازیـان لەچـەکە قورسـەکان هێنـا و بـەزۆری چـەکی برنـەویان پـیٚ بـوو، ئـەو هێزانـە کـە بەناوچـە جیاجیاکـان دا بـڵاو بـوو بوونەوە بانگ کرانەوە و گوێزرانەوە بۆ شاری شنۆ.

(شێخ ئەحمەد) لەگەڵ ژمارەیەك لەگەورە پیـاوانی بـارزانی چـوونە نێـو ئەو شارەوە، بۆ ئەوەی پاش ڕاوێژ دواین بڕیاری خۆیان لەسەر کێشـە و چارەسەرییەکان بدەن، لەودانیشتنەدا سیٚ هێڵی جیاجیا لەناوچەکە بۆ

---

[٢٨٤] سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: س، پ، ل٣٠-٣١ .

[٢٨٥] بـەختیار شـەمەی: چـەند لاپەڕیـەك لەخـەباتی سـەربازە ونبووەکـانی کۆمـاری (مەهاباد)، چ١، هۆڵند، ١٩٩٦،ل٢٩-٣٠.

بەرگریکردن لەبەرامبەر ئەگەری هێرشکردنی هێزەکانی حکومەتی ئێران دیاری کراو، هێزە چەکدارەکانی بارزانی لەهێڵەکانی نێوان نەغەدە و مەهاباد و دۆڵی قاسملۆ و دۆڵی براندۆز دامەزران و بڕیار درا، تا ئەو جێگایەی ئیمکان هەبێت هێزە چەکدارەکانی بارزانی خۆیان لەپێکدان لەگەڵ هێزەکانی دەولەتدا بپارێزن و تابەهار چاوەڕان بن و بە هاتنی بەهار ئێران بەرەو عێراق بەجێ بهێڵن یان بچنە سۆڤێت[٢٨٦]. دەولەتی ئێران داوای کرد بارزانیەکان چەکەکانیان دانێن و لەچیاکانی(ئەلوەند) نزیك هەمەدان نیشتەجێ بن، (مستەفا بارزانی) ڕایگەیاند بوو پێویستە برا گەورەکەی(شێخ ئەحمەد) لەو بارەیەوە بڕیار بدات، دەولەتی ئێران ڕایگەیاند بوو دەبێت بەپێوەرگرتنی بەلێن بۆ دابینکردنی ئاسایش بگەڕێنەوە خاکی عێراق یان چەکەکانتان تەسلیمی کاربەدەستانی ئێران بکەن، ئەگەرنا بەناچاری چەك دەکرێن. بارزانیەکان هێلێکی بەرگریی لەشەش سەد کەس لەچاکترین تفەنگدارانی بارزانی دامەزراند،

[٢٨٦] د. فەریدوون نوری: بزاڤی بارزانی، س، پ، ل١٨٤.

*خێلی قەرەپاپاخ: یەکێکە لەوخێلانە دوای شکانی ئێران لەبەرامبەر ڕوسیای تزاری و بەستنی پەیمانی(تورکمان چای) هاتوونەتە ئێران، لەبەر ئەوەش بەقەرەپاپاخ ناسراوە چونکە کلاوێکی چەرمینی ڕەش لەسەر دەنێن. ئەم خێلە پیاوی بوێر و نەترسیان لێهەلکەوتووە و تەنها تایەفەیەکن لەناوەندی کوردستان نیشتەجێ بوونە، خەلکەکەی بەزمانی تورکی قسەدەکەن، قەرەپاپاخیەکان نزیکەی پەنجاو سێ گوندی کوردستانیان بەدەستەوەیە. نەجەف قولی پسیان: لەمەهەبادی خوێناوییەوە ... هەتا لێوارەکانی ئاراس، ل٣٨–٣٩.

خێزانەکانیشــی ڕەوانــەی شــنۆ کردبــوو. بارزانیــەکان هــیچ وەڵامێکیــان بەسوپای ئێران نەدایـەوە و بـەرە و نەغـەدە پاشەکشـەیان کـرد و ئـەو شارەیان خستە ژێر دەستی خۆیان و لـەوێوە چـوونە شـنۆ، ئێـران ئـەو شارەشی گرتەوە و پاشان بارزانیـەکان بـەرە و ناوچـەکانی مەرگـەوەڕ، تەرگەوەڕ و هەرکی کشـانەوە، هۆزەکـانی کـورد جگـە لەقـەرەپاپاخی* تورکمـان نـەبێت، هـەموو گیـانی هاوکارییـان بـۆ ئـەوان هـەبوو، جـا چ بەخۆشی بێ و چ بەناخۆشی لـەڕووی ترسـەوە ئازووخـەیان دەگەیانـدە بارزانیەکان، سەرۆك هۆزی هەرکی لەسەرەتاوە زۆر بەڕێزەوە لەگـەڵیان جوڵایەوە، بەڵام کاتێك هێزەکـانی ئێـران لـەورمێوە شـوێن بارزانیـەکان کەوتن، هەڵسوکەوتی گۆڕی و دەستی کرد بە ئازاردانیان(٢٨٧). بێ ئاکام بـوونی گفتوگۆکـانی هومـایونی لەگـەڵ شـێخ ئەحمـەد، کاربەدەسـتانی ڕژێمـی ئێرانـی هانـدا ئـەو هۆزانـەی کـورد پێشـتر لایـەنگری کۆمـاری کوردستان بوون، دژ بە بارزانیـەکان بـەکاریان بهێـنن و ئـەوان لەسـنور دوربخەنـەوە. لەبـەر ئـەوە مسـتەفا بـارزانی چـوو چـاوی بـە سـەرۆك هۆزەکانی(مامەش، پـیران، مـەنگوڕ) کـەوت و داوای لێکـردن، لـە کـاتی هێرشــی ســوپای ئێــران بــۆ ســەر بارزانیــەکان ئــەوان بێلایــەن بــن. بارزانیــەکان نەغــەدەیان بەجێهێشــت و بــەرەی بــەرگری کردنیــان لــە نەغەدەوە گواستەوە بۆسنوری نەغـەدەو پیرانشـار و شـنۆ و ورمـێ لـە

---

[٢٨٧] حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، س، پ، ل١٥٦–١٥٧.

بەرزاییەکانی قەلاَتان و گوندەکانی دەوروبەری دابەزین[٢٨٨]. عەلی ئەسغەر ئیحسانی لەبیرەوەریەکانی دا وا دەنوسێت: ڕۆژێك لە نەغەدە چاومان بەیەکێك لە ئەفسەرانی پایەبەرزی سوپای ئێران کەوت (سەرهەنگ غەفاری) کە لایەن سوپاوە بۆگفتوگۆ لەگەڵ بارزانیەکان هاتبووە نەغەدە، لەگەڵ وەرگێڕەکەی چاوی کەوت بە(شێخ ئەحمەد)، سەرهەنگ ووتی جەنابی شێخ فەرمان بدە ئەو ئەفسەرانەی کەلای ئێوەن تەسلیمی ئێمە بکرێن، نەیدەزانی هەندێك لەئامادەبوان هەمان ئەو ئەفسەرانە بوو کەئەو داوای تەسلیم بوونیان دەکرد، شێخ ئەحمەد لەوەلاَمدا ووتی: ئەو ئەفسەرە میوانانە پەنابەر و ڕوناکی چاوی هۆزی ئێمەن، من ئامادەم چەند کەس لەکوڕان و برایانی خۆم لەبەرامبەر ئەواندا تەسلیمی دەوڵەتی ئێران بکەم، بەلاَم تەسلیم کردنەوەی ئەوان ئیمکانی نیە. شێخ بەئاماژە کردن بۆ ئێمە ووتی: ئەمانە ئەو ئەفسەرانەن لەگەڵ ئێمە دەژین ئەگەر قەرار بێت بمرین ئەوا پێکەوە دەمرین، (شێخ ئەحمەد، مستەفا بارزانی) بەجدی لەدژی تەسلیم کردنەوەی ئێمە بوون، ئێمەش هەروا لەناو هۆزی بارزان دا ماینەوە[٢٨٩]. بارزانیەکان نەیاندەویست خۆیان بدەن بەدەست هێزەکانی ئێرانەوە، بەڵکو تەنها کاتیان بەسەر ئەبرد، هەوڵیان ئەدا حکومەتی عێراق(لێبوردنی گشتی)یان بۆدەربکات و بگەڕێنەوە،

[٢٨٨] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل٧٩.

[٢٨٩] عەلی ئەسغەر ئیحسانی: س، پ، ل٣٩–٤٠.

ئەیانویست بەبیانووی گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێراندا کاتی زیاتر بەدەست بهێنن تازستان بڕوات و بەفری چیاکانی سنور بتوێتەوە[290].

لەهەمان کاتدا هەوڵی ژمارەیەك لەئەندام پەرلەمانەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراق، بۆ سوککردنی سزای چوار ئەفسەرەکە و لێبوردنی گشتی بۆبارزانیەکان بێ ئەنجام بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك دەسەڵاتداری کورد لەبەغداد، توانیان کارێکی وەها بکەن عێراقیەکان هیچ کارێکی سوپای دژی بارزانیەکان ئەنجام نەدەن، لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆعێراق[291].

## بارودۆخی بارزانیەکان پاش ڕوخاندنی کۆمار:

پاش ڕوخاندنی کۆمار لەهەندێك جێگەی کوردستان سوپا و جەندەرمەکانیان دەستیان دایە تاڵانکردن و کاولکردنی ناوچەکە، تاکە پاڵپشت بۆ نەتەوەی کورد بارزانیەکان بوون، کە گۆڕەپانەکەیان بەجێ نەهێشت لەژێر فەرماندەیی(مستەفا بارزانی)، چاریان نەما بۆ پاراستنی خۆیان شەڕێکی چڕ و نابەرانبەریان دژ بەسوپای ئێران دەست پێکرد، ئەمەریکاییەکان بەهۆی ڕکابەری لەگەڵ سۆڤێت، ڕاستەوخۆ بەناردنی تەقەمەنی و کەرەستەی شەڕ سوپای ئێرانیان پڕچەك کرد، سوڤێتیش بەهۆی بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان چاری نەما هێزەکانی لەئێران کشاندەوە، بەڵێنەکانی بۆپشتگیری دەوڵەتە تازە دامەزراوەکانی

---

[290] کاروان عوسمان: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س، پ، ل٤١.

[291] کاروان عوسمان: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، ه، س، پ، ل٥٣-٥٤.

کوردستان و ئازەربایجان نەبردە سەر[٢٩٢] . ڕۆژی ١٧ی دیسێمبەر(قازی محەمەد) و چەند سەرۆکێکی تری کوردەکان (مەهاباد)یان جێهێشت و شاریاندا بەدەست هێزەکانی ئێران، (قازی محەمەد) و وەزیرەکانی کۆماری کوردستان دوای دیدارێك لەگەڵ جەنەراڵ هومایونی، بەتێکڕا دەست بەسەرکران . (مستەفا بارزانی) داوایەکی زۆر لەقازی دەکات بڕیاری بەرگری بدات و خۆی نەداتە دەست هێزەکانی دەوڵەت، بەڵام قازی قبوڵی ناکات و دەڵێت من لێرە دەمێنمەوە تاسەر لەگەڵ خەڵکەکەم دەبم، دواتر قازی بڕیار دەدات بارزانیەکان هەرچیان پێویستە لەچەك و ئازووقە بیان درێتی، بارزانیەکان ملیان بۆ حکومەتی ئێران دانەنەواند و لەو بارەیەوە دەرگای گفتوگۆ کرایەوە لەنێوان ئەوان و ئێرانیەکان[٢٩٣] . بارودۆخی بارزانیەکان تادەهات دژوارتر دەبوو، چونکە ژن و منداڵیان لەگەڵدا بوو، بەبێ بوونی خۆراکی پێویست لەناو بەفر ئەتلانەوە، بەفر ڕێگەی نەدان لەسنوری عێراق نزیك ببنەوە، بەم بارودۆخەوە بارزانیەکان لە(١١ی ئازار تا٣ی نیسانی١٩٤٧) لەچەندین شەڕی قورسدا لەگەڵ سوپای ئێران، کەچەند یەکەیەکی چەکداری کوردیش لەو هۆزانەی خواستێکی دژایەتیان هەبوو بۆکۆماری کوردستان بەکارهێنران. شەڕی نەڵۆس یەکێکە لەوشەڕە گەورانە

[٢٩٢] دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو: کوردستان ئازار و کۆڵنەدان، و، ئیرەج عیبادی، چ١، ٢٠١٤، ل٦٣-٦٥.

[٢٩٣] جەلیل گادانی: پەنجاساڵ خەبات، ٦٩.

لـەنێوان چـەکدارە بارزانیـەکان و لەشـکری ئێـران ڕویـدا، لـەم شـەڕە سـەرکردەی سـوپای ئێران(کلاشـی) و ژمارەیـەکی زۆر لەئەفسـەر و سەربازەکانی کـوژرا، بارزانیـەکان دەسـتیان بەسـەر بارەگـای فـەوج دا گـرت و هەشـتا سـەرباز و ئەفسـەریان بـەدیل گـرت، ئـەم شـەڕە دەنگدانەوەیـەکی زۆری هـەبوو، وای لـەهومایونی کـرد داوای هاوکـاری لـەتورکیا و عێـراق بکـات دژی چـەکدارە بارزانیـەکان[٢٩٤]. لەسـەرەتای مـانگی شـوباتی(١٩٤٧)دا بـارزانی بڕیـاری دا سـەردانێکی کـورت بکـات بۆناو هۆزەکانی(مامەش، پیران، مەنگوڕ) لەناوچەی خانە، تا لەنزیکەوە چـاوی پێیـان بکـەوێت و بـەڵێنی تـەواویان لـێ وەربگرێـت بـۆ ئـەوەی پـەلاماری هێـزی پێشـمەرگە نـەدەن، هـەموویان بـەڵێنیان دا هێـرش نەکەن، بەڵام دواتر زۆربەیان پاشگەز بوونەوە لەبەڵێنەکانیان، لـەمانگی ئادار فەوجێکی سوپای ئێران جوڵەی کرد بەرەو شنۆ لەگونـدی نـالوس سـەربازگەی دانـا، دوای چـەند ڕۆژێـك شـەڕو پێکـدادان لـەنێوان هێـزی پێشمەرگە و سـوپای ئێـران رووپیـدا، کوشـتارێکی زۆر لـەهێزی سـوپای ئێرانی کەوت و فەرماندەی فەوجەکەیان یەکێك بـوو لـەکوژراوەکان[٢٩٥]. هەروەها شای ئێران لەفـەرمانی ڕاسـتەوخۆی بـۆ کاربەدەسـتانی سـوپا ئـەوە بـوو: نـەهێڵن بارزانیـەکان دەربـازبن و کـاروانی کۆچـی

[٢٩٤] کاروان عوسمان: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س، پ، ٤١–٤٢.

[٢٩٥] سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمـەد خۆشناو: ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، بەرگی دووەم، چ١، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٥.

خاووخێزانیان بۆمباران بکەن بۆ ئـەوەی چـیتر ئـابڕووی سـوپای ئێـران نەچـێت و بارزانیـەکان دەرسـێکی وا وەربگـرن بـەبڕای بـڕ نەکەوێتـە سـەریان شـەڕ لەگـەڵ سـوپای ئێـران بکـەن. بـەلاّم لەڕاسـتیدا وەك د. قـاسملۆ لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: فەرمانەکـەی شـای ئێـران نەهاتـەجێ بارزانیەکان دەربازبوون و، ئەویش ئابڕووی خۆی و ئەرتەشەکەی بۆ هەتا هەتایەچـوو. بارزانیـەکان لـەم شـەڕانەدا لاپەڕەیـەکی پـڕ لەشـانازیان لەبەرخودانی گەلی کوردا تۆمـار کـرد و، سـوپای ئێـرانیش لاپەڕەیـەکی شەرمەزار و پڕ لەزوڵم و سەرکوتینەوە[٢٩٦].

ئەو ئازایەتییەی بارزانی و پێشمەرگەکانی پیشانیان دا زۆر دلێرانـە بـوو کەجێگەی ستایشە، بەجۆرێك فەرماندەی تیپ (ڕەزا ئارام)، کـە یـەکێك بوو لەفەرماندەکانی سوپای ئێران دەڵێـت: سـوپای ئێـران تـاکو ئێسـتا ڕووبەڕووی وەهـا شـەڕڤانێکی بـەهێز نەبووەتـەوە. لـەو کاتـەدا بڕیـاری تونـد لەلایـەن شـای ئێرانـەوە دژ بەبارزانیـەکان دەرچـوو بـوو، هێـزی ئاسمـانی سـوپای ئێـران کوردەکـانی بۆردومـان دەکـرد و شـوێن پێـی هەموو بنەماڵە و پێشمەرگەکانی بارزانی تاکو سنوری ئێـران هـەڵگرت، دەوڵـەتی ئێـران دەیـان ویسـت زوو کۆتـای بەشـەڕەکە بهێـنن، چـونکە دۆڕانیان بەرامبەر بە بارزانیەکان دەبووە جێگەی شـەرم، دوای ئـەوەی سوپای ئێران کاولکاریەکی زۆری نایەوە بەهۆی شەڕەوە گوشارێکی زۆر

---

[٢٩٦] نەجەف قولی پسیان: لەمەهەبادی خوێناوییەوە ... هـەتا لێوارەکـانی ئـاراس، و، شەوکەوت شێخ یەزدین، چ١، ١٩٩٦، ل١٣–١٤.

کەوتــە ســەر کوردەکــان، بــارزانی گەیشــتە عێــراق ئــەو شــوێنەی کــە هێزەکانی نوری سەعید بەچـەك و شمشـێرەوە چـاوەڕیان دەکـرن[٢٩٧]. بارزانیەکان قارەمانانە بەرگریان دەکرد هەر بۆیە قازی محەمەد دەڵێت: مســتەفا بــارزانی و بارزانیــەکان هیــوای دوا ڕۆژی میللــەتی کــوردن و، منیش ئاڵای کوردستانم بەئەوان سپاردووە، ئەوان پارێزگاری ئەو ئاڵایە دەکەن تـا ڕۆژی خـۆی. ئـاڵای کوردسـتان لای ئەوانـە نـەك ئـەوەی کـە سەرهەنگ نیکوزاد تفی لێکرد و پێی لەسەردانا، هیـوام بەخوایـە ڕۆژێـك بێــت و ئــەو ئاڵایــە بەدەســتی بــەتواناو بــەهێزی بــارزانی لەســەر ئــەم خــانووەی مــنی تێــدا دادگــایی دەکــرێم و هــەموو شــوێنە بــەرزەکانی کوردســـتان بشـــەکێتەوە[٢٩٨]. بارزانیـــەکان هێزێکـــی چـــەکداری ئـــازاو ڕێکوپێك بوون، روخانی(حکومەتی کوردستان) نەیتوانی بـوو ریزەکـانی ئەوان تێکبداو هەڵی بوەشێنی، کاربەستانی ئەرتەشی ئێـران حسـابێکی زۆریان بۆئەکرد، ئەترسان ببن بەپێشەنگی بەرنگاری چەکدارو نانـەوەی شۆڕش، بارزانیەکان نەیان ئەویست تەسلیمی ئێران ببن، کاتیان بەسەر ئەبرد هەوڵیان ئەدا حکومەتی عێـراق لێبـوردنی گشـتی یـان بۆدەربکـاو بگەڕێنەوە بۆخـاکی باوباپیرانیـان، ئـەیان ویسـت زسـتان تـێ بپـەڕێ و

---

[٢٩٧] دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو: کوردستان ئازار و کۆڵنەدان، س، پ، ل٦٣–٦٥.

[٢٩٨] حەسەنی دانیشفەر: س، پ، ل١٣.

بەفری چیاکانی ناوچـەی سـنوربتوێتەوە[٢٩٩]. بارزانیـەکان ماوەیـەکیان بەگفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەسـتانی ئێرانـی لـەتاران و ماوەیـەکیان بەشـەڕ لەگەڵ ئەرتەش بەسـەربرد، سـەرئەنجام گەڕانـەوە کوردسـتانی عێـراق. دوای ئەوەی نائومێدبوون لەوەی حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتی یـان بـۆ دەربکـا بـوون بـەدوو بـەش، بەشـێکیان، کـەزۆریان ژن و منـداڵ و نەخۆش و بریندار و بێ شوێن و جێگاو ڕێگا بوون، کە توانای بەرنگاری سوپاو تـۆپ و فڕۆکـەی سـێ دەوڵـەتی(ئێران، عێـراق، تورکیا)یـان پـێ نـــەکرا ناچـــاربوون لەگەڵ(شـــێخ ئەحمـــەد) خۆیـــان بدەنـــە دەســـت کاربەدەستانی عێراقەوە، بەشەکانی تریشیان بە سەرکردایەتی(مستەفا بارزانی) پاش چەندین شەڕو پێکدادان بەپێ گەیشتنە سنوری سۆڤیەتی و لـەوێ بـوون بەپەنابـەر[٣٠٠].بارزانیـەکان لـەژێر گوشـاری هێزەکـانی دەوڵـەت و هۆزەکـانی مامـەش و زەرزا و[٣٠١]. سـوپای ئێـران بەفرۆکـە هێرشی کردەسەریان و تەنگی پێ هەڵچنین. بارزانیەکان بەسەرۆکایەتی (مسـتەفا بـارزانی) زۆر ئازایانـە شـەڕیان دەکـرد بـەرەو دوا کشـانەوە، ڕۆژی١٣نیسان(شـێخ ئەحمـەد)ی بـارزانی و تـەواوی هـۆزی بنەماڵـەی بارزانیـەکان لەچـۆمی گـادەر دەربـازبوون و، لـە دوای زنجـیرە شـەڕێك

---

[٢٩٩] **نەشـیروان مسـتەفا ئـەمین: حکومـەتی کوردسـتان کـورد لەگەمـەی سـۆڤییەتدا، س، پ،ل٢٨٣.**

[٣٠٠] نەشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان کورد لەگەمـەی سـۆڤییەتدا ، س، پ، ل٢٨٣ .

[٣٠١] حەسەن ئەرفەع: س، پ، ل١٥٦–١٥٧.

بــەرەو خــاکی عێــراق کشــانەوە، پــاش ئــەوەی زیــانێکی گــەورەیان لەئەرتشـــی ئێـــران دا، لەگەڕانـــەوەیان بـــۆعێراق ژمارەیـــەکی زۆر لەبارزانیـەکان لەوانە(شـێخ ئەحمـەد) و چـوار ئەفسـەرەکەی پێشـووی سوپاو زۆرتر ئافرەت و منالآن خۆیان دابەدەست بەرپرسانی عێراقـەوە، سەرەڕای ئەمە زۆرینـەی هێـزی(مسـتەفا بـارزانی) خۆیـان بەدەسـتەوە نەدا[٣٠٢]. زۆرێك لەبارزانیەکان بەسەرۆکایەتی(شێخ ئەحمەد) لەناوچـەی بارزان مانەوە، پێنج سەد پێشمەرگەی ئازای کورد لەلایـەن فەرمانـدەی بەشکۆی کورد(مستەفا بارزانی)یەوە ڕێبەری دەکـران، دیسـان سـنوری ئێرانیان بەزاند سوپای ئێران بـەهێزێکی دەهـەزار کەسـی و بەپاڵپشـتی فڕۆکـــەی جـــەنگی و هـــەموو جـــۆرە کەرەســـتەی ســـەربازیەوە، تۆپخانەکانیشیان بەرەو کوردستان بەڕێ کرد، پشـتیوانی کوردەکـان و بەرەنگاری قارەمانانەی بارزانیەکان لەم شـەڕەدا، ڕێگـەی پاشەکشـەی سێ سەد کیلۆمەتری پێدان و سەرکەوتنێکی زۆریشیان بەدەستهێنا، لە شەڕێکی مان و نەماندا لەچەمی ئاراس پەڕینـەوە و گەیشـتنە سـۆڤێت، پاش یازدە ساڵ مانەوە لەسۆڤێت لەدوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی سـاڵی ١٩٥٨ لـەعێراق، توانیـان بگەڕێنـەوە بـۆ مەڵبەنـدنی لـەدایك بوونیـان بەمەبەســتی لــەناو بردنــی چەوســانەوە و بــەدیهێنانی دیمــوکراتی

[٣٠٢] حەسەن ئەرفەرع: ه، س، پ، ل١٦.

لەکوردستانی عێراق[٣٠٣]. لەرۆژی٢٥ی نیسان١٩٤٧ تەنها(مستەفا بارزانی) و زیاتر لەپێنج سەد چەکدار دەمێننەوە[٣٠٤]. (شێخ ئەحمەد) دوای خۆ بەدەستەوەدانی لەساڵی١٩٤٧دا هەتا شۆڕشی چواردەی تەموز بەسەرۆکایەتی(عەبدولکەریم قاسم) لەساڵی ١٩٥٨ لەبەغدا و بەسرە گیرابوون. ئەو گرتووخانەی تیایدا بوون، گرتووخانەی گشتی نەبوون، بریتی بوون لەخانوو کە کرابوون بەگرتووخانە، شێخ مەحەمەد سدیقی برای و، محەمەد ئاغای مێرگەسۆری و هەمووماڵەکان لەمۆڵگەی موسڵ و کەرکوك لەژێر چاودێری دا بوون[٣٠٥]. (شێخ ئەحمەد) و براکانی و کوڕەکانی و کوڕی براکانیان گواستەوە بۆ زیندانی بەسرە و بڕیاری دادگای عورفییان پێ ڕاگەیاند کەدەرچوو بوو لەمەڕ حنکاندنیان، هەموو نێرینەکانی لەهەژدە ساڵ بەرەوژوور بۆ زیندانەکانی موسڵ و کەرکوك برد، خێزانی شێخ ئەحمەد و خزمەکانی دورخرانەوە بۆ کەربەلا و خێزانی بارزانیەکان بەسەر پارێزگاکانی هەولێر و موسڵ و کەرکوك دابەشکران، ژنەکانیان ناچار بوون کاربکەن، چونکە پیاویان لانەمابوو. (شێخ ئەحمەد) و خزمەکانی هەتا شۆڕشی چواردەی تەموز هەر

[٣٠٣] دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو: کوردستان ئازار و کۆڵنەدان، و، س، پ، ل٦٣–٦٥.

[٣٠٤] جەلیل گادانی: پەنجاساڵ خەبات، س، پ، ل٦٩.

[٣٠٥] مورتەزا زەربەخت: لەکوردستانی عێراقەوە ... هەتا ئەوبەری چۆمی ئاراس، و، شەوکەوت شێخ یەزدین، چ١، ٢٠٠١، ل٣٧٤ .

بەدورخراوەیی مانەوە[٣٠٦]. کۆی ئەو خێزانانـەی گەڕانـەوە بـۆ عێـراق و لەئۆردوگا تەلبەندکراوەکان دانراون(٤٥٦٥ کەس) بوون کە (١٥٥٠) پیاو و (١٦٨٦) ئافرەت و (١٣٢٩) منداڵ بوون، خێزانـە بارزانیـەکان کـە لـە ئۆردوگای دیانا تەلەبەندکرابوون دابەشکران بەسەر چەند ئۆردوگایـەکی تر، بەشێکیان هێنرانە شانەدەر و دەوربەری لەژێر کۆنترۆڵی سـەربازی دا بوون، بۆیان نەبوو بۆهیچ شوێنێك بچن، بەشـێکی تریـان لەناوچـەی زێبار لە ئۆردوگایەك نیشتەجێکران، کەدەردەسەری و ناخۆشی زۆریان



**مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی دوای گەرانەوەی لەیەکێتي سۆڤێت**

دی بەدەسـت بەڕێوەبـەری ناوچـەکە کـە زۆر بەتونـدی لەگـەڵیان دەجوڵانەوە و کاری قورسیان پێدەکرا، عەلائـەدین سـەجادی دەڵێـت: لەساڵی ١٩٤٧ چاووم بەو نانانە کەوتووە کە بەژن و منداڵی بارزانیەکان

---

[٣٠٦] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد ساڵی(١٩٣١–١٩٥٨) ، س، پ، ل٢١٠.

دەدرا، بریتی بوو لەئارد و گەچ کەتێکەڵ کرابوون. لەساڵی ١٩٥٠زاینی ژمارەیەك لەپیاوە بارزانیەکان ئازادکران و ساڵی١٩٥٣ ڕێگەیان پێدرا بگەڕێنەوە ناوچەی بارزان، بەڵام (شێخ ئەحمەد) و نزیکەکانی تاساڵی ١٩٥٨ ڕێگەیان پێنەدرا بگەڕێنەوە بارزان[٣٠٧]. زۆربەی پێشمەرگەکان و چوار ئەفسەرەکە(عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحمود قودسی، خەیرولاَ عەبدولکەریم) بڕیاری گەڕانەوەیان دا بۆ عێراق[٣٠٨]. لەبارەی ئەفسەرەکانەوە بارزانی دەڵێت: زۆر هەوڵمدا ئەفسەرەکان بمێننەوە و نەگەڕێنەوە بۆ عێراق، پێم گوتن ئێوە بارێکی جیاوازتان هەیە، (میرحاج ئەحمەد و عەبدولڕەحمان موفتی مانەوە، بەڵام عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحمود قودسی، خەیرولاَ عەبدولکەریم) گەڕانەوە، لەڕۆژی ١٩حوزەیرانی١٩٤٧دا بەبڕیارێکی ستەمکارانە لەسێدارە دران[٣٠٩].

---

[٣٠٧] عەدالەت عومەر سالح: س، پ، ل١٨.

[٣٠٨] کۆماری کوردستان لە(مەهاباد): ویکپیدیا .

[٣٠٩] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل١٠٣ .

## تەوەرەی سێ یەم
## محاکەمەو لەسێدارەدانی قازی و هاوڕێکانی:

## محاکەمەو لەسێدارەدانی قازی و هاورێکانی:

دوای داگیرکردنی مەهاباد ژمارەیـەکی زۆر لەکاربەدەسـتانی حکومـەتی کوردستان گیران، سام و ترسـێکی قـورس بـاڵی بەسـەر شـاردا کێشـا و کەس بەتـەمای سـبەینێ نـەبوو، زیندانـەکانی شـار پـڕ بـوون و جێگـای کەس نەدەبووە، هەنـدێك لـەدەرەوەی بەندیخانـە لـەناو چـەند ژورێکـدا خـەڵکیان ڕاگرتـوو بـوو، بەندیخانـەی شـارەوانی پڕپـڕ بـوو لەبەنـدی سیاسی، هەر ڕۆژەو ژمارەیەك بەندییان دەبـرد بۆلێکۆلینـەوە، زۆرجـار هەڕەشـەیان لێـدەکراو دارکـاریش دەکـران، قـازی لـەدادگادا تـاوان و بەرپرسیارێتی هەموو گیراوەکـانی لەئەسـتۆ دەگـرت، دەیـووت هەرچـی کراوە بەفەرمانی من بووە من هەمووی وە ئەستۆ دەگرم(٣١٠) .

قازی لەمەراسـیمی دادگـای کردنیـدا ووتـی: بـێ بەشـی کـورد مـنی بـۆ بـەرێوەبردنی ئـەو کارانـە هانـداوە کاتێـك سـەرۆکی دادگـا بەخەیانـەت تاوانباری دەکا لەوەلآمدا دەڵێ: ئێرە ماڵی منە خاکی کوردستان خـاکی باب وباپیرو ئەجدادی منە چۆن دەتوانم دەستی لێهەڵگرم .

موحاکەمەی یەکەم لە١٩کانوونی دووەم دەستی پێکردو چەند ڕۆژێکـی خایاند و حوکمی ئیعدامی قازییەکانی دا، موحاکەمەی لەدووەم لە(٢٨ی ئازار١٩٤٧) دەستی پێکردو ڕۆژی ٣٠ی ئازار کۆتای پێهات.

گۆڤاری خەباتی قوتابیان لەژمارە(٣٧) لەم دوایانـەدا لەزمانی(سـەروان کیومـەرس سـاڵحی) هـەواڵنێری گۆڤاری(ئەرتـەش)، کەڕۆژنامەنوسـێکی

---

٣١٠ هاشم سەلیمی: پێشەوای ڕابوون، س، پ، ل١٢٥–١٢٧.

دەرباری شایە دەیگێڕێتەوە: کە لەدادگا بووە و دوای لەسەر نوسینی ڕاپورتێك دەگیرێ و ساڵێك لەبەندیخانە دەمێنێتەوە، هەندێك لە وتەکانی(قازی محەمەد)ی بڵاکردەوە و دەڵێت قازی وتوویەتی من لەزووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە، بەباوەشی ئاواڵەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزانە دەکەم کە لەڕێگای ئازادی میلەتەکەم دا دەکوژرێم، ئەوە بەڵێنێکە کە بەنەتەوەکەم داوە لەگەڵیان بژیم و بۆ ئەوانیش بمرم تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم بشیکێنم.

سەروان کیومەرس دەڵێت: هەرگیز هیچ کەسێکم بە وێنەی(قازی محەمەد) بەجەرگ و بوێر نەدیوە، ئەو لەکاتی دادگایی کردن دا نەیدەزانی ترس چیە، زۆر بەبێ باکی قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، تەنانەت لەکاتی لەسێدارەدانی ئیزنی نەدا چاوی ببەستن، دەیووت حەزدەکەم لەکۆتا چرکەی ژیانم دا بەسەر بەرزی و چاوی کراوە لەنیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم، ڕوو لەخوێنمژانی گەل دەڵێت: ئێوە قازی محەمەدێك دەکوژن، بەڵام لە هەر تنۆکە خوێنێکی من قازی محەمەدێك شین دەبێتەوە، داوا لەگەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لەپێناوی ڕزگاری کوردستان دا یەك بخاو باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران نەکەن بژی کورد و کوردستان[٣١١]. لە(٥ی کانوونی دووەمی١٩٤٧)ز واتە(١٢) ڕۆژ دوای تەواوبوونی دادگاکە

---

[٣١١] ئا لیژنەی ڕاگەیاندنی فیستیڤاڵی کۆماری کوردستان، پێشەوا ژیان وخەبات و دامەزراندی کۆماری کوردستان،چ ١، هەولێر ،٤-٥/٤/٢٠٠٧،ل٩-٨ .

قازیەکان بەنهێنی دەبەن بۆتاران و، لەزیندانی دژبان لەژێر چاودێریەکی وردی ئەمنیدا دەیانپارێزن، لەلایەن بەرپرسانی سوپاو دەربارەوە، هەندێك لەوکوردانەی گرێدراوی حکومەتی تارانن و کەسانێکی ناودار بوون و قسەیان ڕەوایەتی هەبوو، وەك(ئەردەلآن سەنەندجی وفەهمی و عەبدولا ئێلخانی زادە)یان بۆلێدوان ناردە لای قازیەکان، ئامانج لە ووتووێژەکان ناچارکردنی قازیەکان بوو بۆ پەشیمان بوونەوە لەکارەکانیان و ڕاگەیاندنی ئەوە بەنەتەوەی کورد، بەتایبەت هێزی چەکداری کورد و خۆڕاگری نەکردنیان لەبەرامبەر سوپای ئێران، چەکەکانیان دابنێن و وەفاداری خۆیان بۆ ڕژێمی پاشایەتی و ڕق و کینەی خۆیان دەربڕن لەبەرامبەر سیاسەتەکانی سۆڤێت و حیزبی توودەدا[٣١٢]. کاتێ قازی لەسێدارە درا بارزانی زۆر تورە دەبێت و سیستەمی شای ئێرانی بەسیستەمێکی دڕندە ناوبرد، ویستی بەو لە سێدارەدانە بزاڤی کوردی لەکوردستانی ڕۆژهەلآت نەمێنێ[٣١٣]. یەکێك لەو تاوانانەی درایە پاڵ قازی هاتنی مستەفا بارزانیە بۆ مەهاباد، قازی لەوەلآمدا دەڵێت: (مستەفا بارزانی) لەکوردستان بێگانە نیە و نەبووە کەس ئەوی نەهێناوە، بارودۆخ وای کردبوو کە ئەو بۆ بەشێکی دیکە لە ماڵی خۆی بێت، کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە هەر کوردێك حەز بکات لەهەر بستە خاکێکی خۆی بژێ هەقی خۆیەتی، چونکە ماف هی

[٣١٢] محەمەد ڕەزا سەیفی قازی: س،پ، ل٦٥.

[٣١٣] سەعید مەموزینی: س، پ، ل٨٨ .

خاوەن ماڵە[314]. قازی وتی: مەلا مستەفا و بارزانیەکان هیوای دواڕۆژی میلـەتی کـوردن و پەرچـەمی کوردسـتانم بـەوان سـپاردووە، ئـەوان پایزگاری ئەو ئالأیە دەکەن تاڕۆژی خۆی، ئالأی کوردستان لای ئەوانـە نەك ئەوەی کە (سەرهەنگ نیکوزات) تفی لێکردووە پێی لەسەر دانا و، هیوام بەخوایە رۆژێك بێت ئەو ئالأیە بەدەستی بەهێزی بارزانی لەسـەر ئەم خانوەی کە منی تیدا دادگای دەکرێم و هـەموو شـوینە بـەرزەکانی کوردسـتان بشـەکێتەوە[315]. لـەو تاواننانـەی تـر دەدرانـە پـاڵ قـازی پۆشینی بەرگی جەنەراڵی و سەرۆکایەتی کۆمـاری کوردسـتان، گـۆرینی ڕەنگی ئالأی ئێران، لابردنی نیشانەی "شـێرو خورشید"چـوون بۆبـاکۆ، بەڵێنـدانی بەخشـینی ئیمتیـازی نـەوت بەبێگانـە ..، کەهـەموو ئەوانـە پێشەوا و هاوڕێیانی لەدادگا بە بەڵگە رەدیان دانەوە و نەچوونە ژێر هیچ کـام لەوتاوانانـە، بـەلأم دەسـەلأتدارانی تـاران بڕیـاری خۆیـان دابـوو، هەربۆیـە لـە[316]. لـە(١٩٤٧/٣/٣١)زدا (قـازی محەمـەد) و براکـەی واتـا سـەدری قازی(کەنوێنـەری پێشـووی پەرلـەمان) بـوو، (سـەیفی قـازی) ئامۆزای دوای دادگای کـردن، لـەدادگای سـەربازیدا سـزای مردنیـان بـە سـەردا سـەپاند و[317]. ئـەو دادگایـەش حـوکمی سـێدارەی قازیـەکانی

---

[314] ڕەحیم سابیر: حکومەتی میلی کوردستان، س، پ، ١١٠.

[315] حەسەن دانیش فەر: س، پ، ل١٣.

[316] عومەربالەکی: س، پ، ل١١٦.

[317] کریس کۆچێرا: س، پ، ل٣٣ .

پەســەند کــردوو ســتادی ئــەرتش ئاگــادارکرا کەقازیــەکان حــوکمی لــە سێدارەدان دراون. بەپەلە ستادی ئەرتش فــەرمانی دا نیزامی(مــەهاباد) لەماوەی٢٤ کاتژمێرداحوکمەکە جێبەجێ بکـات و، کاتــژمێری ٣ی نیـوە شەو ١٠ی خاکە لێوە ئەو حوکمە بەڕێوە چوو و پێشەوا قازی محەمەدو سـەیفی قـازی و سـەدری قـازی ڕاسـت لـەو شوێنە کەساڵێك پێشترکۆماری کوردسـتانی تێــدا ڕاگەیانــد بــوو لەســێدرەدران[٣١٨].



محەمــەد حوسـێن سـەیفی قـازی لەبـەردەم پەتی سێدارە ووتی: شانازی دەکەم بەوەی لـەڕێی نیشـتمان دا ڕۆیشـتم و گیـانی خـۆم پێشــکەش کــرد لــەڕێگای ڕزگــاری گــەلی کورد[٣١٩]

شاعیری گەورەی کورد هێمن موکریانی بۆلەسـێدارەدانی پێشـەوا قـازی محەمەد دەڵێت:

| | |
|---|---|
| لە چـوار چـرای مـەهاباد | لە کانگـای بیـری ئازاد |
| دەستی ڕەشی ئیستیبداد | چـەقانـدی داری بـێــداد |
| لـە کـاتی نـیوە شـەودا | لەجەنگەی شیرینی خەودا |

٣١٨ عومەربالەکی: س، پ، ل١١٦.

٣١٩ محەمەد بهاالدین ملا صاحب: س، پ، ل٨٢.

کــرا کـاری نــاڕەوا لـە دار درا پـێـشـــەوا[320].

مامۆستا ڕەسولّ هاوار ئەویش بەم شێوەیە هەسـتی خـۆی دەردەبرێـت بۆ لەسێدارەدانی قازی:

ئــەی پێشەوای دیمـوکـرات مردی نەگەیشتی بەئاوات
خنکێنرای بەدەستی زۆردار بەدەستی کلکی ئیستعمار
نەدینی هەبوو نەئیمان نـە تـەنها تـۆزێـك ویـژدان
پەیمان و سوێنی خۆی شکان زۆر بەنامەردی تۆی خنکان[321].

دواتـر چـەندین لەلێپرسـراو و پیاومـاقولاّنی کۆمـار یـەك لـەدوای یـەك لەسێداره دران و، بەم جۆره شۆڕشـی کوردەکـان له(مـەهاباد) کۆتـایی هـات . هـۆی ئـەم لێـك هەڵوەشـانه خێرایـەی شۆڕشـی کـورد، لەگـەڵ دەرچـونی هێـزی سـۆڤیەت، ئـەوه بـوو کـەهیچ هـاو ئاهەنگیـەك لـەنێو کوردەکـانی ئێـران دا نــەبوو، بۆشــەڕکردن تــا دوایــین کاتــەکان ئــەو سـەربەخۆییه لێڵـەی کـە لـەژێر چـاودێری کۆمۆنیسـتەکانی دیمـوکراتی (ئازەربایجان) یا(سۆڤیەت) پێیان درابوو، شیاوی ئەوه نـەبوو قوربـانی بۆبـدەن، لـەنێوان سـەرۆکە کوردەکـانیش دا هـیچ جـۆره هاوکـاری و یەکێتی یەك نەبوو[322].هۆزه کوردیەکان قوربانی زۆریان دا بـۆ کۆمـاری کوردستان یەکێك لەو هۆزانه گەلاّلیەکان بـوون، کـە قوربـانی زۆریـان دا

[320] هێمن موکریانی: دیوانی هێمن، چ١، ٢٠٠٣، ل٨٦ .
[321] محەمەد بهاالدین ملا صاحب: س، پ، ل٨٩.
[322] کریس کۆچێرا: س،پ،ل ٣٣ .

وەك(تۆفیق ئاغا)ی گەلاڵی لەكاتی سەرهەڵدانی شۆڕش لە(مەهاباد) زۆر هاوكاری (قازی محەمەد)ی كرد، دوای لەسێدارەدانی(قازی محەمەد) و هاوەڵانی(تۆفیق ئاغا) دەست بەسەر ئەكرێ لەگەڵ هەندێك لەپیاوانی (گەڵباخی)، (حەسەن تۆفیق ئاغا) كەپێشمەرگەی باوكی بووە لەژێر ئەشكەنجە بە بەرچاوی باوكیەوە گیانی لەدەستدا، زۆربەی پیاوە ناودارەكان لەسێدارە ئەدرێن، (عەلی خانی حەبیبی) یەكێك بوو لە گەورە پیاوانی هۆزی(تیلەكۆ) لەلایەن پیاوەكانی(حەمەڕەشید خان)ی (بانە) كوژرا، دوای كوژرانی(عەلی خان) ڕەزا شای پەهلەوی زۆر ڕێزو قەدری بنەماڵەكەی دەگرێت، (عەلی خان) ژن و ژن خوازی بووە لەگەڵ (بەورئاغا)ی گەلاڵی، (مستەفای عەلی خان) كەسەرۆك هۆزی (تیلەكۆ) بووە لە(ئێران) دایكی (گەلاڵی) بووە بۆیە تكا دەكات لای(ڕەزا شا)، (تۆفیق ئاغا) لەسێدارە نەدات، ئەویش حكومەكەی دەگۆڕێت(تۆفیق ئاغای گەلاڵی) بەخۆی و ماڵ ومنداڵیەوە دورخرایەوە(مەنفی) كرا بۆ (تاران) بۆ ماوەی(سێ) ساڵ لە(تاران) دەست بەسەر بوو، دواتر كە بەر بوو هات بۆ باشوری كوردستان بۆ ناو (گەلاڵیەكان)ی (شارەزوور)[٣٢٣] .

حەوت ڕۆژ دوای لەسێدارەدانی قازیەكان لەمەهاباد، ڕژێمی ئێران شازدە ئەفسەر و خەباتكاری تری كۆماری كوردستانی لەمەهاباد، سەقز، بۆكان لەسێدارە دران[٣٢٤]. پاش لەسێدارەدانی قازی و هاوەڵانی

---

[٣٢٣] هیوا مەلا حەسەن: س، پ، ل٢٧٢ .

[٣٢٤] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل٩٨ .

لـە(١٩٤٧/٣/٣١)زدا لـە لایـەك ترسـێكی زۆر و لەلایـەكی دیكـە قینێكـی زۆری لای كوردەكان دروست كـرد، دژ بـە كاربەدەسـتانی ئێـران، دوای لەسێدارەدانی سەرانی كۆماری كوردستان هێرشەكانی سوپای ئێران بـۆ سەر بارزانیەكان چڕتر بووەوە، سەركردەكانی بارزان تەماشـایان كـرد، لەگەڵ ژن و منـداڵ و نـەخۆش و برینـدار، بـەبێ شـوێن و جێگـاو ڕێگـا، بەرەنگاری سوپاو تۆپ و فڕۆكەی سێ دەوڵـەتی وەك ئێـران و عێـراق و توركیایـــان پێنـــاكرێ، ناچاربوون(شـــێخ ئەحمـــەد) لەگـــەڵ هەنـــدی لەئەفسەران، ئەوانەی كە ئارەزوی گەرانەوەیان هەبوو بۆعێراق، لەگـەڵ ژن و منداڵ و لە كاركەوتوەكاندا بگەڕێنەوە بۆ عێراق(٣٢٥).

---

٣٢٥ ئیسماعیل ئەردەڵان: بارزان و نهێنیەكانی ،و مەعروف قەرەداخی، بەغداد، ١٩٨٥، ل١١١.

# بەشی چوارەم:

## تەوەرەی یەکەم:

## کۆچی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ یەکێتي سۆڤێت

## تەوەرەی دووەم :

## چارەنووسی بارزانیەکان لەیەکێتي سۆڤێت

## کۆچی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ یەکێتی سۆڤێت:

دوای ماڵئاوایی(بـارزانی) و پێشـمەرگەکان لـە(١٩٤٧/٤/١٥) لە(شـێخ ئەحمـەد) و براکـانی و دۆسـت و ئاشـناکانی و خێزانـەکانیان، مسـتەفا بـارزانی و(٥٦٠) کـەس لەبارزانیـەکان کەبـەدڵخوازی خۆیـان لەگـەڵی کەوتن[٣٢٦]. پاش هەژدە مانگ لـەئاوارەیی لـەئێران، بـارزانی ڕێگایـەکی سەخت هەڵدەبژێرێ وبەرە و ناوچە شاخاویەکانی دەڕۆن، ئـەوان بـاش لەوە گەیشتبوون کەنایەڵن بەئارامی لەناوچەکەدا بمێنێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بارزانی نائومێد دەبێت عێراق لێبوردنی گشتی یان بۆ دەربکـات، بۆیـە بڕیـار دەدات پەنابەرێتـە بـەر وڵاتێـك کـەژیانی تێـدا پـارێزراو بێـت، بـارزانی بـە سـنوری عێـراق وتورکیـا بـەرەو ڕوسـیا دەکەوێتەڕێ[٣٢٧]. سەبارەت بەهۆکاری بڕیاردانی بارزانیـەکان بۆخـاکی سـۆڤێت دەگەڕێتـەوە بۆئـەوە، هـیچ یـەکێك لەحکومەتـەکانی(عێراق، تورکیـا، ئێـران) بارزانیـەکانیان بـۆ قبـوڵ نـەدەکرا، عێـراق بـەهۆی کاریگەری بارزانیەکان لەناو کوردەکانی باشوردا، بـەهۆی شۆڕشـەکانی پێشووتریان خوازیاری ئەوە بوو بەگیریان بهێنێ و پەڕاگەندەیان بکات، تورکیا خێرێکـی بـۆ کوردەکـانی خـۆی نـەبوو تالەمـەدا پارویـەکی بـەر بارزانیـەکان بکـەوێ، بـەهۆی کوشـتنی چـەندین ئەفسـەرو سـەربازی سوپای ئێران لە شەڕەکاندا لەگەڵ سوپای ئێران، پرسی پەنابردنە بـەر

[٣٢٦] بەختیار شەمەی: س، پ، ل١٢١.

[٣٢٧] صەلاحەدین ڕاست گەلدی: س، پ، ل ١٣٦.

ئەو وڵاتـەیان بـەلاوە نـابوو، لـەو كاتـەدا ئەگـەر وڵاتێـك لـەدونیادا شـك بیردایە یـەكێتی سـۆڤێت بـوو[328].سەرەتا(مسـتەفا بـارزانی) ڕایگەیانـد دەیەوێت بچێتە سوریا، بەڵام ئەوانەی لەگەڵی بـوون ڕازی نـەبوون بـەم پێشـنیازەی بـارزانی، چـونكە دەیـانزانی سـوریا وڵاتێكـی عەرەبیـە و دەیانداتــەوە بەدەســت حكومــەتی عێراقــەوە و تیادەچـن، لەكۆتایــدا سـەرجەمیان ڕێككـەوتن لەسـەر ئـەوەی بچـن بـۆ سـۆڤێت[329]. لـە٢٥ی ئایاری١٩٤٧ لەگوندی(بێداڤ)ی عێراقەوە پەڕینەوە بۆ گوندی(بای) لەناو خاكی توركیا، سوپای توركیا زوو هەستی بەم جموجووڵەی بارزانیەكان كرد بە فڕۆكەی جەنگی كەوتنە پشكنینی ناوچەكانی سنور، بارزانی بـۆ ئـەوەی ناچـاری ڕووبەڕووبونـەوەی سـوپای تـورك نەبێتـەوە كەوتـە خافڵانـدنی هێزەكانیـان[330]. مەسـعود بـارزانی دەڵێـت بـارزانی بـۆی گێڕامەوە گوتی: بۆپەڕینـەوەمان فێڵمـان لـە توركـەكان كـرد، وامـانكرد هەسـتمان پــێ بكـەن ئێمـە بۆشـەڕ خۆمـان ئامـادە دەكـەین، ئـەمجا جوڵەمان لەخۆمان بڕی و داوام لەهێزەكان كرد بەرەو خۆرهەڵات بڕۆن و كاتێك تاریك داهـات خۆمـان مـاتكرد، پاشـان گەڕاینـەوە هـەمان شـوێن

---

[328] كریس كۆچێرا: س،پ، ل٢٣١–٢٣٢.

[329] زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: بیرەوەریەكانم لەسـاڵانی ١٩٤٣–١٩٧٧دا، سـلێمانی ٢٠٠٢، ل١٥٢ .

[330] نەجەف قولی پیسیان: لەمەهابادی خوێناوییەوە ... هەتا لێوارەكانی ئاراس، س، پ ،ل١٧–١٨ .

کـەلێی بـووین و بـەجێمان هێشـتوو، خـۆم و چـەند کەسـێك بـۆ دواوە ڕۆیشتین تا تورکەکان وا تێبگەن کە ئێمـە ڕێگـای خۆمانمـان گۆڕیـوە و دەمانــەوێ لەخۆرهــەڵاتی ئــەو جێگایــە بپەڕینــەوە، چــاوم لــەهێزی تورکەکان بوو شڵەژان و دوو سەعات پاشتر هەموو کەلوپەلی خۆیانیـان پێچایەوە و ڕایانکرد بـۆ ڕێگـای خۆرهـەڵات کـە وایانـدەزانی ئێمـە لێـی دەپەڕینـەوە، جـا زانـیم کـە ئـەو شـوێنەیان چۆڵکردوە و کەسـیان لـێ نەهێشتووە[٣٣١]. بەرەبـەیانی ٢٧ی مـانگ هێـزی بارزانیـەکان لەڕێگـەی (زینیا ئاسینگەرا)وە بەچیای(سـپیرێز)دا هەڵگـەڕا، فڕۆکەیـەکی تـورکی کەوتە شوێنیان بەڵام ئەوان دەربـاز بـوون و چـوونە نـاو خـاکی ئێـران، ئێوارەی ئەو ڕۆژە بارزانیەکان گەیشتنە گوندی(جیرمی) ئێران، ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە کەوتنە بڕینی ڕێگەی باکور و ڕۆژی٨ی ئایار بەرەو ناوچە کوردەوارییەکانی کوردستانی ئێران هەڵکشان، سوپای ئێران بەدرێـژایی ئەو ماوەیە بەدوایانەوە بوو، لە(ماکۆ) هێزێکی سوپای ئێران بەپاڵشـتی تانـك و تـۆپ و زرێپـۆش، هــەموو ڕێگاکانیــان گرتبــوو، چارەنوســی بارزانیــەکان بەدەرچــوونیان بــەو ڕێگایــەدا بەســترابوو، بارزانیــەکان چارەنووسیان لەوکاتەدا کەوتبووە دووڕیانی هات و نەهاتەوە[٣٣٢]. زیاتر

---

[٣٣١] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد ساڵی(١٩٣١–١٩٥٨) ، س، پ، ل١٨٩.

[٣٣٢] نەجەف قولی پیسیان: لەمەهابادی خوێناوییەوە ... هەتا لێوارەکانی ئـاراس، س، پ ،ل١٧–١٨ .

لەدە هەزار کەس لـە لەشـکری ئێـران بـۆ پـێش گـرتنی ئـەوان تـەرخان کرابـوو[٣٣٣]. سـەرەڕای شـڵەژاوی و سـەختی بارودۆخەکـە، بارزانیـەکان ئەوەندە هێزێکی چەکداری ئـازاو ڕێکوپێـك بـوون، ڕووخـانی حکومـەتی کوردسـتان نـەیتوانی ڕیزەکـانی ئـەوان تێـك بـدات[٣٣٤]. بـارزانی کەوتـە دانانی نەخشـەی شـەڕێك و خـۆی وەك شـەڕکەرێك تیـادا بەشـدار بـوو، هێرش بۆسەر سوپای ئێران لەلایەن بارزانیەکانەوە بۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ لــە٩-١١ی ئایــار بەخەســتی درێــژەی کێشــا[٣٣٥]. ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٩ پێشمەرگەکان لەچیای سوسوز و دەشتی مـاکۆوە پـەلاماری هێزەکـانی ئێرانیان دا هێرشەکانیان تا ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١١ بەبێ پسانەوە بەردەوام بوو، هەر چەند شەڕێکی زۆر قورس و دڕندانە بوو، بەڵام بەسـەرکەوتنی پێشمەرگەکان کۆتایی هات[٣٣٦]. بارزانیەکان جگە لەوەی زیانی سـەدان کوژراو برینداریان لە سوپای ئێـران دا و، تانکێـك و تۆپێکیـان شـکاند و فڕۆکەیەکیان بەردایەوە و، ٢٧١کەسیان بـەدیل کەوتـە دەسـتیان پـاش تــەواو بــوونی شــەڕ بــەرەڵایان کــردن و بڕێکــی یــەکجار زۆر چــەك و

---

[٣٣٣] بەختیار شەمەی: س، پ، ل١٢١.

[٣٣٤] کاروان عوسمان: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س، پ، ل٣٩.

[٣٣٥] نەجەف قولی پیسیان: لەمەهابادی خوێناوییەوە ... هەتا لێوارەکانی ئاراس، س، پ ،ل١٧-١٨ .

[٣٣٦] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل١١٧-١١٨ .

تەقەمەنیان کەوتە دەست[٣٣٧]. لەم بارەیەوە مەسعود بـارزانی دەڵێـت: هێـزی ئێرانـی بەسـەدان کـوژرا و برینـدار لێکەوتـەوەو ٢٧١چـەکداریان بەدیلگیرا دوای کۆتای هاتنی شەڕەکە بەرەلاکران. هەروەها گەلێك تانك تێکشـکێنران و فرۆکەیـەك خرایـە خـوارەوە. بارزانیـەکان لـەو شـەڕەدا چوار شـەهید و چـواردە برینـداریان هـەبوو. هـەر لەوبارەیـەوە تـەیفور جەعفـەر دەڵێـت: ئێمـە کاتێـك گەیشـتینە سـەر ڕووبـاری مـاکۆ، چـەند کەسێکمان بینی لەسـوپای ئێـران لەسـەر پـردی مـاکۆ ڕاوەسـتا بـوون، لەبەرامبەردا ئێمە تەنها تفەنگمان پێبوو، فڕۆکە بەشەست تیر لەئێمـەی ئەدا، بەلاَم ئێمە تەقەمان نەئەکرد، بارزانی زۆر لێزانانە پلان و تاکتیکی شەڕی داڕشت، ئەوە بوو توانیمان لەشـەڕێکی دەسـتەویەخەدا سـوپای ئێران بشکێنین[٣٣٨]. بارزانیەکان شەوی١٢/١١ی مانگی حوزەیران پردی ماکۆیـان کـۆنترۆڵ کـرد و، توانیـان لـەڕوباری زەنگـی بپەڕنـەوە و بەرەبـەیانی١٩٤٧/٦/١٢ خۆیـان بگەیەننـە گونـدی هاسـون و لـەئاوی ئـاراس نزیـك بوونـەوە[٣٣٩]. ڕۆژی١٦ی حـوزەیران میرحـاج چـوو بۆپاسگەی(سیراجلو)ی سۆڤێتی تا ئاگاداری کاربەدەستان بکات، کەوا

---

[٣٣٧] نەجەف قولی پیسیان: لەمەهابادی خوێناوییەوە ... هەتا لێوارەکانی ئـاراس، س، پ ،ل١٧–١٨ .

[٣٣٨] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل١١٧–١١٨ .

[٣٣٩] نەجەف قولی پیسیان: لەمەهابادی خوێناوییەوە ... هەتا لێوارەکانی ئـاراس، س، پ ،ل١٧–١٨ .

بارزانی و هەڤالآنی گەیشتوونەتە گوندی سوکتلی و داوا دەکەن ڕێگایان پیٚ بدرێن لەئاراس بپەڕنەوە و پەنا بێنن کاتیٚ ڕازی بوون(٣٤٠). میرحاج لەسۆڤێت گەڕایەوە ڕەزامەندی ئەوانی هێنابوو بپەڕنەوە بەری سۆڤێت، بەمەش بارزانیەکان چوونە سەر ئاوی ئاراس بۆ ئەوەی بپەڕنەوە بۆناو خاکی سۆڤێت، بارزانیەکان بەهۆی شەڕی بەردەوامەوە چەند ڕۆژێك خواردنیان نەخواردبوو، نەبوونی خواردەمەنی تەندروستی زۆریانی ئالۆز کردبوو، لەبەر برسێتی ناچار بوون ڕەگ و سەلکی هەندێك گژوگیای ئەو ناوە بخۆن(٣٤١). لەڕۆژی١٧ی حوزەیراندا بەشی یەکەمی بارزانیەکان لەگەڵ(شێخ سلێمان) لەئاوی ئاراس پەڕینەوە و پەنایان بۆ سۆڤێت برد. ڕۆژی پاشتر لە١٨ی مانگدا بارزانی خۆی و پاشماوەی هەڤاڵەکانی پەڕینەوە و کۆتاییان بەرێپێوانی بەناوبانگی ٣٥٠کیلۆمەتری هێنا(٣٤٢).

ئاراس ڕوبارێکی گەورەیە، زۆر مەند و لەسەرخۆیە، وا هەست دەکرێت ناڕوات، ئەو شوێنەی بارزانیەکان لێی پەڕینەوە زۆر فراوان بوو، بەپێیان لێی دراو دەربازی بەری لای سۆڤێت بوون، لەنزیك کێوە بەرزەکەی ئارارات کە دەکەوێتە سیٚ کوچکەی سنورەکانی ئێران و

---

٣٤٠ مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد ساڵی(١٩٣١–١٩٥٨) ، س، پ، ل١٩٤.

٣٤١ کاروان عوسمان: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س، پ، ل٨٢–٨٣.

٣٤٢ نەجەف قولی پیسیان: لەمەهابادی خوێناوییەوە ... هەتا لێوارەکانی ئاراس، س، پ ،ل١٧–١٨ .

تورکیا و سۆڤێت پەڕینەوە لەئاراس. لەکتێکدا بارزانیەکان لەو پەڕی هیلاکی دا بوون لەبرسان[343]. پەڕینەوەی بارزانیەکان لەئاوی ئاراس و گەیشتنیان بەخاکی سۆڤێت کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، بارزانیەکان توشی ناڕەحەتی و شەڕی زۆر هاتن لەڕێگادا[344]. پاش سێ جار پێکدادانی جدی و گەورەو چەند جارێکیش پێکدادانی بچوك، شەوانە ڕێگایان دەبڕی[345]. تا توانیان پاش(٢٠) ڕۆژ ڕێگا بڕین بێ وەستان و لەچۆمی ئاراسەوە بپەڕنەوە و پەنا بۆ یەکێتی سۆڤێت بەرن[346].

پەڕینەوەی بارزانیەکان لەڕووباری ئاراس و گەیشتنیان بەخاکی سۆڤێت، بەهۆی لاوازی سوپای ئێران نەبوو بەوڕادەیەی باسدەکرێن، بەڵکو هۆی دەرباز بوونیان ئەوە بوو، بارزانیەکان بەهەموو شێوازێك خۆیان لەپێکدادان لەگەڵ سوپای ئێران دەپاراست، بۆئەو مەبەستە چەند جارێك بارزانیەکان دەچنە ناو خاکی تورکیا و دواتر دەگەڕێنەوە خاکی ئێران، لەشەڕی دۆڵی ماکۆ بەناچاری توشی شەڕ دەبن لەگەڵ سوپای ئێراندا، بارزانیەکان شپرزە دەبن و بەسەختی ڕزگاریان دەبێ. ڕۆژنامەی ئاتەش بە تەشەر لێدان لەجەنەڕاڵ(ڕەزم ئارا) سەرۆك ئەرکانی سوپای ئێران لەلاپەڕەی یەکەم نوسیبووی: دەسکەوتی

[343] جەلال تۆفیق: س، پ، ل٤٨.

[344] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل١١٧-١١٨ .

[345] کاروان عوسمان: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س، پ، ل٩٣.

[346] بەختیار شەمەی: س، پ، ل١٢١.

ئەرتەشـی پادشـای ئێـران لەبارزانیـەکان ئـەو تەختەیـە بـوو بـارزانی لەسەری دەخەوت، ڕەزم ئارا نـەیتوانی لەبەرامبـەر وتـەی ڕۆژنامەکانـدا خۆی ڕاگرێ و لەکاتی گفتوگۆیدا لەگەڵ چەند ڕۆژنامەنووسێك وتبـووی: ئەوانـەی لەپشـت مێـزەوە دادەنیشـن و چـا دەخـۆن نـازانن بـارزانی چ جانەوەرێکە، هەتا ئەمڕۆ لەتەمەنی ئەرتەشی ئێراندا ئێمە قەت تووشـی جـەنگاوەری بـەمجۆرە دلێـر نـەبووین[٣٤٧]. هەرلـەو بارەیـەوە ڕەزمئـارا درێژەی پێدەدات و دەڵێت: بارزانیەکان چونکە بە بـەردەوامی لەچـیا و دۆڵ و دارستانەکاندا شەڕ دەکەن، بەجۆرێك کارامەییان لەشـەڕدا هەیـە هیچ سوپایەك بە ڕادەی ئەوان شەڕکەر نیە، بە نەترسی ئازایانە هێـرش دەبــەن و بەڕادەیــەك لەشــەڕدا خــۆڕاگرن لەمــەودای ســی مــەتر لــە زرێپۆشەکان دەدەن و زۆر جار زرێپـۆش بەسـەریاندا دەڕۆیشـت. ئێمـە ڕووبەڕووی کەسانێك بووینەوتەوە بەرەو پیری مەرگەوە دەچن[٣٤٨].

بەهۆی پەڕینەوەی بارزانیەکان لەئاوی ئاراس و چونیان بـۆ نێـو خـاکی یەکێتی سۆڤێت، پیرەمێرد قەسیدەیەکی نوسیوە و هەسـتی خـۆی بـەم شێوەدەربڕیوە:

عەشرەت هاوارە، عەشرەت هاوارە

کـەوتـومـە ئـاراس ئـاو بـێـبـوارە

ڕێـم نیە منیش شـوێن ئاوانـکەوم

[٣٤٧] کاروان عوسمان: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س، پ، ل٨٥–٨٦.

[٣٤٨] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل٨٧ .

پـیـرم هەنـاوێـك بـنێـم ئـەکـەوم

لـێرەش واکەوتم بەدەم دەردەوە

لـەئـێشـی دوری ئـاهی سەردەوە

دکتۆر دەوای تۆم ناویٚ لێم گەڕیٚ

بەڵکەم بەئاهم دەوران وەرگەڕی

ئینجا تەڵقینم بدەن بە کوردی

بـڵێن ئاواتت هـاتەجـیٚ و مردی[349].

[349] محەمـــەد ڕەســـوڵ هـــاوار: دیـــوانی پێرەمێردنەمر،چـــاپی دووەم ،چـــاپخانەی شڤان،١٩٩٩.

## تەوەرەی دووەم :

## چارەنووسی بارزانیەکان لەیەکێتي سۆڤێت:

**چارەنووسی بارزانیەکان لەیەکێتي سۆڤێت:**

پاش پەڕینەوە لەڕووباری ئاراس و چوونە نێو خاکی سۆڤێت، بارزانی برایە شوێنێك لەشاری نەخچەوان لەکۆماری ئەرمەنستاندا، هێزەکەی لەئوردوگایەکی سەرئاواڵەی ساکەدەشت دانران کە بەتەلی دڕکاوی دەوردرابوو، سەرباز پاسەوانی لێدەکرد و نەیاندەهێشت لەسنوری ئۆردوگا دوربکەونەوە، ڕۆژانە نیو کیلۆ نان و شۆربایان دەدانێ، وەکو دیلی شەڕ لەگەڵیان دەجولانەوە، یەك یەك بەوردی لێیان دەکۆڵینەوە. بارزانیەکانی نێو ئەو ئۆردوگایە ئاگایان لەهەواڵی بارزانی نەبوو، بارزانیەکان چل ڕۆژ لەنێو ئەو ئۆردوگایە مانەوە[350].

لەتەموزی ١٩٤٧دا ئەفسەرێکی ڕووس هاتە ئۆردوگاکە، میرحاجی لەگەڵ خۆیدا برد بۆلای بارزانی، لە١٩٤٧/٧/١٢دا هەندێك لەلێپرسراوانی سۆڤێت بە یاوەری بارزانی، سەردانی ئۆردوگاکەی هاڤالأنیان کرد و چاوی پێیان کەوت، لەئەنجامی سەردانەکەدا تێلبەندەکەیان لابرد و خواردنی بۆیان باش کرد[351]. پاشان گوێزرانەوە بۆ کۆماری ئازەربایجان و بەسەر ناوچەکانی(ئاغدام، لاچین، ئایولاخ)دا دابەشکران. لە١٩٤٧/١٢/١٠دا تەواوی بارزانیەکان هێنرانە باکۆ و لەئۆردوگایەك نیشتەجێ کران، ئەو ئۆردگایە زۆر پۆشتەو پەرداخ و ڕێکخراو

---

[350] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد سالی (١٩٣١–١٩٥٨) ، س، پ، ل١٩٦.

[351] سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: س، پ، ل٦٨

بـوو[٣٥٢].بارزانیـەکان برسـی بـوون و پرزەیـان لـێ بڕابـوو، چـاوەڕوانی پێشوازی و میوانداری وڵاتـی خانـەخوێ بـوون، ماوەیـەك لەمۆڵگـەکانی ئازەربایجـان بـوون، هــەتا پاشـان بەرپرسـانی ئازەربایجـانی سـۆڤێت پەسەندیانکرد خولێکی مەشقکاری ببینن بۆ ئەوەی ڕۆژێك هاتنەوە وەك هێزێکـی شـەڕوان، لەکوردسـتانی عێـراق بـەکاری بخـەن. بارزانیـەکان ماوەی هەژدە مانگ لەباکۆ بەفێربوونی سوپاییەوە بەسەر برد، پاشـان لەگەڵ بیست ئەفسەری ئازەربایجان کە هەموویان بریتی بوون لەمەشـق پێـدەرەکانیان ناردیـانن بۆشاری(چەرچـیك)، لەدەوروبـەری تاشـکەندی پایتەختی ئۆزبەکستان و حەوت مانگی تریان لـەخولی مەشـقکاریدا لـەو شـارەدا بەسـەربرد، مسـتەفا بارزانیـان لەهاوەڵـەکانی جیـاکردەوە و بۆماوەی سێ ساڵ دوورخستەوە بۆ قەرەقالپاق نزیك زەریاچـەی ئـارال لەکۆماری ئۆزبەکستان[٣٥٣] . لە١٩٤٨/١/١٩ لەشاری باکۆ کۆنفرانسـێکی گشـتی بـە بەشـداری بارزانیـەکان و ژمارەیـەك کـوردی ڕۆژهـەڵاتی کوردستان بەسترا، تیایدا بارزانی لـەم کۆبوونـەوە گەورەیـەدا وتـارێکی خوێندەوە و باری کورد و شۆڕشەکانی کـوردی لەکوردسـتان یـەك یـەك ڕونکـردەوە، باسـی لــە سیاسـەتی وڵاتــانی دەسـەڵاتدار بەسـەر کوردستانەوە کرد، لەم کۆبونەوەیەدا بڕیار درا ڕادیۆی باکۆ بەرنامەیەکی

---

[٣٥٢] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگـاری کـورد سـالی (١٩٣١–١٩٥٨) ، س، پ، ل١٩٦.

[٣٥٣] مورتەزا زەربەخت: س، پ، ل٣٧٨ .

ڕۆژانــە بــەزمانی کــوردی تــەرخان بکــریێ و ڕۆژنامەیــەکی کــوردیش بلاّوبکرێتــەوە[٣٥٤]. بــارزانی ئامــادە نــەبوو لەبەرامبــەر دالّــدەدان و مانـــــەوەیان لـــــەخاکی ســـــۆڤێت دا، ملکەچـــــی فرمانـــــەکانی کاربەدەســتانی(باکۆ، مۆســکۆ)بن، ئــەوان ڕازی نــەبوون وەك کارتێــك بۆبەرژەوەندی خۆیان بەکاریان بهێنن، لەڕاپۆرتێکی وەزیری ناوخۆ(س. کرۆگلۆف)دا دەردەکەوێت لە(١٩٤٨/٢/١٠) نوسیویەتی بۆ ستالین تیـادا هاتوو: مستەفا بارزانی هاتنەکەی بۆ سۆڤێت بەشتێکی کاتی دەزانـێ و هیچ بەرپرسیارییەك بەئەستۆ ناگرێت.زۆری پێنەچوو پەیوەنـدی نێـوان بارزانی و باقرۆف تێکچوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو لەلایەك باقرۆف دژی کورد و خواستەکانی بوو، لەلایەکی تـرەوە بـارزانی نەیدەویسـت ببێتـە داردەسـتی بـاقرۆف[٣٥٥].(بـاقرۆف) دەیـەوێت تـرس لەبـەربارزانی بـنێ بـەبارزانی دەڵێـت: ئـەزانی حکومـەتی سـۆڤێت ئـاگرە بۆخـۆت خراپـە، بارزانیش لەوەلاّمدا پێی دەڵێ: بەرگری لەکورد ئەکەم هەتا ئەگـەر ئـەو ئـاگرە بم سـوتێنێ[٣٥٦]. (بـاقرۆف) درێـژەی بەدوژمنایـەتی دا لەگـەڵ بارزانی، بەلاّم نەیتوانی وەك پیشـەوەری لـەناوی بـەرێت. ئەنجوومـەنی وەزیرانــی یــەکێتی ســۆڤێت لــە١٩٤٨/٨/٢٩ بارزانیــەکانی لــەباکۆوە گواستەوە بۆ ئۆزبەکسـتان و لـەئوردوگای پێشـووی وەزارەتـی دەرەوە

[٣٥٤] کاروان عوسمان: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س، پ، ل٩٨.

[٣٥٥] کاروان عوسمان: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، هـ، س، پ، ل٩٩.

[٣٥٦] سەفەر یوسف میرخان: ماڵپەڕی هکار نت، هەولێر، ٢٠٢١/٢/٢١ .

لەئێستگەی کۆنسۆمۆڵی سەرووی هێڵی شەمەنەفەری تاشکەند نیشتەجێی کردن و دەرەتانی ژیان و پەروەردەی سەربازی بۆ پێکهێنان. مامۆستایەکی تایبەتیان بۆ بارزانی دانا فێری زمانی بکات، بارزانی لای ئەو مامۆستایە فێری قسەکردن بەڕووسی بوو، تا ڕادەیەکیش توانی ڕووسی بنوسێت. بارزانی بۆبەڕێوەبردنی ئامانجەکانی، ڕۆژی ١٩٤٨/٩/٢٤ چاوی بە (نیازۆف و یوسف ئۆف) سەرۆك وەزیرانی کۆماری ئۆزبەکستان کەوت و ناڕەزایی خۆی سەبارەت بەچۆنیەتی باری ژیانی هەڤالانی دەربڕی. هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی باری ژیانیان و بەرنامەکانیان داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ ستالین کرد، (یوسۆف ئۆف) بەڵێنی پیێ دا پشتگیری بکات، بەلاّم باقرۆڤ لەوێش دەستی لیێ هەڵنەگرت و توانی لەگەڵ(لاورنتی بێریا) کۆمیسێری کاروباری ناوخۆی سۆڤێت لە ئازەربایجان، مۆسکۆ ڕازی بکەن بەبلاّوکردنەوەی زیاتری بارزانیەکان و جیاکردنەوەو دورخستنەوەی بارزانی لەهەڤالانی[٣٥٧].

لە١٩٤٩/٣/١٣ جەنەراڵێکی سۆڤێتی گەیشتە تاشکەند، بەبارزانی گوت بەفرۆکە لەگەڵ خۆی دەیبا بۆ چاوپێکەوتنی ستالین و پێشەوایانی سۆڤێت، داوای لێکرد دوو کەس هەڵبژێریێ بۆ ئەوەی لەگەڵیدابن، ئەویش(سەعید مەلا عەبدولاّ و زیاب دڕی) دیاری کرد، ئێوارەی ئەو ڕۆژە چوونە فرۆکەخانە و هەموو لایەك خۆشی و شادی دایگرتبوون، بەلاّم

[٣٥٧] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل١٨١ .

شادی و کەیفەیان زۆری نەخایاند گۆڕا بەداخ و خەفەتێکی گەورە، چونکە فرۆکە بارزانی و هاوڕێکانی نەبرد بۆ مۆسکۆ بردیە شارۆچکەی چەمچای لەڕۆخی دەریاچەی ئۆراڵ، کەئەمەش بە واتای دوخرانەوە و دەست بەسەرییە، ڕۆژی دواتر داوا لەشێخ سلێمان، عەلی محەمەد سدیق، سلێمان بەگ دەرگەڵەی، محەمەد نەجیب، عەبدولڕەحمان مفتی کرا ئامادەبن دەبرێن بۆ لای بارزانی کەچی گۆیزرانەوە بۆ سەمەرقەند، کاربەدەستان چەند جارێك کارەیان دووبارە کردەوە و بەهەموولایەکی خاکی سۆڤێتدا بڵاوەیان کردنەوە.

ئەم ململانێیە تا ساڵی ١٩٥١ درێژەی هەبوو، هەموو بەبێ جیاوازی داوایان دەکرد بارزانیمان دەوێ، لەولاشەوە بارزانی لەهاوڕێکانی زیاتر پەژارەی ئەوانی هەبوو. لە١٩٤٩/١١/٤ بارزانی ئەم شیعرە فارسیەی نوسیوە:

اگر خواب میدیدم غم روز جدائیرا

بدل هرگز نمیکردم خیال اشنائیرا

واتا ئەگەر بەخەونیش خەمەکانی ڕۆژی جیابوونەوەم بدیبایێ، بەخەیاڵیش بیرم لەناسین و ئاشناییێتی نەدەکردەوە[٣٥٨].

پاش مردنی ستالین، بارزانی و نزیکەکانی ژیانیان ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دەبێتەوە. بەگوێرەی دەنگە تۆمار کراوەکەی بارزانی کەبەزمانی

[٣٥٨] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد ساڵی(١٩٣١–١٩٥٨) ، س، پ، ل٢٠٠–٢٠١.

ڕووسی قسەدەکات، بارزانی دەڵێت: چوم بۆ لای دەرگای سپاسکی کە یەکێکە لەدەرگا سەرەکیەکانی چوونە ژورەوە بۆ(کرەملین) دەستم بەلێدانی کرد، ئەفسەرێکی ڕێکی بالآبەرزی چاو ڕەساسی بەڕاکردن گەیشتە لام، پرسیاری لێکردم بۆ لەدەرگا دەدەیت؟ منیش وەلأمم دایەوە: ئەوە بارزانی نیە لەدەرگای(کرەملین) دەدات، بەڵکو ئەوە شۆڕشی کوردە لەدەرگای کرەملین دەدات [(٣٥٩)].



**سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٠**

[٣٥٩] ئێڤگێنی ماکسیمۆڤیچ پریماکۆڤ: کورد لەبیرەوەریەکانی پریماکۆڤی مەزندا، و، سوارە شاکەلی، چ١، ٢٠٢١، ل١٤.

*بەپێی قسەکانی بارزانی بێت لەلایەن مالینۆڤزگ. م . پێشوازی لێدەکرێت، کەپاش مردنی ستالین لەجێگای ستالین بۆ ماوەی یازدە مانگ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کۆمارە یەکگرتوەکانی یەکێتی سۆڤییەتی بووە، لەنێو دەزگای هەواڵگیری گەیشتۆتە لیوا ڕووکن ئێڤگێنی ماکسیمۆڤیچ پریماکۆڤ: کورد لەبیرەوەریەکانی پریماکۆڤی مەزندا، و، سوارە شاکەلی .

هەر لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی دەنوسێت: پاش مردنی(ستالین) لە ساڵی ١٩٥٣ سەردەمێکی نوێ هاتەکایەوە کەکرانەوەی زیاتری پێوە دیار بوو، بارزانی ویستی سەفەرێکی موسکۆ بکات و چاوی بەکاربەدەستانی نوێ بکەوێت و، باسی کێشەی گەلەکەی لەگەڵیاندا بکات، بارزانی بەخۆی و ئەو شێوە سادە و ڕاست و ڕەوان و بێ پێچ و پەنایەی خۆی هەیەتی، گەیشتە مۆسکۆ یەکسەر ڕووی کردە کرەملین چووە پرسگە و خۆی پێ ناساندن و گووتی من مەلا مستەفای بارزانیم، هاتووم کێشەی گەلێکی زوڵم لێکراو بخەمە بەردەمی لینین و حزبەکەی، دوای چەند دانیشتنێکی لێکۆلینەوە دواجار برایە کرەملین تا چاوی بە فەرماندەکانی حزب و دەوڵەت بکەوێ.

دوای ئەوەی بارزانی گەیشتە موسکۆ توانی سەرنجی پێشەوایانی حزب و پیاوانی دەوڵەت ڕاکێشێتە سەر کێشەی کورد، پەیوەندیەکی گەرم و دۆستانەی لەگەڵ لێپسراوانی سۆڤێت بنیاد نا، ئەو دەست پێشخەریەی بارزانی بوو بەهۆی بەرزبونەوەی پایە و قەدری ئەوانەی گوێیان لێدەگرت، وایان بەباش زانی خانویەکی باش و ئۆتۆمبێلکیان بۆ دابینکرد و، وەك پێشەوای گەلێکی شیاو لەیەکێتی سۆڤێت مامەڵەی لەگەڵ دا کرا[٣٦٠]. نەبارزانی و ئەوانی دیکەش، کە لەگەڵیدا هاتبوونە ناو سنورەکانی سۆڤێتەوە بەهیچ شێوەیەك لەسوپای سۆڤێتدا خزمەتیان

---

[٣٦٠] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد سالی (١٩٣١-١٩٥٨) ، و، سەعید ناکام ، چ١ ، ١٩٩٨، ل٢٠٠-٢٠١.

نـەکردووە، ئـەو پڕوپاگەندانـەی بـاس لـەوە دەکـەن، کـەبارزانی پلـەی جەنـــەراڵی هـــەبووە لەســـوپای ســـۆڤێت دورە لەڕاســـتیەوە[٣٦١]. لەســەردەمی خرۆشـۆفدا بارزانیــەکان توانیــان بچـنە نــاو ئــەکادیمای عەسـکەریی و پـەیمانگا باڵاکـانی یـەکێتی سـۆڤێتەوە، توانیـان لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایـەتی تێکـەڵاوی پەیـدا بکـەن. لـەوێ هەنـدێکیان ژنـی ڕووسـیان هێنـا، زۆربـەی ژنـەکان لەکچـە موسـڵمانە تورکـەکان بـوون، ژمارەیـەکی کـەمیان کچـی مەسـیحیان هێنـا کـە پاشـان هەنـدێکیان موسڵمان بوون، لەم کارەدا سەرەتا ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی بارزانی بوونـەوە، بـەوەی پەلـەیان کـردووە لـەم کـارەدا پرسـیان بەگـەورەکان نەکردووە، بەڵام دواتر بەهۆی درێژە کێشانی ژیانی دوور لەنیشـتیمان و خێزانەکانیان، نیشتەجێ بوونیان لەگونـدەکان و پێویسـتیان بـەهاودەم بۆبەرگەگرتنی سەختیەکان، ژن هێنان لای بارزانیەکان ئاسایی بوویەوە و خودی بارزانی ژنێکـی ڕووسـی هێنـا[٣٦٢]. ئەوانـەی ژیـانی خێزانییـان پێکهێنا ژمارەیان زیاتر بـوو لـە(١٢٥) ئـافرەت، و (٢٢٥) منـداڵیان بـوو دواتر ئافرەتەکان لەگەڵ پیاوەکانیان گەڕانەوە کوردستان، ژیانێکی پـڕ لەچەرمەسەریان گوزەراند و چەندین جار بەشێوازی جۆراو جۆر لەلایەن حکومەتی ڕووس و عێراق ئازار دران[٣٦٣]. دوای ساڵانێك مانەوە مستەفا

---

[٣٦١] ئێڤگێنی ماکسیمۆڤیچ پریماکۆڤ: س، پ، ل١٤.

[٣٦٢] کاروان عوسمان: بارزانیەکان لەمەهابادەوە بۆ سۆڤییەت، س، پ، ل١٠٤.

[٣٦٣] عەدالەت عومەر سالح: س، پ، ل٢٠.

بارزانی ساڵی ١٩٥٦ز سەردانی كوردەكانی كۆماری ئەرمەنستانی كرد بۆماوەی هەفتەیەك مایەوە، بارزانی توانی پەیوەندیەكی پتەو دروست بكات لەگەڵ گەورەكانیان. مام جەلال تاڵەبانی لەكتێبی دوای شەست ساڵدا ئاماژەی بە دیدارێكی خۆی لەگەڵ بارزانی دەكات لەساڵی ١٩٥٧ لەمۆسكۆ دەكات و دەڵێت: دوای چەند ساڵ وێستگە منیان بردە كۆلانێك و دوای هەندێك گەیشتینە بەر ساختمانێك و بە ئاسانسۆر سەركەوتین و لەزەنگی دەرگاماندا. لەپڕ مستەفا بارزانی خۆی دەرگای كردووە، سمێڵی خۆی تاشیبوو، بەتوندی باوەشم پێدا كرد و لەخۆشیدا لەهۆش خۆم چووم، دەروێشێكی كەمالی تەواوی بارزانی بووم، منیان لەسەر قەنەفەیەك دانا و ئاویان بەسەر و ڕوومەتدا كرد تاهاتمەوە سەرخۆ. لەسۆفیەك دەچووم بەتاسەوە شێخەكەی دەبینێت[٣٦٤]. مام جەلال وەك یەكەم كوردی باشوری كوردستان بارزانی بینیوە دوای چوونی بۆ یەكێتی سۆڤێت، كە دەنگوباس و زانیاری دەربارەی دۆخی بارزانیەكان و پارتی و كوردستانی پێگەیاندوە.

بارزانی لەڤۆلۆشینەوە هەواڵی شۆڕشی١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ی لەعێراق پێگەیشت، لە١٩٥٨/١٠/٦ بارزانی گەڕایەوە عێراق، لەبەغدا وەك قارەمانی گەل لەفرۆكەخانەی موسەنا پێشوازییەكی جەماوەریی بێ وێنەی لێكرا[٣٦٥].

---

[٣٦٤] حامید گەوهەری: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، س، پ، ل٢٠٠-٢٠١ .

[٣٦٥] نەورەس ڕەشید: س، پ، ل٦٧.

## کۆتایی

لـەپاش تـاوتێکردنی چـەندین سەرچـاوە گەشـتمە ئـەم ئەنجامانـەی خوارەوە

١- ئەوەمان بۆدەرکـەوت دروسـت بـوونی کۆمـاری کوردسـتان، لەبـەر ئەنجامی بۆشایەکی سیاسی وکارگێڕی کەلەدوای جەنگی جیهانی دووەم هاتووبووە ئاراوە. کاتێك هێزەکانی سۆڤێت و سەربازەکانی ئینگلیز لـە باکور و باشوورەوە هێرشیان کردە سەر ئێـران، ئەمـەش کاریگەریـەکی گەورەی کردە سەر کوردەکان و هەستی نەتەوەیی وراژاندن و، یەکەمین کۆمەڵەی ناسیۆنالیستی کوردی بـەناوی کۆمەڵـەی(ژی. کـاف) دروسـت بوو .

٢-ماڵباتی بارزانیەکان ماڵباتێکی خـەباتکارن، پێشـینەیەکی مێـژوویان هەیە لەخەبات و تێکۆشان، لەباشوری کوردستان پاش شکستی شۆڕشی بارزان لەسـاڵی(١٩٤٣-١٩٤٥) لـەژێر فشـاری زۆری حکومـەتی عێـراق و ئینگلیز ڕوویان کردە خۆرهەڵاتی کوردستان، دەبـن بەیـەکێك لەکۆڵەکـە بەهێزەکانی کۆماری کوردستان .

٣- ڕۆڵی(مستەفا بارزانی)شمان بۆ دەرکـەوت کـە دەورێکـی سیاسـی و سەربازی باش و کارییگـەری بینیـوە، کەپلـەی جەنـەراڵی وەرگرتـووە، خەباتی بەردەوامی بـارزانی بـووە هۆکـاری مانـەوە و خـۆڕاگری کـورد، هێزی چەکداری بارزانیـەکان ببـوون بـە بڕبـڕەی پشـتی هێـزی کۆمـاری کوردستان.

٤- گرنگی کۆماری کوردستانمان بۆدەرکەوت کە لەماوەیەکی کەمتر لە ساڵێك توانیویەتی گەلێك خزمەت بکات لەبوارەکانی سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیری و سەقام گیرکردنی ئاسایشی وڵات .

٥- (قازی محەمەد) لەپێناوی ئەوەی خوێنی بێتاوانی مرۆڤی کورد نەڕێژی، خۆی کردە قوربانی لەپێناو میللەتەکەی، تەسلیم بەئەرتەشی ئێران بوو. لەکاتێکدا وەك میناخانی خێزانی باسی کردوە دەوڵەتی شورەیی ئامادەییان هەبوو هەتا گسکیماڵیشیان بۆ هەڵبگرن، بەریتانیاش لەڕێگەی کۆنسوڵی ئینگلیز لەتەبرێز داوای کردبوو قازی بێتە عێراق لەڕێگەی عێراقەوە بچێتە بەریتانیا، ئەمریکایش چاویان بەقازی کەوتبوو داوایان لێکردبوو ببێتە پەنابەر لەدەرەوە، بەلاّم ئەو هیچی قبوڵ نەکرد و مایەوە. بارزانی ڕێزێکی تایبەتی قازی دەگرت وەك یەکەم سەرۆك کۆمار، بارزانی زۆر هەوڵی دا قازی لەگەڵ خۆی ببات چونکە دڵنیا بوو شای ئێران بەڵێنەکانی خۆی ناباتە سەر و قازی لە سێدارە دەدات، قازی دەیگوت دەزانم ئەگەر من بمێنم ژیانم دەکەوێتە مەترسیەوە، بەلاّم من پابەندی شوێنی خۆمم و خەڵك بەجێناهێڵم .

٦- دڕندایەتی و وەحشیایەتی ڕژێمی شای ئێران و سیاسەتی نامرۆڤانەی یەکێتی سۆڤێت تمان بۆ دەرکەوت، کە چ تاوان و خیانەتێکی مێژوویان لەمیلەتی کورد کردووە، سام و ترسێکی قوڵ باڵی بەسەر خەڵکدا کێشا بوو کەس بەتەمای سبەی نەبوو، لەئەنجامی هێڕشی ئێراندا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی کورد دەکوژرێت و پازدە سەرکردەی

کۆمـــاریش دوای دادگایـــەکی ڕووکەشـــانە لـــە٣١ ئـــازاری ١٩٤٧ز دا لـەگۆڕەپانی چوارچـرا لەشـاری مـەهاباد لەسـێدارە دەدرێـن لەنێویانـدا قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی بوون .

٧-ساتەوەختی دروست بـوونی کۆمـاری کوردسـتان لەگـەڵ سیاسـەتی هەرێمی و وڵاتانی زلهێزی جیهـان، بەرژوەنـدیان نـەدەگونجا بەتایبـەتی وڵاتانی بریتانیا و ئەمریکا .

٨- بارزانیەکان کەهێزەکانیان چەکدار و ئامـادەبوون بـەدەقی خۆیـان مابونەوە، بارودۆخیان تادەهات دژوارتر دەبوو، پاش ڕوخانـدنی کۆمـار لەهەندێك جێگەی کوردستان ئەرتشی ئێران دەسـتی دایـە تـاڵانکردن و کـاولکردنی ناوچـەکە، تاکـە پاڵپشـت بـۆ نەتـەوەی کـورد لەوکاتـەدا بارزانیەکان بوون، کە گۆڕەپانەکەیان بەجێ نەهێشت لەژێر فەرماندەیی (مستەفا بارزانی) .

## لیستی سەرچاوەکان

١–ئاوارە حسین: کورد ودەوڵەت ،چ١، سلێمانی ،٢٠١٠ .

٢–ئەفراسیاو هەورامی: رۆژهەلاتی کوردستان لەسەردەمی دووەم جەنگی جیهانیدا ،چ١، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣– ئەفراسیاو هەورامی: ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی سۆڤێتدا(١٩٤٥–١٩٤٧) ،چ١ ،سلێمانی ، ٢٠٠٧.

٤–ئەفراسیاو هەورامی: پەیوەندیەکانی کوردستان وئازەربایجان وهەرەسهێنانی هەردوولا لەساڵی ١٩٤٦، چ١، سلێمانی ،٢٠٠٨ .

٥–د.ئەفراسیاو هەورامی: (مستەفا بارزانی) لەهەندێ بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتی سۆڤێتدا لەساڵی١٩٤٥–١٩٥٨ز، چ١، هەولێر،٢٠٠٢ .

٦-ئارچی ڕزفلت: کۆماری (مەهاباد) ،و ئەبوبەکر خۆشناو ،چ١ ،سلیمانی ، ١٩٩٨ .

٧-ئەبولحەسەن تەفرشیان: بارزانی خۆی بەدەستی کەسەوە نادات، و، شەوکەت شێخ یەزدین، چ٢، ٢٠٠١ .

٨– ئیسماعیل ئەردەلان: بارزان و نهێنیەکانی ،و مەعروف قەرەداخی، بەغداد، ١٩٨٥.

٩– ئێڤگێنی ماکسیمۆڤیچ پریماکۆڤ: کورد لەبیرەوەریەکانی پریماکۆڤی مەزندا، و، سوارە شاکەلی، چ١، ٢٠٢١.

١٠–بەکر عەبدلکەریم حـەوێزی: گەشـتێك بـەکۆماری (مـەهاباد)، چ١، هەولێر.

١١– بەختیار شەمەی: چـەند لاپـەڕیـەك لەخـەباتی سـەربازە ونبووەکـانی کۆماری(مەهاباد)، چ١، هۆڵند، ١٩٩٦.

١٢- پ. دێمچـێنکۆ: کوردسـتانی عێـراق لـەنێو ئـاگردا، و، سـوارە شاکەلی، چ٢، ٢٠٢١.

١٣–جەلیل گادانی: پەنجاسـاڵ خـەبات، چ٢، بـەرگی یەکـەم، چـاپخانەی خانی، دهۆك ، ٢٠٠٨.

١٤-جـەلیل گـادانی: بـەرگیری کـردن لەمێـژووی نەتەوەیـەك بـۆ ئـەوەی ڕاستیەکان نەشێوین، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، کوردستان.

١٥- حامید گەوهەری: کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان، چ١، هـەولێر، ٢٠٠٤.

١٦-حامیـد گەوهـەری: مسـتەفا بـارزانی پێشـمەرگە و سـەرۆك، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلأت –هەولێر، ٢٠١٧ .

١٧– حەمید رەزا جەلائی پور: قازی محەمەد وکوردسـتان لەسـاڵەکانی (١٩٤٦–١٩٤١)، و.ئەحمەد ابراهیم وەرتی ،چ٢ ، هەولێر ، ٢٠٠٦.

١٨–حەمە کەریم عارف: کورد لەئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا ،چ١، سلێمانی ،٢٠٠٧.

١٩-حەسـەنی دانیشـفەر: بـارزانی لەویـژدانی ڕۆژهـەلأتی کوردسـتاندا، بەرگی یەکەم، چ١، ٢٠٠٣.

٢٠- حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، و حامید گەوهەری، چ١، چاپخانەی منارە، سلێمانی،٢٠٠٧.
٢١- حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، و سامان عەبدولا ، چ١،چاپخانەی گەنج، سلێمانی،٢٠٠٩.
٢٢- مەلا خالیدی فەیزی: کورتەیەك لەمێژووی کورد لەسەرەتاوە تائیستا ، چ١، سلێمانی ،٢٠٠٠.
٢٣- دانا ئادامز شمیدت: سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکان لەکوردستان ، و. ابو بکر صالح اسماعیل ، چ١ ،چاپخانەی دهوك، ٢٠٠٨.
٢٤- دیڤید مەکدوال: مێژووی هاوچەرخی کورد، و ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، ٢٠٠٥.
٢٥- رەحیم سابیر: حکومەتی میلی کوردستان ، چ١، سلێمانی ،٢٠١١.
٢٦- ڕەحمان نەقشی: کۆمەڵێك بابەت و نوسراو بەبۆنەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ٢٠١٨ .
٢٧- ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی: ئاڵای کۆماری کوردستان لەمەهاباد، چ١، کوردستان، ٢٠١٨.
٢٨- زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: بیرەوەریەکانم لەساڵانی ١٩٤٣- ١٩٧٧دا، سلێمانی ٢٠٠٢.
٢٩- ساڵح قەفتان: سێ لێکۆڵینەوەی مێژووی ،چ١ ،کوردستان ،سلێمانی ، ٢٠٠٩ .

٣٠- سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، بەرگی یەکەم، چ١، هەولێر، ٢٠١٢.

٣١- سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هوشیار محەمەد خۆشناو: ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، بەرگی دووەم، چ١، هەولێر، ٢٠١٢.

٣٢- سەلاح ڕەشید: مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، چ٤، ٢٠١٩.

٣٣- س، ن،لازریف: مێژووی کوردستان، و، وشیار عەبدوڵا سەنگاوی ، چ١، هەولێر ،٢٠٠٨ .

٣٤- سوزان مایسێلاس: کوردستان لەسێبەری مێژوودا، و،چۆمان هەردی، چ٢، ٢٠٠٧ .

٣٥- د.سەلاحەدین راست گەلدی: شەڕە لەبیرکراوەکە ڕاپۆرتێك لە کوردستانەوە، وکاوە ئەمین ، چ١ ، هەولێر ،٢٠٠٣.

٣٦- سەعید مەموزینی: بارزانی نەمر ئاشتی خوازی سەدەی بیستەم، چ١ ، هەولێر ٢٠٠٨.

٣٧- شەعبان عەلی شەعبان: هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی، چ٢، ٢٠١٢.

٣٨- عەزیز شەمزینی: جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان، و،فەرید ئەسەسەرد، چ٤، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣٩-عباس غـەزالی میرخـان: لە(مـەهاباد)ەوە تاگـادار ، چ١ ، هـەولێر ، ٢٠٠٠.

٤٠- عـەلی ئەسـغەر ئیحسـانی: بـارزانی پاشەکشـێ بارزانیـەکان لـە بیرەوەریـەکانی ئیحسـاندا، و، ئەبوبـەکر صـالّح ئیسـماعیل: چ١، دهۆك ، ٢٠٠٨.

٤١- عەلی ئەکبەر مەجیدی: نهێنیەکانی دادگایکردنی قـازی محەمـەد، چ١ ، سلێمانی ،٢٠٠٨ .

٤٢- عومەر باڵەکی: (مەهاباد)وو کورتە مێژوویەك، چ١ ، ٢٠٠٢ .

٤٣-عەدالـەت عومـەر سـالح: بارزانیـەکان لەڕاگواسـتنەوە تاجینۆسـاید بەپێی بەڵگەنامـە نامـە فـەرمی و مێژوویـەکان، چ١، کوردسـتان- چەمچەماڵ، ٢٠١٦.

٤٤-دوکتـۆر عەبـدلڕەحمان قـاسملوو: کوردسـتان ئـازار و کۆڵنـەدان، و، ئیرەج عیبادی، چ١، ٢٠١٤.

٤٥-  عبدلرەحمان قاسملۆ: کوردستان وکورد، و، عەبدولاّ حەسەن زادە، چ١ ، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ،٢٠٠٧.

٤٦-عومەر شەریف کـەریم: بـارزانی نـەمر لەڕوانگـەی گـەورە پیاوانـەوە، چ١، کەلار،٢٠٠٩.

٤٧-عەلی کەندی: مێژوونامە، بـەرگی یەکـەم، چ١ ،باشـوری کوردسـتان ، هەولێر ،٢٠٠٧ .

٤٨-عەتاقـەرەداخی: گوتـاری ناسـیۆنالیزمی کـوردی ، بـەرگی یەکـەم ، سلێمانی ،٢٠٠٧،چ١.

٤٩- عەتا قەرەداغی وکۆمەلق نوسەر: بەرگریکردن لەمێـژووی نەتەوەیـەك بۆئەوەی راستیەکان نەشێوێت، چ١ ، سلێمانی،٢٠١٠.

٥٠- د.فەوزیە سابیر: گونگرەی یا دەوەری سەدساڵەی بارزانی نە مـر بـە شی یەکە م ،چ١ ،هە ولێر ،٢٠٠٣.

٥١- د. فەریدوون نوری: بزاڤی بارزانی ، چ١، هەولێر، ٢٠٠٧ .

٥٢- قوام سەڵتەنە: موحاکەمەکردنی پێشەوا قازی محەمەد لەیادشتەکانی قوام وسەڵتەنە دا ، و،موکری ،چ٤ ،هەولێر ،٢٠٠٧.

٥٣- کـــەیوان ئازادئـــەنۆر: کـــورد لەچـــەند تۆمـــارێکی مێژوویـــدا، چ١، سلێمانی،٢٠١٠.

٥٤- کـەیوان ئـازاد ئـەنۆر: چـەردەیەك لەمێـژووی کورد،چـاپی یەکـەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٥٥- د. کـەیوان ئـازاد ئـەنۆر: حەمەڕەشـید خـانی بانـە، چ٢، سـلێمانی، ٢٠١٤.

٥٦- کەریم زەند: سورێ ژیان، چ١، سلیمانی، ٢٠٠٣ .

٥٧- کاروان محەمەد مەجیـد: بارزانیـەکان لە(مـەهاباد)ەوە بـۆ سـۆڤێت ، چ١ ،سلێمانی ،٢٠١١.

٥٨- کاروان عوسمان: لەبۆتەی کۆماری مەهاباد، چ١، سلێمانی .

٥٩- کـرێس کۆچـێرا: کـورد لەسـەدەی نـۆزدە و بیسـتەمدا، و: حەکـەریم غاریف ،چ٦ ،هەولێر، ٢٠١١.

٦٠- کەمال مەزهـەر ئەحمـەد: کوردوکوردسـتان لەبەڵگەنامـە نهینیـەکانی بریتانیا، چ٢، چاپبخانەی گرین گلۆری لوبنان .

٦١–کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد: خـەباتی ڕزگـاری خـوازی کـورد و ئـەزەر لەئێران ، چ١ ،هەولێر ، ٢٠٠٤.
٦٢–مـیر بەسـری: نـاودارانی کـورد: و، عبـدالخالق عـە لائـەدین ، چ١ ،سلێمانی ، ٢٠٠٢.
٦٣–مەعروف چیاوگ: کارەساتی بارزانی زوڵم لێکراو ، و، ئبوبەکر صـاڵح ئیسمایل ،چ١، دهۆك ،٢٠٠٨.
٦٤–محەمەد بهاالدین ملا صاحب: قازی محەمەد و کۆماری مـەهاباد، چ١، سلێمانی، ١٩٧١.
٦٥– مەسعود بارزانی: بۆ مێژوو، چ١، هەولێر، ٢٠٢٠.
٦٦– مەسـعود بـارزانی: بـارزانی بزوتنـەوەی ڕزگـاری کـورد سـالی (١٩٣١–١٩٥٨) ، و، سەعید ناکام ، چ١ ، ١٩٩٨.
٦٧-مەحمودمـەلا عیـزەت: کۆمـاری میلـی کوردسـتان، چ١، چـاپخانەی براهیم عەزۆ، ١٩٨٤.
٦٨-مـەحمود مـەلا عیـزەت: جەمهوریـەتی کوردسـتان، چ١، سـلێمانی، ٢٠٠١.
٦٩-مورتەزا زەربەخت: لەکوردستانی عێراقەوە ... هەتا ئەوبەری چۆمی ئاراس، و/شەوکەوت شێخ یەزدین، چ١، ٢٠٠١.
٧٠–محەمـــەد ڕەسـولّ هــاوار: دیــوانی پێرەمێردنەمر،چـاپی دووەم ،چاپخانەی شڤان،١٩٩٩.
٧١–محەمەد رەزا سەیفی قازی: نهێنیەکانی دادگایکردی قـازی محەمـەد، و، عەلی ئەکبەر مەجیدی، چ١، سلێمانی ،٢٠٠٨.

٧٢-نەجاتی عەبدوولاّ: راپەرینەکانی بارزان لەبەڵگەنامە نهێنیە هەردوو حکومتی فەرەنسا و بریتانیا لە(١٩٣١-١٩٤٩)، بەرگی یەکەم ، چ١ ، هەولێر،٢٠٠٣.

٧٣- نەجەف قولی پسیان: بارزانی لە(مەهاباد)ەوە بۆئاراس ، و شەوکەت شێخ یەزدین ،چ٢ ،هەولێر ، ٢٠٠١.

٧٤- نەجەف قولی پسیان: لەمەهەبادی خوێناوییەوە ... هەتا لێوارەکانی ئاراس، و، شەوکەوت شێخ یەزدین، چ١، ١٩٩٦.

٧٥-نەورەس ڕەشید: پارتی و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، چ١، هەولێر، ٢٠٢٠.

٧٦-نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتەری ئەشکێنن، چ١، ١٩٩٧ .

٧٧- نەوشێروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان کورد لەگەمەی سۆڤێتدا ،چ٣ ، سلێمانی ٢٠٠٦ .

٧٨- وەدیع جویدە: جولاّنەوەی نەتەوەی کورد و بنەماو پەرەسەندنی ، و یاسین سەردەشتی ،چ١ ،چاپخانەی سایە ،سلێمانی،٢٠٠٨.

٧٩- هاشم سەلیمی: پێشەوای ڕابوون، بیرەوەریەکانیی سەعید هومایون، و، رەسولّ سولّتانی ، چ١، هەولێر ، ٢٠٠٧ .

٨٠- هەوار عومەر فەقیّ ئەمین: ڕۆڵی کۆمار لەپێشخستنی ئەدەب دا، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٨١- هێمن موکریانی: دیوانی هێمن، چ١، ٢٠٠٣.

٨٢–هیوا عوسمان بەڵغی و هاوبیر فەلاح: بنچینەکانی کاری پارتایەتی و مێژووی پارتی سیاسی لە کوردستانی عێراق، چ١، هەولێر، ٢٠٢١.
٨٣– یەکیتی ئافرەتانی کوردستان لقی کەرکوك: لەیادی لەدایکبونی بارزانی نەمر، کفری ،٢٠١٠.

کەناڵە ئاسمانیەکان و ماڵپەڕ و سایتەکان

٨٤– کوردستان تیڤی: کەناڵی ئاسمانی، لەیادی شەست و شەش ساڵەی کۆماری کوردستان،هەولێر،کتژمێر،١١:٤٠دەقە ،١٩–٢–٢٠١٢.
٨٥– کوردستان تیڤی. کەناڵی ئاسمانی ،کوردستان لەسەرچاوەکانی مێژوودا ٬کاتژمیر ١٢:٤٥دەقیقە ،١٩–٢/٢٠١٢.
٨٦– گەلی کوردستان، کەناڵی ئاسمانی، بەرنامەی تایبەت ،عەلی قازی ،٢٢–١/٢٠٠٩کاتژمێر ٤:٣٠
٨٧– کەناڵی سپێدە، کەناڵی ئاسمانی ، بەرنامەی تایبەت ،کاتژمێر ٧:٠٠شە و ،١٩–١ /٢٠١٢ .
٨٨– مامۆستا مەلا عەبدوڵای گەلاڵە: دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ١٩٤٨ز– سلێمانی ، ویکیپیدیا .
٨٩–لاپەڕەی تایبەت بەپێشەوا قازی محەمەد لەماڵپەڕی PDKI .
٩٠– سەفەر یوسف میرخان: ماڵپەڕی هکار نت، هەولێر، ٢٠٢١/٢/٢١ .

سەرچاوەکانی زمانی ئینگلیزی

٩١-www.famouswhy .com
٩٢-www.ekurd .net
٩٣-www .efrin .net

محازەرەکان

٩٤–کـەیوان ئـازاد ئـەنۆر، مێـژووی کـورد، محـازەرەی تایبـەت بـۆ ڕێکحراوی n g o، ٢٠٠٨

لیستی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

٩٥–ئا لیژنەی ڕاگەیاندنی فستیڤاڵی کۆمـار کوردستان،پێشـەوا– ژیـان و خـەبات ودامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان، چـاپی یەکـەم، هەولێر،٤–٥/٤–٢٠٠٧ .

٩٦–عومەرعبدالعزیز: دەروازەیەك بەرووی خوێندنەوەیەکی نویٚ(ژ. کاف) و پێشەوا قازی محەمەدی شەهید وکۆماری کوردستاندا،بانگی هـەق، ژ، ١٨، سلیمانی ،٢٠٠٥.

٩٧-کـەماڵ قـادر: کارتێکـەریی هێزەکـانی هاوپـەیمان لەدروسـت بـوونی کۆمـاری کوردسـتاندا، سـلێمانی، لـەژمارە ٧١٩ی ڕۆژنامـەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، ٢٠١٨ .

٩٨–سەید کەماڵ ئیبراهیمی: مێژووی کورد، و،ئـبراهیم یونسـی ،گۆڤـاری مێژوو، ژ (٥) هەولێر، ٢٠٠٨ .